لەیلی و مەجنوون

خانای قوبادی

ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوەی
کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین)

پێداچوونەوەی
عەبدوڵڵا حەبیبی نۆتشەیی

٢٠١٧

لەیلێ و مەجنوون

خانای قوبادی

ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوەی

کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین)

پێداچوونەوەی

عەبدوڵڵا حەبیبی نۆتشەیی

٢٠١٧

سرشناسه	:	عثمان خیاط، کاروان، ۱۹۸۶ - م.
عنوان و نام پدیدآور	:	لەیلی و مەجنوون/ ساغکردنەوە و لیکولینەوەی کاروان عوسمان خەیات (ریبین)؛ پیداچوونەوەی عبدالله حبیبی نوتشەای
مشخصات نشر	:	سنندج: شوان، کانی کتیب، ۱۳۹۵.
مشخصات ظاهری	:	٤١٠ ص.
شابک	:	۹۷۸-٦۰۰-۹٦۷۱۰-۰-۷
وضعیت فهرست نویسی	:	فیپا
یادداشت	:	کردی.
موضوع	:	خانای قبادی، قرن ۱۲ق -- نقد و تفسیر.
موضوع	:	شعر کردی -- قرن ۱۲ق. -- تاریخ و نقد.
شناسه افزوده	:	حبیبی نوتشەیی، عبدالله، ۱۳۵۲-، ویراستار.
رده بندی کنگره	:	PIR ۳۲٥٦ /آ۲۳٤ع۲٤ ۱۳۹۵
رده بندی دیویی	:	۲۱/ ۹فا۸
شماره کتابشناسی ملی	:	٤٤٩٤٠١٥

ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: لەیلی و مەجنوون خانای قوبادی

ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوەی: کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین)

پێداچوونەوەی: عەبدوڵڵای حەبیبی نۆدشەیی

بەرگ: شا ریکلام

تایپ و نەخشەسازی: کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین)

وێنەی رووبەرگ: بەدیع باباجان

تیراژ: ۱٥۰۰ دانە

نرخ: ۱۰/۰۰۰ دیناری عێراقی

نرخ: ۲٥/۰۰۰ تومان

چاپ: یەکەم ۲۰۱۷

بڵاوکار: ئێران، سنە، شەقامی شوهەدا، کتێبفرۆشی نیشتمان، تەلەفوون:

+۹۸۸۷ ۳۳ ۱۷ ۲۱ ۱۱٥　　**+۹۸۸۷ ۳۳ ۱۷ ٥٥ ۲۱۰**

پێشکەشە بە :

دایك و باوك و خوشك و براکانم:

هاوسۆز و خۆشەویستم:

هاودەنگ و هاوڕێیانم:

ئەوانەی لە پێناوی وشەی کوردیدا خوێنی خۆیان بەخشی:

گەل و نیشتمانم:

ئەو خۆشەویستانەی وشەی خۆشەویستی کوردییان لەلام خۆشەویستتر کردووە.

سوپاسنامەیە بۆ هۆزی قوبادی

جێی خۆیەتی لێرەدا سوپاسنامەیەکی تایبەتی بۆ هۆزی قوبادی و بنەماڵەی کاک ساڵح سلێمان حوسەینی سەرۆکهۆزی قوبادییەکان لە کوردستانی باشوور و بەتایبەتی خودی کاک ساڵح سلێمان حوسەین بنووسم، چون هەر لە دیوانی خانای قوبادییەوە تاکو ئێرە بەبێ وچان و لەخۆبوردەییەوە هەوڵیان بۆ زیندووکردنەوەی بەرهەمەکانی خانای قوبادی داوە، بە ماددی و مەعنەوی هاوکارمان بوون.

لەم بەرهەمەیشدا دیسانەوە ئەرکی ماددی و مەعنەوی ئەم کتێبەیان لە ئەستۆی خۆیان دانا و لە پاڵ ئەمەیشدا هەندێك لە خزمان و دۆستانی بەڕێزیان هاوکاری خۆیان نیشان دا و هاتنە پێشوازی ئەم کارە پیرۆزەوە، لێرەدا سوپاسی ئەم بنەماڵانە دەکەین کە هاوکارمان بوون لەم کاتەدا.

١- ساڵح سلێمان حوسەین.

٢- حەسەن حوسەین فەتاح.

٣- جیهانگیر عەلی عەزیز.

٤- عەلی موستەفا عەبدوڵلا موحەممەد.

٥- موحەممەدشەریف کەریم سۆفیئەحمەد.

٦- کەریم ئەحمەد کەریم.

ناوەڕۆك

داستانی لەیلیٚ و مەجنوون

پێشەکی

ئەگەر چاوێك بە کتێبخانە تایبەتی و حوکومییەکانی کوردستان و وڵاتانی دراوسێی کوردستاندا بگێڕیت کەم کتێبخانە و دەستنووس دەبینیت کە کتێبی زانایانی کورد و شیعر و بەرهەم و داستانی کوردی تێدا نەبێت، مێژووی ئەدەبیاتی کوردی ئەگەر لە مێژووی ئەدەبیاتی وڵاتانی دراوسێی دەوڵەمەندتر نەبێت، بەرامبەریان دەوەستێتەوە، ئەوەی جێی نیگەرانییە ئەوەیە زۆر کەم لەسەر دەستنووس و نووسراوە کۆنەکان کار کراوە.

مێژووی ئەدەبیاتی کوردی پڕاوپڕە لە داستانی جۆراوجۆر و شاعیران ئەسپی خۆیان لە بوارە جیاجیاکاندا تێدا تاو داوە، ئەم داستانانەیش دەبێ چاپ بکرێن و لە هەموو ڕوویەکەوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت، چون ئەم داستانانە بە فکرە و ئەندێشەی جیاوازەوە لە سەردەم و قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی کورددا نووسراون، شاعیران بە پێی توانا و ئەو قۆناغەی تێی کەوتوون، چی لە ڕووی مێژووی، کەلتووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، مەزهەبی و ئابوورییەوە، لەنێو بەرهەم و نووسراوەکانیاندا ڕەنگدانەوەی هەبووە و ئەو ڕەنگدانەوانەیش بە جوانی دەبینرێت.

ئەوەی تا ئێستایش ڕوونە و لەنێو نووسراوەکاندا دیقەتی پێ بدرێت، مێژووی داستان سەرایی لە سەرەتای ساڵانی ١٦٠٠ی زایینی بەدواوە داستاننووسی و داستان سەرایی زۆر بە وردی و چڕی کاری لەسەر کراوە. ئەو داستان و بەرهەمانەی تا ئێستا بەردەستی من کەوتووە، هەموویان بە گۆرانی (هەورامی) نووسراون، ئەتوانم بڵێم ئەم شێوەزارە لە پلەی یەکدا دێت ئەگەر باسی داستاننووسی و داستان سەرایی بکەین. یەکێك لەو شاعیرانەی کە دەستی لە داستان نووسین و وەرگێڕانی داستان و دانانی کورتە داستان و غەزەل و قەسیدەدا هەیە، خانای قوبادییە.

خانای قوبادی یەکێکە لەو شاعیرە پڕ بەرهەمانەی کە تا ئێستا مافی خۆی پێ نەدراوە، ئەم شاعیرە شوێن دەستی لە داستان سەرایی و غەزەل و قەسیدەدا دیارە و ئەو خزمەتەی خانای قوبادی بە ئەدەبی کوردی کردووە، شایانی ڕێزلێگرتنە و پێویستە بە جدی کاریان لەسەر بکرێت.

ئەو سێ داستانەی خانایش کە تاکو ئێستا چاپ کراون، لە هەڵە و کەموکورتی بەدەر نەبوون، بە داخەوە تا ئێستا هیچ نوسخەیەکی خودی شاعیرمان نەکەوتۆتە بەردەست، ئەو نوسخانەیش کە لە بەردەستدان، هیچیان لە سەردەمی شاعیرەوە نزیک نین و دەستکاری نووسین و سەبك و وشەکانی کراون، بەشێکیش لەو دەستنووسانە یا بەیتیان لێ کەم کراوەتەوە یان بۆیان زیاد کردووە، ئەگەرچی لە هەندێ داستاندا وا بڵاو بۆتەوە کە خانا هەندێ داستانی تەواو نەکردووە و شاعیرانی دوای خۆی ئەو بەرهەمەیان تەواو کردووە، بۆ نموونە وا باوە گوایە مەولەوی نوسخەیەکی خوسرەو و شیرینی دەست کەوتووە و ویستوویەتی تەواوی بکات، بەڵام سەبکی مەولەوی لەگەڵ سەبکی خانادا پێك نەهاتووە و بەجێی هێشتووە و وازی لێ هێناوە. بەڵام هیچ سەرچاوەیەکی نووسراو لەو بارەیەوە نییە و خانا لە ساڵی ۱۱۵۳ی کۆچیدا ئەو بەرهەمەی داناوە و وەرگێڕاوە و دواتر چووەتە سەر داستانی لەیلێ و مەجنوون و ئەو بەرهەمەیشی لە ساڵی ۱۱٥٤ی کۆچیدا تەواو کردووە.

داستانی لەیلێ و مەجنوون ئەو داستانەیە بەپێی بۆچوونی خانا داستانێکی خەیاڵاویی و ڕاستییە تێکەڵ کراوە. سەرەتا ئەم داستانە بە عەرەبی دانراوە و دواتر فارسیش ئەو بەرهەمەی داناوە، کوردیش ئەم داستانەی لە فارس و عەرەبەوە وەرگرتووە.

نیزامی گەنجەوی بە سەرقافڵەی داستانی عاشقانەی شیعری فارسی دادەنرێت، داستانی لەیلێ و مەجنوونی نیزامیش سێهەمین داستانییەتی کە نووسیویەتی و بە کەمتر لە (٤) مانگ دایناوە، ئەم بەرهەمەی نیزامی نزیکەی (٤٧٠٠) بەیتە و بەپێی وتەی نیزامی ئەگەر گرفتاری و کێشە نەبوایە، ئەوا لە ماوەی (١٤) شەودا تەواوی ئەکرد و لە ساڵی

(٥٨٤)ی کۆچیدا دایناوه و تاکو ساڵی (٥٨٨)ی کۆچی، نیزامی لەو ماوەیەدا دەستکاری داستانەکەی کردووە.

بەپێی ئەو دەستنووس و نووسراوانەی تاکو ئێستا بەردەست کەوتوون، مەلا موحەممەدی قولیی کەندۆلەیی یەکەمین شاعیری کوردە کە داستانی لەیلێ و مەجنوونی دانـاوە، ئـەم شاعیرە لە ساڵی (١٧٣٢) لە نووسنەوەی بۆتەوە. خانـایش دووەم شـاعیرە کـە لـە سـاڵی (١١٥٤)ی کۆچی بەرامبەر بە (١٧٤١)ی زایینی ئەم بەرهەمەی داناوە، خانـا جگـە لـە نوسخەی نیزامی بەپێی هەندێ لە بەیتە شیعرییەکانی شاعیر، سوودی لە سەرچاوەی تـری وەرگرتووە، خانەی قوبادی ئەم داستانەی بە (١٦٤٤) بەیت تەواو کردووە، هەر وەکو نیزامی بڕوای وا بووە کە ئەم داستانە هەمووی ڕاست نییە و بە خەیاڵاتیش تێکـەڵاوە، بـەڵام خانـا وەکو نیزامی درێژەی بە باسەکە نەداوە، خانا هەوڵی داوە بە کەمترین دەسـتەواژە و بـەیت، زۆرترین مانا بە خوێنەر بدات، ئەم کورت بڕییەی خانا خۆی لەوەدا دەبینێتـەوە کـە خانـا نەیویستووە سەری خوێنەرانی خۆی بێشێنێت و لەو کەمترین بەیتەدا تەواوی داسـتانەکەی خستۆتە ڕوو.

ڕوون و ئاشکرایە هەر بەرهەمێك بەپێی ناوەڕۆك و شێوەی داستانەکە و کار و بنمیچ و لابەلای کارەن، زۆر دەستەواژە و وشەی جۆراوجۆر دێنێتە ناو ئەو داستانەوە، جا لـەم ڕووەوە تا بیر و ئەندێشەی شاعیر فراوان و بڵاو بێت و ورد بێتەوە لە بابەتەکان و شارەزایی لە بوارە جیاجیاکانی ژیان بێت، ئەوا وشەگەلی جوان و ناوازە دەخاتە ڕوو، خانا جگە لەوەی لە بواری مێژوو، کەلتوور، فەرهەنگ، کۆمەڵایەتی، مەزهەبی، سیاسی و ئابووری، لە چەندین کاری تریشدا زانیاری باشی هەبووە و لە کوچە و قوژبنی ژیاندا وشەی هێناوە و لە داستانەکانیدا ئاماژەی پێ کردوون، لەم بەرهەمەدا ئەگەر ورد ببینەوە، خانا ناوی چەندین مەل و پەلەوەر و ئاژەڵی ماڵی و... هتد دەهێنێت. جگە لەوەیش باسی مەیی و کەرەسـتەکانی مەیخانـە و شێوەی مەجلیس ئارایی و دەف و باڵۆرە و... هتد ناو دەبات.

ناوی گوڵ و گوڵزار، کەرەستەی پزیشکی و داب و نەریت و شێوەی داواکردن و وتـار و گفتوگۆی نێو کوڕی ژن و ژنخواستن، بەیان دەکات، لە ڕووی لایەنەکانی دینیشەوە خانا ئەو خاڵانەی خستۆتە ڕوو، لە هەندێ جێگایشدا گەر توانبێتی و دەقـی بەسـەر ئـەو بابەتـەدا شکابێت، ئەوا وشەی کوردی لە جێگەی وشەی عەرەبی و فارسی بەکار بردووە، واتـە ئـەو دەستەواژە عەرەبییەی لە زانستی شەرعدا هاتووە، خانا لەبری ئەوە دەستەواژە کوردییەکەی بەکار بردووە. ئەمانە و چەندین کاری تری لەم بەرهەمەی خانادا بەدی دەکرێـت، تـا لێـی بڕوانیت و لێی بتوێژینەوە، دەستڕەنگینی و توانایی ئەم شاعیرەمان زیاتر بۆ دەردەکەوێت.

بۆ دەستمان داوە دووبارە چاپکردنەوەی ئەم داستانە

ئەوەی ڕاستیبێت دوای ئەوەی داستانی لەیلێ و مەجنوونەکەی خانای قوبادی لە لایەن کاك «غەففاری ئیبراهیمی سارۆ»وە کەوتە بەردەستی خوێنەران و کتێبخانەی کوردییـەوە، سوپاسی بێ پایانی دەکەین بۆ ئەو ئەرکەی لەسەر شانی خۆی نـابوو، کـارێکی پیرۆزیـان جێبەجێ کردبوو. کاتێك چاومان بەو کتێبەدا گێڕا، لەبەر ڕۆشنایی ئەو نوسخە و کەشکۆڵ و دەستنووس و سەرچاوانەی بەردەستمان، هەستمان بە هەندێ کەموکورتی لـەو کتێبـەدا دەکرد، نەدەکرا هەروا لێی بێدەنگ ببین، نەدەکرا بەشێوەی بابەتێکیش بیخەینـە ڕوو، ئـەو سەرچاوانەی کە لە بەردەستماندا بوو، پاڵپشتی لە هەندێ بـیر و بۆچـوونەکانمانی دەکـرد. ئەگەرچی هەندێ لە دۆستانمان لەگەڵ چاپکردنەوەیدا نەبوون، وامـان بە باش زانی دووبـارە ئەم داستانە چاپ بکرێتەوە. زۆرجاریش لەگەڵ بنەماڵەی خانا و دۆستانماندا باسی ئەوەمـان دەکرد کە کۆبەرهەمی خانای قوبادی چاپ بکرێت، بەگشتی لەگـەڵ کۆبەرهەمـدا بـوون، هەندێك ڕایان وابوو کە ئەم کارە سەختە و لەبەر ئەوەی هەر بەرهەمـە و کەسـێك چـاپی کردووە و یەك ناگرێتەوە... خوا یارمـان بێت هەموو بەرهەمەکانی خانا بە پێی نوسخەکانی بەردەستمان چاپیان دەکەینەوە.

چاپکردنەوەی ئەم داستانەیش پێویستی بە چەند سەرچاوە و نوسخەی زیاتر هەبوو، بۆ ئەوەی کارەکە زیاتر بەرەو پێش ببات و بەهێزی بکات، لە هەمـانکاتیشدا نەبوونی نوسخەی

زیاتری ئەم داستانەی خانا و هەندێ سەرچاوەی ڕێکوپێك، لەملا و لەولا نوسخەی تری هەبوون، بەڵام بەیانووی جۆراوجۆر دەستمان بەو نوسخانە نەگەیشت. زیاتر ئەم کارەی پەك دەخست، بە گشتی پێمان باش بوو لەبەر ڕۆشنایی نوسخەی کار لەسەرکراوی ئەم بەرهەمە بە نوسخەی دەستنووس و تایپکراوەوە، لەگەڵ ئەو دەستنووسانەدا کە لە جێگەی خۆیاندا باسی دەکەین، ئەم کتێبە دووبارە چاپ بکرێتەوە.

ئەو هەڵە و کەموکورتیانەی لە چاپی یەکەمی ئەم کتێبەدا هەبوو، بریتی بوو لەم چەند خاڵەی لای خوارەوە:

١- هەڵەی تایپی و نوسخەیی لەم بەرهەمەدا زۆر بوون و پێداچوونەوەی کەمی بۆ کرابوو، جگە لەوەیش هەندێ وشە و دەستەواژە بە باشی نەخوێنرابوویەوە.

٢- ئەو سەرنج و تێبینی و ڕاوبۆچوونانەی سەیید تاهیری هاشمی لە بارەی ئەم دەستنووسەوە لەسەر دەستنووسەکەی نووسیبوو، لە هەندێ جێگەدا باس کرابوو و لە هەندێ جێگەیشدا پێشتگوێ خرابوو.

٣- لە هەندێ جێگەدا لە بیرچوونی بەیتی تێدا بەدی دەکرا، جگە لەوەیش دووبارەبوونەوەی بەیت و زیادکردنی بەیت لەم کتێبەدا بە جۆرێك هاتووە، هیچ مەکتەبە و ڕێگا و خاڵێکی زانستی پاڵپشتی ئەو زیادکراو و لە بیرکراو و دووبارەکراوانەی نەدەکرد.

٤- ئەو دوو سەرچاوەی بەردەستی ئامادەکار لە ڕووی زانستییەوە نەناسێنرابوو، ناساندێك کە ئەمڕۆ لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا گرنگی پێ دەدرێت.

٥- نزیکەی (٤٠٠-٥٠٠) بەیت لەم داستانەدا جێگەی گومان بوو، لە هەمانکاتیشدا بێ لێوردبوونەوە ئامادەکار بەسەر ئەو هەڵەیەدا ڕۆیشتبوو، سەرچاوەکانی بەردەستی ئێمەیش پێچەوانەی نوسخەی بنچینەیی و ڕاکانی ئامادەکار بوو، لە کاتێکدا چەند دەستنووسێك لە بەردەستدا هەیە دەڵێت: بەشێك لەم داستانە هی میرزا شەفیعی کولیاییە و بەشێکی هی خانای قوبادییە، نازانین ئەم دوو داستانە چۆن تێکەڵ کراوە؟!

٦- ئەم دەستنووسە لە هەندێ جێگەدا دەستکاری شێوەزارەکەی کراوە، ئەو گۆڕانکارییە بە شێوەیەکە زۆر ڕوونە کە کەسێکی (گۆران)ی نەینووسیوە، واتە شارەزایی لە شێوەزارەکەدا نەبووە، جگە لەوەیش نووسەرەوەی نوسخەکە لە چەندین جێگەدا پیت و وشەی لەبیرچووە، ئەو لە بیرچوونەوانەیش ئەوەندە زۆر بوو، لەوە دەرچوو بوو کە خۆتی لێ ببووری.

ئەمانە و چەندین تێبینی تر هەبوون کە بوونە هۆی ئەوەی ئەم کتێبە جارێکی تری لەگەڵ دەستنووسە بنچینەییەکە و دەستنووسەکانی تریدا بەراورد بکرێت، یەك نوسخە بکرێتە سەرچاوە و بۆ لێکۆڵینەوەیش ئەوانی تری بەکار بهێنرێت.

کاری ئێمە لەم کتێبەدا

ئێمە پێش هەموو شتێك دەستنووسەکەمان بەشێوەیەکی زانستی ناساندووە، سەرچاوەی دەستنووسەکە و ساڵی نووسینەوە و هەموو لایەنەکانی بە وردی ناسێنراوە و دیاری کراوە، دوای ناساندن و پێداچوونەوە و چەند جارێك خوێندنەوەی دەستنووسەکە و ئەژمارکردنی بەیتەکانی نوسخەی بنچینەیی، بە پێویستمان زانی سەرچاوەی یەکەمی ئەوەی کە لە لای مامۆستا موحەممەد ڕەشیدی ئەمینی پاوەیی بوو، ئەو دەستنووسەیش وەربگرین و بەراورد و پێداچوونەوەیەکیش بەو دەستنووسەدا بکەین، هەمان کار بۆ ئەو نوسخەی کە کاك غەففار کاری لەسەر کردبوو، ئێمەیش سوودمان لێ وەرگرتبوو و کارمان لەسەر ئەنجام دابوو، بۆ نوسخەی یەکەمیش ئەنجامی بدەین.

دواتر ئەو نوسخانەی بەردەستمان بە شێوەیکی زانستی بناسێنین، سەرچاوە و شوێن و جێگایان باس بکەین و ئاماژەی تەواو بە لایەکانیان بدەین، لێرەوە بۆمان ڕوون بوویەوە چەند شاعیری کورد داستانی لەیلێ و مەجنوونی بە شێوەزاری جیاواز و زمانی جیاوازەوە وەرگێڕاوە و نووسیوە.

خاڵێکی تری کە بە لای ئێمەوە جێگای بایەخ بوو، خانای قوبادی لەم بەرهەمەدا چەند جارێك نازناوی شیعری و لە چی جێگەیەکدا ناوەکانی هێناوە، بە نموونەوە بیانخەینە ڕوو. لە بەشێکی تریشدا ئاماژەمان بەو خاڵە داوە کە خانا خۆی لە بەرهەمەکەدا دەستنیشانی

کردووه، ئەویش ساڵی نووسینەوەی بەرهەمەکەیە و ئەمەیش لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەر وەکو چۆن باسی ساڵی نووسنەوە و وەرگێڕانی ئەم بەرهەمەمان باس کردووە، باسێکیشمان لەوە کردووە خانا چۆن یادی لە نیزامی کردۆتەوە و ئاماژەی پێداوە، لە هەر جێگەیەکیشدا نموونەی شیعری خانامان بۆ بابەتەکە و قسەکانمان هێناوەتەوە.

لەبەر ڕۆشنایی بۆچوونێکی ئامادەکاری چاپی پێشووی داستانی لەیلێ و مەجنووندا، لێکۆڵینەوەیەکمان لەسەر دۆستایەتی نێوان میرزا شەفیعی کولیایی و خانای قوبادیی و ئەڵماسخانی کەندۆڵەییدا ئەنجام داوە، کە گوایە میرزا شەفیعی کولیایی خانا و ئەڵماس خانی لە یەکتر نزیك کردووە، ئەمانەمان بە بەڵگەی شیعریی و نووسینەوە خستۆتە ڕوو و باسمان لێوە کردووە...

لە بابەتێکی تریدا وامان بە پێویست زانی سەرەتا چاپەکە بەراورد بکرێت و ئەو بەیتانەی کەمی هێناوە و لە چاپەکەدا لەبیر کراوە، لە جێگەی خۆیاندا دابنرێتەوە و ئەو بەیتە زیادکراوانەیش لابرێن. لەبەر ئەوەی ئەم دەستنووسە لە ژێر گوماندا بوو، بە گرنگمان زانی باسێك لە شێوەی سەبکی خانا و ئەو گۆڕانکاریانەی نووسەرەوەی دەستنووس لە هەندێ بەیتدا ئەنجامی دابوو، باسی بکەین، سەرچاوەکانی تری خانا بهێنین و لەگەڵ سەبکی ئەم داستانەدا بەراوردی بکەین، چونکە لە هەندێ جێگەدا نووسەرەوەی دەستنووس ئامرازی «وەك»ی لە جێگەی «چوون»ی گۆرانی (هەورامی) بەکار بردبوو، یان ئامرازی «لە»ی بەکارهێناوە، ئەمانە لەناو سەبکی خانادا بەدی نەدەکرا و بە باشمان زانی باسێکی لێوە بکەین.

لە بابەتێکی تریدا باسێك لە داستانی لەیلێ و مەجنوونەکەی خانای قوبادی و نەوفەڵ و مەجنوونەکەی میرزا شەفیع بکەین، بە وردی لەسەر ئەو بابەتە توێژینەوەمان ئەنجام داوە و ئاماژەمان بە چەندین پرسیار و سەرنج کردووە. لە بابەتێکی تریشدا بەراوردی هەندێ بەیتی خانا و «نیزامی»مان کردووە، خاڵێکی تر کە ئێمە بە وردی کارمان لەسەر کردووە،

هەرچی تێبینی و سەرنج و پەراوێزەکانی سەییدی تاهیری هاشمی لەسەر ئەم دەستنووسە هەبوو، لە جێگەی خۆیاندا نووسیمانەوە و ئاماژەمان پێ کردووە، دواتر ئەو جێگایانەی کە نووسەرەوەی دەستنووس وەکو پیت و وشەی لە بیرکراو هەبوو، ئامادەکاری پێشوو دایناوە، پەراوێزمان لەسەری داناوە و وەکو خۆی هێشتوومانەتەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا ئێمە لە چەندین شوێنی داستانەکەدا دەرکمان بە کەموکورتی کردبێت، بە هەمان شێوە لەنێو کەوانەدا هێناومانە، سوپاسی ئامادەکاری پێشوو ئەکەین هەندێك لە کارەکانی بۆ ئێمە ئاسان کردبوو، هەندێکیانی بە وردی ئەنجامی دابوو.

هەندێ وشە و دەستەواژەی عەرەبی لەم داستانەدا هەبوو، ئێمە پەراوێزمان بۆ داناوە و لێکمان داوەتەوە، جگە لەوەیش هەندێ وشەی فارسی هەبوو وەکو (خواهش، خواهر...) ئەم وشانە لە زمانی فارسیدا پیتی «واو»ەکەی ناخوێنرێتەوە و ئێمەیش وامان بە باش زانی کە بە ڕێنووسی کوردی و چۆنیش لە فارسییەکەدا دەگوترێت، بەو شێوەیە بینووسین، واتە بەبێ «واو» نووسیومانە، ئەگەرچی ئەمە لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە هەڵەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەناو زمانی کوردیدا ئەو جۆرە وشانە کەمن و خوێنەری ورت و وریا و شارەزای زمانەکە نەبێت، هەست بەو شێوە خوێندنەوانە ناکات، ناچار بووین بەو شێوەیە بینووسین.

دواکار لەم بەرهەمەدا کاری فەرهەنگۆکە، ئێمە فەرهەنگۆکێکی بچووکیشمان بۆ ئەم بەرهەمە داناوە، ئەو وشە و زاراوانەی پێویستن لێك بدرێنەوە، لێکمان داوەتەوە.

هەروەها جگە لە تەواوی نوسخەکەی خانا کە لەم بەرهەمەدا هاتووە، وێنەی پەڕەی یەکەم و دووەمی هەموو ئەو دەستنووسانەی بەردەستمان هێناوە و دامانناوە.

هیوادارین ئەم کارەی لێرەدا بە ماندووبوونێکی زۆرەوە هاتۆتە بەرهەم، کەلێنێکی کتێبخانەی کوردی پڕ بکاتەوە، ئەم بەرهەمە ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگی کتێبخانەی کوردی و سوودی تایبەتی بۆ توێژەران و لێکۆڵەرانی ئەدەبی کوردی هەبێت، ئەم ئەرکەیش کە لەسەر شانی خۆمانمان ناوە، بەرهەمی هەبێت.

ئەوەی ماوەتەوە بیلێین ئەوەیە لە لای هەندێك بەڕێز نوسخەی داستانی لەیلێ و مەجنوون هەبوون، بە چاوەڕوانییەکی زۆرەوە دامایین و ئومێدی ئەوەمان هەبوو کە نوسخەکان بگاتـە دەستمان، بەڵام بێئومێدیان کردین، هیوادارم لە دوارۆژدا شتێکی لەم کارەی ئێمە زیاتر و باشتر بۆ خانا و مێژووی ئەدەبی کوردی بخرێتە بەردەست و کاری لەسەر بکرێت.

١-٨-٢٠١٦

تاران

ژیاننامەی خانای قوبادی

لێرەدا دەمانەوێ بە کورتی دەربارەی ژیانی خانای قوبادی بدوێین، چون لە دیوانی خانای قوبادیدا بە دوور و درێژی دەربارەی ژیانی شاعیر قسەمان کردووە، کورتەی ئەو توێژینەوەیە لێرەدا دەخەینە ڕوو.

ناوی خانای قوبادی لە سەرچاوە کۆنەکاندا بەم شێوە هاتوون:

"خانەی قوبادی، خانای قوبادی، موحەممەد خان، قازی خانا، خانـە، موحەمـەد خان جوانڕۆیی، خانای جوانڕۆیی و موحەممەد خان قوبادی".

هەموو ئەمانە ئەو ناوانەن کە لە شیعر و نووسراوەکاندا هاتووە، هەموویان ئاماژەن بە ناوی خانای قوبادیی و ناوی ڕاستەقینەی خانایشمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە خانا ناوی ڕاستی و تەواوی «موحەممەد» بووە.

خانای قوبادی ناوی موحەممەد، کوڕی قوباد بەگی یەکەمی کوڕی ئـەمیر خـانی یەکـەمی کوڕی سەیید ئەحمەد بەگی یەکەمی جافی کوڕی سەیید عەلی یەکـەمی کـوڕی ئێنـاقی ئەسڵی یەکەمی کوڕی سەیید ناهم ئەناعمە.

خانا لەناو هۆنراوەکانیدا نازناوی خۆی بە ناوی «خانە، خانا، خانەی قوبـادی و خانـای قوبادی» بەکار هێناوە. لەم بەیتەدا ناوی خۆی بەم شێوەیە دەهێنێت:

وە ڕەنجـەڕۆیی و وە نـــامورادی

نەیاوا وەکـام «خانـەی قوبـادی»

لە جێگەیەکی تردا خانا دەڵێت:

«خانە»یی خزمەت غەزاڵەی نۆدا

زنجیرەی زوڵف، سـزام وە تــــۆدا

لە هەندێك شیعریشدا خانا ناوی خۆی بە «خانا و خانای قوبادی» دەهێنێت:

یە «خانا» واتەن بــە دڵ زویری

هاناشەن جە دەس ماجەرای پیری

خانا لە ساڵی (١٠٩٨)ی کۆچییدا لەدایك بووە. خانای قوبادی میری ناوچەی سەریاس بووە، ئەو سنوورە جوگرافیایەیی کە لەژێر دەستیدا بووە ئاماژەی پێ دەکات و هەموو ئەو ناوچانەیش کە خانا ئاماژەی پێ دەکات، لە شاری جوانڕۆوە نزیکن و نزیك بەو ناوچانەیە کە لە ژێر دەسەڵاتی باو و باپیرانیدا بووە.

خانا خاوەنی چەندین بەرهەمی ناوازەیە و لە دیوانی خانای قوبادییدا بە وردی لەسەری دواوین، لێرەدا نامەوێ دووبارەی بکەمەوە. سەبارەت بە ساڵی کۆچی دوایی خانا، هیچ بەڵگەیەکی نووسراو لە بەردەستدا نییە، بەڵام بەشێك لە نووسەران و لێکۆڵەران ڕای خۆیان سەبارەت بە کۆچی دوایی خانای قوبادی بەم شێوەیە خستۆتە ڕوو:

هەر یەك لە دانەری کتێبی "گوڵزاری کوردستان، سدیق بۆرەکەیی، نامیلکەیەکی کۆن، بەگزادەکانی جوانڕۆ و شێخ حامید، ساڵی کۆچی دوایی خانای قوبادییان بە ساڵی (١١٦٨ك.) داناوە. هەروەها مامۆستایانی وەکو موحەممەد عەلی سوڵتانی، سەیید تاهیری هاشمی و مارف خەزنەدار، ساڵی (١١٩٢ك.)"یان بۆ کۆچی دوایی خانای قوبادی نووسیوە. جگە لەوانەی سەرەوە، مامۆستا "عەلائەدین سەجادیش ساڵی کۆچیی خانای بە ساڵی (١٧٩٥ز.= ١٢٠٩ یا ١٢١٠ك.)" داناوە.

ئەوەی جێگەی سەرسووڕمانە کاك حەکیم مەلا ساڵح لە یووسف و زوڵەیخاکەی خانادا (لا- ٣) ساڵی کۆچی دوایی خانای بە ساڵی (١٧٣٢ز=١١٤٥ك) کۆچی داناوە. نازانم لە بەرانبەر چیدایە و چۆن لێکی داوەتەوە. لای هەمووان ئەوە ڕوونە کە خانای قوبادی لە ساڵی (١١٥٣ك.)دا داستانی خوسرەو و شیرینەکەی نووسیوەتەوە و ساڵی (١١٥٤ك.) داستانی لەیل و مەجنوونەکەی داناوە. ئەو ساڵەی کاك حەکیم بۆ ساڵی کۆچی دوایی خانای قوبادیی دایناوە، واتای ئەوەیە کە خانا پێش ئەوەی خوسرەو و شیرین و شیرین و فەرهاد و لەیل و مەجنوونەکەی بنووسێتەوە کۆچی دوایی کردووە.

بە هەرحاڵ ئەو سەرچاوانەی کە باسیان لە کۆچی دوایی خانای قوبادی کردووە، خانا لە ساڵی (١١٦٨ك.) وەفاتی کردووە. جگە لەو بەڵگانەی نووسەران باسیان لێوە کردووە،

من هیچ دەستنووس و بەڵگەیەکم لە بەردەستدا نییە کە ئاماژە بە ساڵ و کۆچی دوایی خانا بکات. ڕام لەسەر ئەوەیە کە خانای قوبادی ساڵی (١١٦٨ک.) واتە لە تەمەنی (٧٠) ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. گۆڕی خانا لە گۆڕستانی (بانی گومگان) دایە و لەوێدا نێژراوە.[١]

[١]ـ دیوانی خانای قوبادی: کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین)، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی نەشری شوان (کتێبفرۆشی نیشتمان) لە سنە، ٢٠١٦، لاپەڕە (٧٣-١٥٩).

ناساندنی دەستنووسی داستانی لەیلیٚ و مەجنوونی خانای قوبادی

بە پێی سەرچاوە بڵاوکراوەکان و ئەوەی بەردەستی ئێمە کەوتووە، لەیلیٚ و مەجنوونی خانای قوبادی دەبێتە دووەم لەیلیٚ و مەجنوون کە وەرگێڕابێت و بە شێوەزاری گۆرانی (هەورامی) دانرابێت.

ئەوەیش زانراوە کە نوسخەی داستانی لەیلیٚ و مەجنوونی خانا تا ئێستا یەك نوسخەی لیٚ کەوتۆتە بەردەست و بڵاوکراوەتەوە، پێشتر کاك «غەففار ئیبراهیمی» (سارۆ) نوسخەی ئەم دەستنووسەی لە مامۆستا موحەممەد ڕەشیدی ئەمینی پاوەیی وەرگرتووە و لەگەڵ نوسخەیەکی تری «نەوفەڵ و مەجنوون»ی میرزا شەفیعی کولیاییدا بەراورد کردووە و بنکەی ژین لە شاری سولەیمانی چاپی کردووە.

ئەم نوسخەیە لە کتێبە چاپکراوەکەدا بە وردی نەناسێنراوە، لێرەدا بە وردی لەسەر ئەم دەستنووسە دەدوێین، وەکو وتمان ئەم دەستنووسە کۆپییەکی لە لای مامۆستا موحەممەد ڕشید ئەمینی پاوەیی پارێزراوە و سوود لە کۆپییەکەی بەڕێزیان وەگیراوە، لێرەیشدا دووبارە کۆپییەك لەبەر نوسخەکەی بەڕێزیان گیرایەوە و دەیناسێنین، ئەمەیش لەبەر ئەوە بوو لە نوسخەکەی بنکەی ژیندا کە ڕێکوپێك کراوە، هەندیٚ جێگە بەر نەمان و سڕینەوە کەوتووە، بە باشمان زانی نوسخەیەکی تری لەوەی مامۆستا موحەممەد ڕەشیدی ئەمینی بگرینەوە.

ئەم دەستنووسە لە لایەن «شێخ عەبدولڕەحمانی کوڕی شێخ عەبباس»ەوە نووسراوەتەوە، دەستنووسەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی سەرەتایان بریتییە لە داستانی لەیلیٚ و مەجنوونی خانای قوبادی و بەشی دووەمیان بریتییە لە کۆمەڵە شیعرێکی خانای قوبادیی و میرزا شەفیعی کولیایی و... نووسەرەوەی تا ڕادەیەك خەتخۆشە و بەیتەکانی لە بەرانبەر یەکدا نووسیوە، سەیید تاهیری هاشمیش لەسەر ئەم دەستنووسە ڕاوبۆچوونی خۆی نووسیوە.

ئەم دەستنووسە ئەندازەکەی (١٤×٢١)سم دەبێت، پەڕەکانی ئەم دەستنووسە نزیکەی (١٣٥) پەڕە دەبێت، لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشێکیان داستانی لەیلیٚ و مەجنوونی خانایە و بەشەکەی تریشیان کۆمەڵێك شیعری خانا و میرزا شەفیعی کولیایی و هی تری

تێدایه، نووسەرەوەی لەبەر ڕۆشنایی نوسخەی تری ئەم دەستنووسەی نووسیوەتەوە و ئەمەیش لە چەند جێگایەکدا دەردەکەوێت.

ئەم دەستنووسە لە سەرەتاوە بەم چەند وشەیە لەبارەی داستانەکەی لەیلیٚ و مەجنوونی خاناوە نووسراوە و دەست پیٚ دەکات:

«(هوالعزیز)، (منظومەی کردی)، موسوم به لیلی و مجنون تألیف شادروان فاضل شهیر عالم عامل و شاعرمتبحر مرحوم خانای قبادی که پس از سرودن خسرو و شیرین در سال یکهزار و یکصد و پنجاه و چهار سروده است، چنان معلوم است که تمام خمسەی نظامی گنجوی را به کردی ترجمه نموده است، رحمه الله له ولجمیع العلماء آمین برحمتك یا ارحم الراحمین، وصلی الله علی سیّدنا محمّد وآ[له] وصحبه و سلّم».

لە پەڕەی دووەمیشدا سەبارەت بە ئوەیسی قەرەنی یادداشتێك نووسراوە، ئەو پەڕەیە تایبەت بە ئوەیس کراوە. لە پەڕەی سێی لای ئێمەدا و نووسەرەوەی دەستنووس خۆی ژمارەی بۆ دەستنووسەکە داناوە، لە سەری نووسیوە (ص٢)، ئێمەیش لێرە بەدواوە لە سەر ئەو ژمارەیە دەڕۆین، داستانەکەی خانا دەست پیٚ دەکات، لە سەرەوەی دەستنووسە نووسراوە:

«ص٢ لیلی و مجنون» و لە بەرامبەریشیدا نووسراوە: «خانای قبادی».

دواتر نووسراوە: «بسم الله الرحمن الرحیم، و به نستعین».

دوای ئەم چەند نووسینە، نووسەر دێتە سەر نووسینەوەی داستانەکەی خانای قوبادی و سەرەتای داستانەکە بەم شێوەیە دەست پیٚ دەکات:

بە نام ئەو کەس بە (کُنْ فَیَکُون)
عالەمش جە کەتم، عەدەم کەرد بیروون
مەحز خاتران (سَیّد الکَونَیْن)
موحەممەد فاتیح، خەیبەر و حونەین
حەمد و سەنا و شوکر پەی ئەو زات پاك
هەم سەڵوات لە سەر پادشای (لولاك)

ئــــەر تـــــەوفیق دەرۆ بینـــــای بێهتـــــەرین
جــە دمـــای مـــەکتووب «خوســـرەو و شـیرین»

ئەم پەڕەیە (١٧) بەیتی تێدایە، هەندێ پەڕە (١٨) بەیت یا زیاتر یان کەمتری تێدایە، بەیتەکان پێنج پێنج ئەژمار کراوە و ژمارەی لە کەنارەوە بۆ دانـراوە، نـازانم ئـەم ژمارەیـە نووسەرەوەی دەستنووس دایناوە یان سەیید تاهیری هاشمی، بـەڵام ئـەوە هەیـە لـە هەنـدێ جێگەدا هەڵەی تێدایە، بۆ نموونە لە پەڕەی (١٦-٢١)ی ژمارە لێدراودا بەیتەکان بە هەڵە (٥) بەیت بە هەڵە ئەژمار کراوە و ژمارەکە زیاد کراوە، لە جێگەیەکی تریشدا ئەم هەڵەیە دەبینرێت، بەم هۆیــەوە نزیکــەی (١٠-١١) بــەیت دیـار نییــە، ئەگەرچـی نووســەرەوەی دەستنووس خۆی بەیتەکانی لەبیر چووە.

سەیید تاهیری هاشمیش لـە پـەڕەکانی: (٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠، ٢٢، ٢٣، ٤٨، ٦١)دا تـەقریزاتی خـۆی نووسـیوە، لـەوەدا بـە گومـان چـۆن لەبابـەت بەشـەکەی نەوفـەڵ و مەجنوونەکەی میرزا شەفیعەوە هیچ شتێکی نەنووسیوە، ئایا داستانەکەی میرزا شـەفیعی کولیایی نەدیوە یان؟!

پەڕەی کۆتایی ئەم داستانەیش (١١) بەیتی تێدایە،

هـــەر کەســـێ مامـــا غـــەریب و ڕەنجـــوور
ڕەنـــج و غـــەم هێجـــر جـــە ئـــەو مـــەبی دوور
کـــەس وە بـــێ مـــوراد نمەشـــی وە پـــەس
بـــە لوتـــف بێـــچوون، پادشـــای ئەقـــدەس
ڕەحمـــــەت وە ئـــــەرواح عاشـــــقان حـــــەق
بـــا ســـەفا و وەفـــا، مـــرووەت شـــەفەق
ئـــەوان شـــین نـــە شـــۆن ڕاگـــەی ڕۆزگـــار
شـــێوەی عەشـــق لێـــشان مەنـــد وە یادگـــار

ئەشــعار «خانــا»یــش پــەی یادگــاریٚ
مــانۆ پــەی یــاران، چــەند رۆزگــاریٚ
بــە نــام خــودا و ئەحمــەد موختــار
خامــە بکــەر خوشــك، خــەتم کــەر گوفتــار
حەمــد و ســەنا و شــوکر پــەی زات عــەللام
پــەریٚ موحەممــەد، ســەڵوات و ســەلام
تــاریخ وەفــات، قــەیس عــامری
ساڵ هەشــتاد و هــەفت هێجــری و قەمــەری
«هەفتــسەد و دە ســاڵ مــیلاد مەســیح»
واتــەی مووەرەخــەی بەغــدادی فەســیح
«هــەزار و ششــسەد و چــل و چــوار بەیتــەن»
پەی دۆســتان نــەبۆ، «خانــە» پــەی کێتــەن؟
ســەد هــەزار ســەڵوات، خاتیمــەی کــەلام
بــە رەوزەی رەســوولّ، (علیــە الــسّلام)

دوابەدوای ئەم چەند بەیتە، نووسەرەوەی دەستنووس ئەم چەند بەیتــەی بۆمــان تۆمــار کردووە:

«تمام شد نوشتن و نسخەگیری لیلی و مجنون بە زبان کُردی اورامی، ترجمـە و تـألیف شاعر شهیر و نامدار کُرد مرحوم خانای قبادی، رحمە الله علیـە و نـور الله روحـە و اسـکنە الله فی بحبوحتـە جنانـە، در روز سـە شـنبە دوازدەهـم فـروردین، سـنە (١٣٥٤)شمسی برابر با هجـدەهم ربیـع الاول سـنە ١٢٩٥ قمـری، بـە دسـت فقـیر عاصی عبدالرحمن شیخ عباس، در قریە قارّ حومەی شهر سنندج. وصلی الله علـی سیدنا محمد وآلە و صحبە وسلّم».

لێرەدا ئەم دەستنووسەیش لە بەشی داستانەکەدا تـەواو دەبێـت و بەشـی کۆتاییـشی دەبێتە شیعرە پەڕاگەندەکان، ئەوەی ماوەتەوە بیلێین ئەوەیە ئـەم دەستنووسـە لـە هەڵـە و کەموکورتی بەدەر نییە ، لە چەندین جێگەدا پیت و وشەی لەبیر چووە ، دەستکاری شـێوەی (سەبك) پێوە دیارە ، جگە لەوەیش بە پێی ئەم کۆپییانەی بەردەستی ئێمە داسـتانە (١٠-١١) بەیتی نوقسانە ، سەیید تاهیری هاشمیش باسی ئەو کەم هێنانەی بەیتەکانی نەکردووە.
بۆ ساغکردنەوە و چاپی کردنی داستانی لەیلێ و مەجنوونی خانای قوبادی ئەگەر نوسخەی تری لە بەردەستدا هەبێت، ئەوا باشترە و ئەم نوسخە بکرێتە نوسخەی بەراورد ، بەڵام بە بێ نوسخەی تری، ئەم دەستنووسە جێگەی گومانە و نابێت وەکو نوسـخەی بنـچینەیی بـەکار بهێنرێت.

ناساندنی چەند نوسخەیەکی تری لەیلیٚ و مەجنوون

لەناو میٚژووی ئەدەبیاتی کوردیدا تا ئیٚستا ئامارێکی تەواو لە بەردەستدا نییە کە چەند شاعیرمان هەیە داستانی لەیلیٚ و مەجنوونیان نووسیوەتەوە، جگە لەوەی خانای قوبادی، لیٚرەدا دەمانەویٚ هەندیٚ لەو داستانانەی لەیلیٚ و مەجنوون پیٚناسە بکەین کە دەستمان کەوتوون، لەو بڕوایەشدا نین ئەو نوسخانەی لیٚرەدا پیٚناسە دەکریٚت و دەخریٚنە ڕوو، هەر ئەم نوسخانە دوا نوسخەی داستانی لەیلیٚ و مەجنوون بیٚت و دەرکەوتبیٚت.

لەناو ئەو دەستنووسانەی بەردەستی ئیٚمەیشدا چەند نوسخەیەکی داستانی لەیلیٚ و مەجنوون هەیە ناوی شاعیریان لەنیٚودا هاتووە، هەندیٚکی تریشیان ناوی شاعیری تیٚدا نەهاتووە، هەندیٚك لەو دەستنووسانە ناوی نووسەرەوەی دەستنووسەکەی پیٚوەیە و ساڵی نووسینەکەیشی دیارە، هەندیٚکی تریشیان نە ناوی نووسەر و نە ساڵی لەسەر نەنووسراوە. سەرەتا لە نوسخەکەی بەرلینەوە دەست پیٚ دەکەین و پیٚناسەیەکی گشتیی نووسخەکە دەکەین.

نوسخەی داستانی لەیلیٚ و مەجنوون لە کتیٚبخانەی میللی بەرلیندا

ئەم نوسخەیە یەکیٚکە لەو نوسخانەی کتیٚبخانەی میللی بەرلین و نوسخەیەکی سکانکراوی لە بەردەستی ئیٚمەدا هەیە، ئەم دەستنووسە سەرەتا و کۆتایی تەواوە، سەرەتای ئەم داستانە بەم شیٚوەیە دەست پیٚ دەکات:

بسم الله ارحمن الرحیم

یـــا حـــەیی داوەر، یـــا حـــەیی داوەر

یـــا حـــەیی بیٚـــچوون، دەهەنـــدەی داوەر

لە هەندیٚ پەڕەی ئەم داستنووسەدا (۹) بەیتی تیٚدایە و لە هەندیٚکیشیدا (۱۰) و (۱۱) بەیتی تیٚدایە، واتە لە پەڕەکاندا زیاد و کەمی بەیتەکان هەیە، کۆی پەڕەکانی ئەم داستانە (۱۵۲) پەڕەیە، هەندیٚ پەڕەیشی لای ئیٚمە تیٚکچووە و ناخویٚنریٚتەوە، هەروەها

نازانرێت ئەندازەکەی چەند بە چەندە، چون ئەم دەستنووسە کۆپی کراوە و نوسخەیەکی سکانکراوی لە بەردەستی ئێمەدایە.

کۆتایی ئەم دەستنووسە بەم شێوەیە:

هـــــــزاران درود هــــــزاران هـــــــزار
زمـــــا بـــــر محمـــــد، ســـــید مختـــــار
هـــــزاران درود هـــــزاران ســـــلام
زمـــــا بـــــر محمـــــد علیـــــه الـــــسلام

تمت شد از دست فقیر حقیر سراپا تقصیر محمد صادق پسر محمد مومن، در یوم پنجشنبه ١٤هم شهر صفر المضفر در سنه ١٢٩٦ مبارك باد... ئەم دەستنووسە لێرەدا کۆتایی پێ دێت و دەچیتە سەر داستانێکی تری، ئەم داستانە بە شێوەزاری گۆرانی (هەورامی)یە. ئەوەی زانیاری بێت لەناو ئەم دەستنووسەدا هەر ئەوەندەیە، ئێمەیش هەر ئەوەندەی لەسەر دەنووسین و دەچینە سەر دەستخەتێکی تری.

نوسخەی دووەمی هەمان داستان لە نوسخەی موحەممەد سادق لە زانکۆی تاراندا

ئەم نوسخەیەی داستانی لەیلێ و مەجنوون، یەکێکی ترییە لەو نوسخانەی کە تەواوی داستانەکە و نوسخەکەیش لە بەردەستی ئێمەدا وجوودی هەیە، نوسخەیەکی تری هەمان نوسخەی پێشووە کە پێناسەمان کردووە، ئەم کەشکۆڵە پێشتر لە داستانی شێخی سەنعاندا کەڵکمان لێ وەرگرتووە و لەوێشدا پێناسەیەکی ئەم دەستنووسەمان بڵاوکردووەتەوە.

دەستنووسێکە لە لایەن (موحەممەدی کوڕی سادق)ـەوە نووسراوە، ئەم دەستنووسە لە شێوەی بەیازدا نووسراوەتەوە، قەبارەکەی بریتییە لە (١٢×٢٠)سم و بەناوی (جُنگ «مجموعەی اشعار شاعران کُرد») بە کۆدی ژمارە (٤١٨١) لە کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی تاراندا پارێزراوە، وێنەیەکی بە شێوەی سکان لە بەردەستی ئێمەدایە.

ئەم دەستنووسە بەرهەمەکانی نێوی بریتییە لە داستانی: لەیلێ و مەجنوون، شێخی سەنعان و خەورشید و خاوەر... لەگەڵ ئەوەیشدا کۆمەڵێك لە شیعری شاعیرانی وەکو:

ئەحمەد بەگی کۆماسی، بێسارانی، وەلی دێوانە، سەرعی، شەهاب، خەمین و میرزا شەفیع و چەند شیعرێکی خاوەن نەزانراوی تێدایە. پەڕەکانی ئەم داستانە نزیکەی (١٢٢) پەڕەیە. کەشکۆڵنووس لە سەرەتای ئەم داستانەدا نووسیویەتی:

«لیلی و مجنون به زبان کردی اثر طبع»

دواتر نووسیویەتی: «بسم الله الرحمن الرحیم»، دوای ئەمەیش نووسیویەتی: «هذا کتاب لیلی و مجنون». لە هەر پەڕەیەکیشدا نزیکەی (١٣-١٥) بەیتی تێدایە، لە کۆتایی هەر بەشێکی ئەم نوسخەیەدا، واتا لە کۆتایی هەر داستانێکدا بە شێوەیەکی ڕێکوپێک، ناوی خۆی، ئەو کەسەی کە لەبەر خاتری ئەو نووسراوەتەوە و ساڵی نووسینەوەکەی تۆمار کراوە و نووسیویەتی.

لە کۆتایی ئەم داستانەیشدا نووسەر نووسیویەتی: «به جهته برادر عزیز نور چشم، آقا محمد محمود الفقیر میرزا محمد صادق».

ئەم داستانە بە شێوەزاری هەورامییە، نووسەرەوەی ئەم دەستنووسە کەسێکی زۆر خەت خۆش و جوان و بە سەلیقەوە بووە و دەستنووسێکی جوانی بۆمان نووسیوەتەوە، ئەم دەستنووسە تا ڕادەیەکی زۆر باش پارێزراو بووە و قەدری لێگیراوە، کەم تووشی پووکان و سڕینەوە بووە.

هەرچی دەربارەی ساڵی نووسینەوەی دەستخەتەکەیە، ئەوا لە سەرەتای داستانی شێخی سەنعان و لە کۆتایی داستانی «خەورشید و خاوەر»دا، ئەم چەند دێڕەی خوارەوە نووسراوە:

«تمام شد خەورشید خاور در عصر روز پنج شنبه دویم ماه ربیع الثانیه، هذه السنه لوی ئیل سنه ١٢٩٨، از ید میرزا محمد صادق به جهته برادر نور چشم آقا محمد».

لە چەند جێگەیەکی تریدا ناوی خۆی و ئەم نووسراوەی سەرەوەی چەند جارێك دووبارە کردووەتەوە.

سەرەتای داستانەکە بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

بــه نــام دانــای جــههان پهیــدا کــهر
بولْبــولاْن جـه عهشـق شـێت و شـهیدا کـهر
جــه ســونعش تــهمام فامــداران مــاتن
نهقاشــان جــه نــهقش ئــهو خجلاْتــن

کۆتایی ئهم داستانه له ناو لاکێشهیهکدا دانراوه و له لایهکییهوه نووسراوه: «پایان داستان لیلی و مجنون». دواتر دوو بهیتی وهکو کۆتایی هێناوه لهگهڵ دوو بهیتی فارسیدا:

شــین و ڕهســتاخێز جــه نهجــد خێزیــا
دڵ جــه ســۆز ســهخت دڵ ئــهنگێزیا
دنیــا پــهی هــیچ کــهس نــهدارۆ وهفــا
تــا ئاخرولئــهمر هــهر مــهبۆ جــهفا
هـــزاران درود و هـــزاران ســـلام
زمـــا بـــر محمـــد علیهالـــسلام
فریـــق رحمـــت یـــزدان کـــسی بـــاد
کـــه کاتـــب را بالحمـــدی کنـــد شـــاد

نوسخهی سێیهمی ههمان داستان له لای دکتۆر سهباح حوسهینی

نوسخهیهکی تری ئهم داستانه له لای زۆر بهڕێز دکتۆر «سهباحی حوسهینی»یه له شاری سهقز و وێنهی پهڕهیهکی ئهم داستانی لهیلیٚ و مهجنوونهی بۆ ئێمه ناردووه، نووسهرهوهی خهت خۆش و به سهلیقه بووه، له سهرهتای ئهم داستانهدا نووسراوه: «کتاب لیلی و مجنون است». دواتر به خهتێکی گهورهتر و به مهرهکهبی ڕهنگ ئاڵتوونی نووسراوه: «کتاب لیلی و مجنون».

له خوارووی ئهم نووسراوهوه نووسراوه: «بسم الله الرحمن الرحیم»، پاشان ئهم چهند بهیتهی نووسیوه:

بـــه نـــام دانـــای جـــههان پهیـــدا کـــهر
بولّبــولاّن جــه عهشــق شــێت و شــهیدا کــهر
جـــه ســـونعش تـــهمام فامـــداران مـــاتن
نهقاشـــان جـــه نـــهقش ئـــهو خجـــالاّتن

لهم پهڕهیهدا تهنها (٤) بهیت ههیه و له ڕووی خواری تهواوی ئهم نیوهبهیتانـهدا بـه مهرهکهبی ڕهنگ ئالّتوونی نهقش و نیگار کراوه، ههموو بهیتهکانیش لهنێو لاکێشهیهکی ڕهنگی و سهلیقهییدا نووسراوه، ئهم دهستنووسه (٣٨٦) پهڕهیه و کۆتابییهکهی فهوتاوه، ههر پهڕهیهکیش (٦) بهیتی تێدا نووسراوه....

نوسخهی یهکهمی داستانی نهوفهڵ و مهجنوون له کتێبخانهی میللی بهرلین

له کتێبخانهی میللی شاری (بهرلین)یشدا نوسخهیهکی ئهم داستانه ههیه، لێرهدا بـه پێویستی ئهزانین وهکو تهواوی نوسخهکانی لـهیلیٚ و مـهجنوون ئـهمیش بناسـێنین، ئـهم داستانه تاکو ئێستا چهند نوسخهیهکی له بهردهستی ئێمهدا ههیه و دهکرێت لـه جێگـای تریشدا نوسخهی تری ههبێت، ئهم داستانه لهنێو بهیازێکدا نووسراوهتهوه، شیعرهکانی نێو ئهم بهیازه بریتییه له هۆنراوهی شاعیرانی وهکو: مهولهوی، میرزا شهفیع، مهلّلا لوتفـولّلا، فهخرولعولهما، ئهحمهد بهگی کۆماسی و خانای قوبادیی... تێدایه.

ئهم دهستنووسه سالّی نووسینهوهی پێوه نییه، تهنها ئهوه ههیه که نوسخهیهکی کۆنه و زۆربهی شیعرهکانی نێو ئهم بهیازه هۆنراوهی میرزا شهفیعی کولیاییه، له سهرهتای زۆربهی شیعرهکاندا ناوی شاعیرهکانی نووسراوه، ئهوهی تـا ئێـستا لـهم بـهیازه ماوهتـهوه نزیکـهی (٢٢٠) پهڕهیه، ههندیٚ پهڕهیشی ڕهش بووهتهوه و باش ناخوێنرێتهوه، ههر پهڕهیهکیش (٩-١٠) بهیتی تێدایه، ئهمهیش دلّنیایی نووسهرهوهی بهیازهکـهمان پـیٚ دهلّێـت لـهوهی کـه شیعرهکانی به ئهمانهتهوه نووسیوه. له سهرهتای ئـهم داسـتانهدا نووسـراوه: «هـذا کتـاب نوفل».

ئەم نوسخەیە جگە لە جیاوازی وشەیی و هەندێ بەیت نەبێت، گرفتێکی ئەوتۆ لە نوسخەکانی تریشیدا بەدی ناکرێت، سەرەتای ئەم داستانە لە نوسخەکەی بەرلیندا بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

خانان شکار کەرد، خانان شکار کەرد
یەك ڕۆ شای نەوفەڵ عەزم شکار کەرد
قەبیلەی جە قەوم عەرەب سەوار کەرد
قەههار تاسان، سفید تەتار کەرد
یاساڵ دا قۆشەن، سوپای بێ سامان
ڕەم ڕەم تەیر وەحش، مالاّ نە دامان
فەرمان قۆشچیان، هەر کەس پەی وێشان
کلاّوزەڕ نە فەرق، شاهینان کێشان

کۆتاییەکەیشی بەم جۆرەیە:

«شەفیع» شای نەوفەڵ وە زامانەوە
پای فەوتش پێچان وە دامانەوە
دەستاخەن جە بەین دام تەنەدەی وێش
تۆ بە نەوفەڵ چێش؟ نەوفەڵ بە تۆ چێش؟!
لەیل بیەن وە خاك، خالاّن تالاّش
خاك جە تەغای سووف، پۆشان وە بالاّش
قەیس خەریك بەیت داج دەیجوورەن
مونتەزیر وە نەفخ ناپەیدای سوورەن
تۆ دوعای خەیر کەر لەیل و نەهاران
هەر سەحەرگاهان، خۆر ئێواران

واچــــه یـــا کـــه‌ریم، ده‌هه‌نـــده‌ی داوه‌ر
یـــا نووربـــه‌خش، نـــوور خه‌ورشـــید خـــاوه‌ر
تـــا ئـــه‌رز ئوســـتوار، جه‌بـــه‌ڵ بـــه‌رجا بـــۆ
تـــا به‌قـــه‌ر حامـــڵ حـــه‌مڵ غـــه‌برا بـــۆ
بـــه‌قای بـــێ زه‌واڵ، عـــومر «خه‌ســـره‌و» بـــۆ
بـــه‌ری جـــه ئه‌فـــساد، چـــه‌رخ کـــه‌چ ڕه‌و بـــۆ
ئیقبـــاڵ ده‌وڵـــه‌ت، هـــه‌م عێنـــانش بـــۆ
بـــه کـــۆری دیـــده‌ی دوشمـــه‌نانش بـــۆ
خـــاس هووه‌یـــداش کـــه‌ر، عاڵـــه‌م بفـــامۆ
والـــی زی شـــه‌وکه‌ت، «خه‌ســـره‌و» مـــامۆ
ئـــه‌ڵتافش مه‌زیـــد، زێنده‌گانیـــه‌ن
ئاســـتانه‌ش موحیـــت، کامه‌رانیـــه‌ن
مه‌نیـــشی ســـاکن، نـــه فێتنـــه خۆشـــحاڵ
نـــه ســـایه‌ی عـــه‌دڵش بـــه فاریغولبـــاڵ
واتـــه‌ی نـــام دۆســـت، عه‌بـــد جـــه‌فاکێش
گـــه‌دای خووشه‌چـــین ئـــه‌ربابان پـــێش
نـــاپوخته و ناچیز، بـــێ ئـــه‌جزا و نمـــه‌ك
نـــه سه‌نه‌ی «هه‌زار و دووسه‌د چه‌نی یه‌ك»

نوسخه‌ی دووه‌می هه‌مان داستان له کتێبخانه‌ی موحه‌ممه‌د ڕه‌شیدی ئه‌مینی

نوسخه‌ی دووه‌می داستانی نه‌وفه‌ڵ و مه‌جنوونی میرزا شه‌فیعی کولیایی، یه‌کێکی تریه له‌و نوسخانه‌ی که له‌لای ئێمه وجوودی هه‌یه و وێنه‌ی نوسخه‌که گیراوه، ئـه‌م ده‌ستنووسـه چه‌ند په‌ڕه‌یه‌کی سه‌ره‌تای فه‌وتاوه، نازانرێت ئـه‌م ده‌ستنووسـه چـه‌ند پـه‌ڕه بـووه و ئـه‌وه‌ی ماوه‌ته‌وه بریتییه له نزیکه‌ی (٨٨-٩٠) په‌ڕه، ئه‌ندازه‌که‌یشی لـه شـێوه‌ی (١٤×٢١)سم

دایە، لەبەر ئەوەی چەند جارێك وێنەی ئەم دەستنووسە گیراوە، بە وردی ئەندازەکەی دیاری ناکرێت، نووسەرەوەی دەستخەتەکە زۆر خەت خۆش نییە و تۆزێك بـە ئەسـتەم دەتوانرێـت نوسخەکەی بخوێنرێتەوە، بەیتەکانی لە بەرانبەر یەکتردا نووسیوە، هـەر پەڕەیـەك (٨-٩) بەیتی تێدایە، یا کەمتری تێدایە، ئەوەی ماوەتەوە لەم دەستنووسە و ئێستا بووەتە سەرەتای دەستنوسەکە بەم شێوەیە:

ناپوختــە و ناچــیز، بــێ ئــەجزا و نمــەك
ســەنەی «هــەزار و دوو ســەد چــەنی یــەك»
نەوفــەڵ بــەو کومــەیت، سـووی مەنجۆڵــەوە
مــەهمێز دا مەرکــەب، بــەرد وە چــۆڵەوە...

پاشماوەی ئەم داستانە لە دەستنووسەکەدا (٤٦) پەڕەیە، پەڕەی کۆتایی ئـەم داسـتانە (٥) بەیتی تێدایە، ئەو بەیتانەیش ئەمانەی خوارەوەیە:

«شــەفیع» شــای نەوفــەڵ وە زامانــەوە
پــای فــەوتش پێــچان وە دامانــەوە
دەســتاخەن جــە بــەین دام تەنــەدەی وێــش
تۆ بە نەوفەڵ چێش؟ نەوفەڵ بـە تـۆ چـێش؟!
لــەیل بیــەن وە خــاك خــاڵان ئــاڵاش
خـاك جـە تـەنخای سـووف، پۆشـان وە بـاڵاش
قــەیس خــەریك بــەیت داج دەیجــوورەن
مونتــەزێر وە نــەفخ ناپەیــدای ســوورەن
هــــزاران درود و هــــزاران ســــلام
زمــــا بــــر محمــــد، علیەســــلام

لێرەدا ئەم داستانە تەواو دەبێت و دەچێتە سەر داستانی مەنیژە و بیژەن، لـە نـاو ئـەم داستانەدا و لە کۆتایی پەڕەیەکدا نووسەر نووسویەتی: «این نوشتم تا بماند یادگار.... نـام

خدا ... سرکار! سنه ١٦٧٧». بەڵام نووسەرەوە ناوی خۆی نەنووسیوە و نازانین خاوەنی ئەم دەستنووسە کێیە و لە کوێ نووسیویەتییەوە، لە کۆتایی داستانی «مەنیژە و بیژەن»یشدا نووسویەتی: «در روز چهار شنبه بیست و یك ماه جمادل الاول...»

لێرەدا ئەم دەستنووسەیش کۆتایی دێت و نازانین پاشماوەکەی چەند بووە و چی بووە، یان هەر ئەوەندە بووە، لێرەدا دەست لەم نوسخەیش هەڵدەگرین و دەچینە سەر نووسخەیەکی تری لە نوسخەکانی بەردەستمان.

نوسخەی سێیەمی هەمان داستان لە لای کاك غەففار

نوسخەی سێیەمی دەستنووسی نەوفەڵ و مەجنوون، هەر چەند لێرەدا بە نوسخەی سێیەم ناسێنراوە، هەمان ئەو نوسخەیەیە کە لە چاپی داستانی لەیلێ و مەجنوونی خانای قوبادییەوە لە لایەن کاك «غەففاری ئیبراهیمی» (سارۆ)وە بە نوسخەی دووەم دانراوە و کاری لەسەر کراوە، بە سوپاسەوە کۆپییەکی ئەم دەستنووسەمان لە بنکەی ژین وەرگرتووە، ئەم نوسخەیە بریتییە لە دوو داستان لە یەك دەستنووسدا، ئەو دوو داستانەیش بریتییە لە داستانی: «شیرین و فەرهاد» و «نەوفەڵ و مەجنوون».

نازانم تەواوی دەستنووسەکە چەند لاپەڕەیە، بەڵام بەشی داستانی نەوفەڵ و مەجنوون لەم دەستخەتەدا (٣٠) پەڕەیە، قەبارەکەیشی خۆی لە (١٤×٢١)سم دەدات، هەر پەڕەیەك (١٢، ١٦، ١٧، ١٨) بەیتی تێدایە.

کۆتایی داستانی شیرین و فەرهاد و سەرەتای داستانی نەوفەڵ و مەجنوون لەم دەستخەتەدا دەکەوێتە یەك پەڕەوە، لە کۆتایی داستانی «شیرین و فەرهاد»دا نووسەرەوەی دەستنووس دەڵێت:

«تمت شد کتاب شیرین و فرهاد، در یوم جمعه، ١٠ ذیحجه ١٣٦٧، بە دست میرزا احمد جعفر داریانی»

دواتر نووسەرەوەی دەستنووس دێتە سەر داستانی نەوفەڵ و مەجنوون و بەم شێوەیە دەست بە نووسینەوەی داستانەکە دەکات:

بسم الله الرحمن الرحيم، كتاب نوفل شا و مجنون

خانـــان شـــكار كـــەرد، خانـــان شـــكار كـــەرد

يـــەك رۆ شـــای نەوفـــەڵ عـــەزم شـــكار كـــەرد

قەبيلـــەی جـــە قـــەوم عـــەرەب سـەوار كـــەرد

قـــەهار ماســـان، ســـپی تـــەتار كـــەرد

فەرما قۆشكچيان، هـــەر كـــەس پـــەی وێـــشان

كـــلاوان نـــە فـــەرق، شـــاهينان كێـــشان

لێرەدا بەشێك لە پەڕەی پێش كۆتايی و پەڕەی كۆتايی دەستنووسەكە دەخەينە ڕوو:

«شـــەفيع» شـــای نەوفـــەڵ وە زامانـــەوە

پـــای فـــەوتش پێـــچان وە دامانـــەوە

دەســـتاخەن جـــە بـــەين داو تەنەنـــدەی وێـــش

تۆ بە نەوفەڵ چێش؟ نەوفەڵ بـە تـۆ چـێش؟!

لـــەيل بيـــەن وە خـــاك، خـــالان ئـــالاش

خاك جـە تـەغای سـووف، پۆشـاش وە بـالاش

قـــەيس خـــەريك بـــەيت داج دەيجـــوورەن

مونتـــەزێر وە نـــەفخ ناپەيـــدای ســـوورەن

تـــۆ دوعـــای خـــەير كـــەر وە لـــەيل و نـــەهار

هـــەر ســـەحەرگاهان، خۆروەخـــت ئێـــوار

واچـــە يـــا كـــەريم، دەهەنـــدەی داوەر

يـــا نووربـــەخش، نـــوور خەورشـــيد خـــاوەر

تـــا ئـــەرز ئوســـتوار، جەبـــەڵ بـــەرجا بـــۆ

تـــا بەقـــەر حامـــڵ حـــەمڵ غـــەبرا بـــۆ

تـــاريخ تـــەقرير عەبـــد جـــەفاكێش
گـــەداى خووشەچـــين، ئوســـتايان پـــێش
بـــەقاى بـــێ زەواڵ، عـــومر «خەســرەو» بـــۆ
بـــەرى جـــە ئەفـــساد، چـــەرخ كـــەچ ڕەو بـــۆ
نـــــەشوستەى ناچيز، بـــێ ئـــەجزا و نمـــەك
نـــــە سەنەى «هەزار و دووسەد چەنى يەك»
هـــــــزاران درود، هـــــــزاران ســـــلام
زمـــــا بـــــر محمــــــد، عليەســــــەلام

لە دواى ئەم چەند بەيتەى كۆتايى داستانەكەوە، نووسەرى دەستنووس دەنووسێت:

«تمت شد كتاب نوفل شا و ليل و مجنون در تاريخ (١٣٦٧)، ١٦ى ذيحجه».

دواتر نووسەرەوەى دەستنووس چەند بەيتێك لە دواى نووسراوەكەى خۆيـەوە دەهێنێـت، نەك ئەوەى كاك غەففار لە كتێبەكەدا بـە تێكەڵاوييـەكى زۆر و ناڕوونـەوە دەيداتـە پـاڵ نووسەرەوەى دەستنووس، ئەمەيش ئەو چەند بەيتەى نووسەرەوەى دەستنووسەكەيە:

«جەعفـــەر» خـــاتر تـــەنگ، نـــەدارۆ پايـــان
دنيـــا بـــێ بـــەقان، ئامـــان ســـەد ئامـــان
گـــۆش بـــە دنيـــاى دوون نـــاموراد مەكـــەر
ئـــاخرى هـــەر خاكـــەن، ئـــەى خـــاكم وە ســـەر
ئـــــاخم پـــــەى ناكـــــام، نەوجـــــەوانى داد
داخـــم پـــــەى كۆتـــاى عـــــومر بـــاويم داد
يـــا ڕەب بـــە حاجـــەت ئێمامـــــان پـــاك
دوعـــام قـــەبووڵ كـــەر، پادشـــاى بـــێ بـــاك
حـــەقير نـــە خـــەياڵ مـــات و غەمناكـــەن
ئـــاخ و داخ و دەرد، ئـــــاخرم خاكـــــەن

دوای ئەم چەند بەیتە، بەیتێك هەیە بە خەتی گەورە و لە هی دەستنووسنووسی یەکەم ناکات، پێ دەچێ هی کەسێکی تری بێت، زۆریش جوان نەنووسراوە و ئەوەی بۆ ئێمە خوێنرایەوە، ئەمەیە: «خاك چەنی من هەر ... ها نە مولّك...» نیوەکەی تری ناخوێنرێتەوە. ئەم دەستنووسە نووسەرەوەی خەت خۆشە و دەتوانرێت بۆ بەراورد و لێکۆڵینەوە سوودی لێ وەربگیرێت، نوسخەکەیش زۆر کۆن نییە و بۆ کاری توێژینەوە و سوود لێوەرگرتن، کەلکی تایبەتی خۆی هەیە.

نوسخەی چوارەمی هەمان داستان لە لای عەبدولڕەقیب یووسف

ئەم دەستنووسە یەکێکی ترییە لەو دەستنووسانەی کە بەناوی نوفلّ و مەجنوونی میرزا شەفیعی کولیاییەوە هاتووە، نوسخەیەکی سکانکراوی ئەم دەستنووسەمان لە بنکەی ژین وەرگرتووە، بەڕێزیشیان بەو پەڕی لوتف و مەرحەمەتەوە چەند نوسخەیەکی سکانکراوی داستانی لەیلێ و مەجنوونیان پێشکەش کردین، لێرەوە سوپاسی بێپایانیان ئەکەین.

ئەم نوسخەیش یەکێکی ترییە لە نوسخەکانی داستانی نوفلّ و مەجنوون، نوسخەیەکی زۆر کۆن نییە، بەڵام نوسخەیەکی سەرەتا و کۆتایی تەواوە، ئەم دەستنووسە لە کتێبخانەی زۆر بەڕێز عەبدولڕەقیب یووسفدایە، دەستنووسەکە پێشەکییەکی لە دوو پەڕەدا بە زمانی فارسی لە باسی داستانەکەدا بۆ نووسراوە و هاتووە.

قەبارەی ئەم دەستنووسە نزیکە لە (١٤×٢١)سم دایە و لەناو دەفتەرێکی حساباتی (وەسڵ)ی دوکانێکی تەختەفرۆشیدا نووسراوەتەوە، خەتەکەی تازەیە، ناوی نووسەر و ساڵی نووسینەوەی پێوە نییە، هەر پەڕەیەکی (٩-١٠) بەیتی تێدایە و بەیتەکانیش بەرانبەر نووسراون، نووسەرەوەی خەت خۆشە و بە مەرەکەبی ڕەش نووسیویەتی، خەتەکەیشی لە شکەستەی فارسیی دایە، لە دوای دوو پەڕەی پێشەکییەکە، دەچێتە سەر داستانەکە و سەرەتای داستانەکەیش بەم شێوە نووسراوە:

بسم الله الرحمن الرحيم

خانــان شــكار كــەرد، خانــان شــكار كــەرد
یەك ڕوژ نەوفـەڵ شـاه، عـەزم شـكار كـەرد
قەویلـەی ژە قــەوم، عــەرەب سـەوار كـەرد
شـــكار ماســـان ســـفید تـــەتار كـــەرد
فـەرما قۆشـچیان، هـەر كـەس پـەی وێـشان
كـــڵاوان نـــە فـــەرق شـــاهینان كێـــشان

كۆتایی داستانەكەیش بەم شێوەیە:

«شـــەفیع» شـــای نەوفـــەڵ بـــەو زامانـــەوە
پـــای مـــــەوتش پێـــچان وە دامانـــــەوە
دەســتاخەن نــە تــەور دام تەنــدەی وێــش
تــۆ وە نەوفــەڵ چــێش؟ نەوفــەڵ وە چــێش؟!
تــۆ دوعــای خــەیر كــەر نــەجای پێــواران
هــەر ســەحەرگاهان، هــەر خــۆر ئێــواران
واچـــە یـــا كـــەریم، دەهەنـــدەی داوەر
یـــا نووربـــەخش، نـــوور خەورشـــید خـــاوەر
تـــا عەریزئەلبـــەیت، جەبـــەڵ دیـــار بـــۆ
بـــەقای خـــان حاســـڵ بـــە ئێقتێـــدار بـــۆ
بـــەقای بـــێ زەواڵ، خـــان «خەســـرەو» بـــۆ
بـــەری ژە ئەفـــسار، چـــەرخ كـــەج ڕەو بـــۆ
ئێـــشقاقش مەزیـــد، زێندەگانیمـــەن
ئـــەلتافش موحیـــت كامەرانیمـــەن

مونـشی ســاکن بـۆ، نەسـرەفتەی خۆشـحاڵ
نــە ســایەی عــەدڵش ببـۆ فــارغ بــاڵ
خاســـەن هونـــەرش عاڵـــەم بفـــامۆ
والـــی زی شـــەوکەت، ئـــەولا دمـــابۆ
یــە شــەفیع واتــەن، بــێ ئــەجزا و نمــەك
نـــــە سەنەی «هەزار و دووسەد چەنی یەك»
ئیلتێجـــام ئێـــدەن ژە موســـوڵمانان
فاتیحـــەی ئـــێخلاس، پـــەرێم بوانـــان

ئەم دەستنووسە یەکێکی تری بوو لەو دەستنووسانەی بەردەستمان و داستانەکە لێرەدا تەواو دەبێت، بەڵام ئەوەندە هەیە لەسەر ساڵی «هەزار و دووسەد چەنی یەك» پێم وابێ خەتی مامۆستا عەبدولڕەقیب یووسف بێت- نووسراوە (١١٠١)، دیارە (١١٠١) هەڵەیە. لە چەند جێگایەکەدا بە خەتی تازە نووسراوە: «لەیلا و مەجنوونی میرزا شەفیع بە زاری گۆرانی، عەبدولڕەقیب یووسف، نوسخەی تەواو لە ساڵی (١١٠١) هۆندویەتی، نوسخەی عەبدولڕەقیب یووسف.»

لە هەندێ جێگەدا کوژانەوە و ڕاستکردنەوەی تێدا دەبینرێت و لە چەند پەڕەیەکیشدا نووسینەکە بە قەڵەمی شین نووسراوە، تەواوی پەڕەکانی ئەم داستانەیش (٤٤) پەڕەیە، جیاوازی وشەیی و هەندێ بەیتی زیاد و کەمی لەگەڵ نوسخەکانی تریدا هەیە، بۆیە بۆ بەراوردکردن بە دەرد دەخوات و هیوادارم لە ئایندەدا کەڵکی لێ وەربگرین.

نوسخەی پێنجەمی هەمان داستان لە کتێبخانەی میللی ئێران لە شاری تاراندا

کاك عەبدوڵڵای حەبیبی لە شاری نۆتشە ئاگاداری کردمەوە لەوەی کە نوسخەیەکی تری هەمان داستان لە کتێبخانەی میللی شاری تاراندا هەیە و ئەو نوسخەیشمان بە دەست هێنا، ئەگەرچی ئەم نوسخەیش بە بۆچوونی هەردوولامان نوسخەیەکی باش سکانکراو

نییە، لە هەمانکاتیشدا کەوتن و تێکەڵاوی زۆر لە پەڕەکاندا هەیە، پەڕەکان تێکەڵاوبوون، وادەچێت جزووبەنەکەی پچڕابێت و دووبارە جزووبەند کرابێتەوە، ئەم دەستنووسە بە ژمارە شناسایی (١٥٩٧٧٨٥) ناسێنراوە، دەستنووسەکە بە دەستنووسێکی فارسی لە ڕیزبەندی نوسخەکاندا دانراوە و فەهرەست کراوە.

ئەندازەی ئەم نوسخە زۆر ڕوون نییە، بەناوی «بیاض جُنگ»ەوە ناسێنراوە، نووسەرەوەی تا ڕادەیەك خەت خۆش بووە، هەندێ بەرهەمی وەکو میرزا شەفیعی کولیایی، خەستە، خانای قوبادی، ئەحمەد بەگی کۆماسی، موستەفا، مەلا ڕەحیم، سەعدی، شەمسی تەبریزی، عەتتار و ئەسەدوڵڵای تێدایە، وا دیارە نووسەروەی بەیازەکە شاعیر بووە و ئەسەدوڵڵای ناو بووە. لە پەڕەی (١٨)دا نووسیویەتی: «تمام شد کلام اسدالله... در شهر ربیع الثانی ١٣٠٠»، لە پەڕەی (٢٥)یشدا دیسانەوە نووسیویەتی: «سنه ١٢٩٠ یا ١٢٩٨». ژمارەی کۆتایی ئەم ساڵە باش ناخوێنرێتەوە. لەم دەستنووسەدا سەرەتای داستانەکە بەم شێوەیە:

بسم الله الرحمن الرحیم

خانان شکار کەرد، خانان شکار کەرد

یەك ڕۆ شای نەوفەڵ، عەزم شکار کەرد

ئەم دەستنووسە لەبەر ئەوەی جزووبەنەکەی تێکچووە، نازانرێت سەرەتا و کۆتایی دەستنووسەکە چۆنە، کۆتایی ئەم داستانەیش کەوتۆتە چی پەڕەیەکەوە، کۆی ئەو پەڕانەی لەم دەستنووسە ماوەتەوە، (١٠٠) پەڕەیە، بۆ ساغکردنەوەی ئەم داستانە و دەستنووسەکە، دەبێ ماوەیەکی باش پێوە سەرقاڵ ببیت و تەواوی شیعرەکان بخوێنرێتەوە و ڕێکوپێك بکرێنەوە و ئەمجا فەهرەستی بۆ دابنرێت. ئێمە لێرەدا هەر ئەوەندە لەسەر ئەم دەستنووسە دەنووسین و ئەوەی تری جێ دەهێڵین بۆ لێکۆڵەرانی ئەو بوارە.

نوسخەی یەکەمی داستانی لەیلێ و مەجنوونی (مەڵلا) لە کتێبخانەی میللی بەرلین

لەناو دەستنووسەکانی کتێبخانەی میللی بەرلیندا کەشکۆڵێك هەیە، کۆمەڵێك هۆنراوەی یووسف بەگ و شیعرێکی ئەحمەد بەگی کۆماسیی تێدایە، لە دوای شیعری

گڵکۆی تازە لەیلەکەی کۆماسییەوە، داستانی لەیلێ و مەجنوونێك هاتووە، سێ نوسخەی تری ئەم داستانەمان لە بەردەستدایە.

ئەم دەستنووسەی کە لە لای منە نزیکەی (٥٦) پەڕەیە، سەرەتا بە شیعرێکی ئەحمەد بەگی کۆماسی (گڵکۆی تازەی لەیل) دەست پێ دەکات، دواتر داستانی لەیلێ و مەجنوونی (مەڵلا) دەست پێ دەکات. ئەم دەستنووسەی کتابخانەی میللی بەرلین ژمارەی لاپەڕەکانی بە ژمارەی ئینگلیزی بۆ دانراوە، لە ژمارە (٣٠)یەوە دەست پێ دەکات تا لاپەڕەی (٥٦) و لاپەڕەی کۆتایی ژمارەی بۆ دانەنراوە و ئەژماری لاپەڕەیی کراوە نەك پەڕەیی، بەڵام هەڵەیە و لە ڕاستیدا (٥٦) پەڕەیە و دەکاتە (٢٨) لاپەڕە.

وەکو وتمان بە هۆنراوەی «گڵکۆی تازەی لەیل» دەست پێ دەکات، دوای (٣) پەڕە دەچێتە سەر داستانی لەیلێ و مەجنوون، سەرەتای ئەم داستانەیش بەم شێوەیە:

کۆچ شەو مەیل کەرد، کۆچ شەو مەیل کەرد
یەك شەو عامر شا، کۆچ شەو مەیل کەرد

ئەم داستانە (١٦٨) بەیتە، بەیتەکانی نێو ئەم دەستنووسە لە پەڕەیەکەوە بۆ پەڕەیەکی تری جیاوازە، پەڕە هەیە (١٤) بەیتی تێدایە و پەڕەیش هەیە (١٦) بەیت، بە گشتی بەیتەکان لە پەڕەیەکەوە بۆ پەڕەیەکی دیکە زیاد و کەم دەکات.

کۆتایی ئەم داستانەیش بەم شێوەیە:

«مەڵلا» خولاسەی دنیا یەك دەمەن
کەسێ دڵشادەن، کەسێ دڵ غەمەن
یە ڕەنگ بازار، چەرخ ئافاقەن
کەسێ کۆچ کەردەن، کەسێ تفاقەن
کەسێ بێ‌دەماخ، ئەڵلا ئەڵلاشەن
کەسانێ حوجرەی ساکنی جاشەن

(علـــی کـــل شـــئ) دنیـــا فانیـــەن
ســـەوداش بـــێ ســـوودەن، پێـــشانیەن
یـەعنی هـەر شەخـسێ بـەزر بەدکاشـتەن
کـەس جـە بـەزر بـەد خـەیر بەرنەداشـتەن
سـاحێب کـەمالان، خـەیرگۆ خەیرئەنـدێش
بـەدان هـا نـە پـشت، نیکـان هـا نـە پـێش
هەر کەس خـاس واچـۆ، خـاس مـەیۆ وە لاش
حـەزرەت ڕەسـوولْ مـەبۆ شـەفاخواش

لێرەدا داستانەکە تەواو دەبێت، وەکو دەبینین ناوی شاعیر «مەلَلا»یە، مەلَلاش نازناوی شیعری مەلَلا وەلـەوخانی گۆرانییـە، لێـرەدا بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە مـەلَلا وەلـەوخانیش داستانی لەیلێ و مەجنوونی داناوە، بەلاَم بە کورتی نووسیویەتی و پوختەی کردووەتەوە.

ئەم دەستنووسە ئەندازەکەی (١٤×٢١)سم دەبێت و نووسـەرەکەی زۆر خـەتخۆش و بـە سەلیقە بووە، لە کۆتایی دەستنووسەکەیشیدا بەم شێوە ناوی خۆی دەهێنێت:

«تمت الکتاب بعون ملك الوهاب البرهانه به خـط حقیر فقیر سراپا تقصیر کمترین خلـق الله ویـسکرم در حالـت کیـف کـه جمیـع غـم و خـصومت بهـای روزگـار در ملاحظه ... عفو دارم، بتاریخ ٧-١٠ شهر شوال... سنه ١٣١٧».

ئەم بەرواره بەرامبەر بە ساڵی زایینی دەکاتە (٧-٢-١٩٠٠).

نوسخەی دووەمی داستانی لەیلێ و مەجنوونی (مەلَلا) لە کتێبخانەی مەجلس

ئەم بەیازەیش یەکێکی ترییە لە بەیاز و نووسراوەکانی ئەدیب و زانایانی کورد، تا ئێستا بەشێوەیەکی ئەوتۆ بەرچاو نەکەوتووە و سوودی لێ نەبینراوە، ئەم نوسخەیە نوسـخەیەکی زۆر شپرزە و پەرپووتە، نووسەرەوەی بەشێوەیەك نووسیویەتی هەست دەکرێت ناشارەزا یا ئەم بەیازە مسوەدەیی بووە...

ئەم بەیازە یەکێکی تریبە لەو بەیازانەی کە کۆپییەکی بە شێوەی (پی دی ئێف) و سکانکراوی لە لای ئێمەیە، نوسخەکە لە کتێبخانەی مەجلیسی شورای ئیسلامی ئێراندا پارێزراوە، ژمارەی تۆمارکراوی ئەم دەستنووسە (٢٠٨٩٣٤)ە و لە قەفەسی (١٧٧٦٩)دا پارێزراوە، بەشێك لە بەرهەمەکانی نێو ئەم دەستنووسە برتییە لە: داستانی لەیلێ و مەجنوون، شیرین و فەرهاد، هەندێك شیعری سەرعی، نادر و ئەمین کوردیشی تێدایە....

ئەم دەستنووسە لە ساڵی (١٣٠٩ یا ١٣٩٠) نووسراوەتەوە، بە ساڵی نووسینەوە و مانگ و وردەکارییەکان جۆرێك بێتاقەتی نووسەری پێوە دیارە، وەکو یاری کردن و بێئومێدی و گوێنەدان بە هەندێ کاری ئەم دەستنووسە، بەرچاو دەکەوێت، چەند جارێك وەکو تەمرین کردن بۆ نووسینەوەی خەتخۆشی نووسیویەتی (ربیع ال اول، ربیع الاول) چەند جارێك ساڵەکەی بە شێوەی جیاواز و تێکەڵاو نووسیوەتەوە، هەروەها چەند جارێك وشەی (سنە)ی نووسیوەتەوە... دەستنووسەکە لە لایەن سەیید حوسێن ناوێکەوە نووسراوەتەوە.

سەبارەت بە داستانی لەیلێ و مەجنونیش ئەوا نووسەری ئەم دەستنووسە سەرەتا هاتووە نووسیویەتی: «بسم الله الرحمن الرحیم، کتاب لیلی و مجنون».

دواتر چەند بەیتێکی لەم پەڕەیەدا هێناوە، سەرەتای ئەم داستانە بەم شێوە دەست پێ دەکات:

یەکشەو عامر شاه کۆچ شەو مەیل کەرد
مەیل لەیلێ داشت، دوستاخ لەیل کەرد

لە دوای دوو پەڕە نووسەر کۆتایی بەم داستانە ئەهێنێت، دوای پەڕەیەك و لە پەڕەیەکی تردا دیسانەوە هەم نووسیویەتی: «بسم الله الرحمن الرحیم، کتاب لیلی و مجنون». دوای ئەمەبش نووسیویەتی: «یەك شەوێ عامر شاه عر».

بەم شێوەیە یاریکردن بەم داستانە بەردەوامە و دوای چەند پەڕەیەك یاریکردن داستانەکە بەردەوام دەبێت. هەر پەڕەیەك لە (٤، ٥، ٦-٩) بەیت دەڕوات، نووسەرەوەی تا ڕادەیەك خەتخۆشە، پەڕەکانی ئەم داستانە نزیکەی (٤٤) پەڕەیە و زۆر تێکەڵ و پێکەڵە و پێویستی

به لێکۆڵینەوەیەکی وردە بـۆ جیاکردنـەوەی بەیتـەکان، پێدەچـێت دوو داسـتان تێکـەڵاو کرابێت. لە کۆتایی ئەم داستانەیشدا بارێکی تر نووسەر (٣) پەڕە لە نوسـخەیەکی تـری داستانی لەیلێ و مەجنوونی «بە نام دانای جەهان پەیدا کەر..» دەهێنێت، لێـرەدا ئـیتر دەستنووسەکە تەواو دەبێت، بە بڕوای ئێمە بۆ زیـاتر وردبوونـەوە لـەم دەستنووسـە دەبـێ نوسخەیەکی باشی داستانەکەت لە بەردەستدا هەبێت و ئەم نوسخەیش وەکو نوسخەیەکی هاوکاری بەکار بهێنرێت، هیچ کات بۆ نوسخەی بنـچینەیی بـە دەرد نـاخوات و کـەڵکی ئەوەی نییە سوودی لێوەربگیرێت.

نوسخەی یەکەمی داستانی لەیلێ مەجنوونی سەوادی لە کتێبخانەی عەبدولڕەقیب یووسف

داستانی لەیلێ و مەجنوونی سەوادی، سەوادی شـاعیر یـەکێکی تریـیە لـەو شـاعیرە کوردانەی کە بە زمانی کوردی، شێوەزاری کرمانجی داستانی لەیلێ و مەجنوونی نووسیوە، ئەم داستانە (٤) نوسخەی سکانکراوی لە بەردەستی ئێمەدا هەیە، هەر چوار نوسخەکەیش هی کتێبخانەی تایبەتی زۆر بەڕێز عەبدولڕەقیب یووسفی نووسەری کوردە، ئێمە بەپێی ئەو ساڵانەی بە سەر دەستنووسەکەوەیە، ڕیزبەندیمان کردووە و لێرەدا دەیانناسێنین.

ئەم نوسخەیە بریتییە لە (٦١) پەڕە، بەڵام ئەو پەڕانەی داستانەکەی تێدا نووسراوەتەوە، (٥٩) پەڕەیە، نووسەرەوەی دەستنووسەکە خەت خۆشە و بە مەرەکـەبی ڕەش و بـە خـەتی نەستەعلیق نووسراوەتەوە، لە پەڕەی یەکەمدا بە خەتێکی تازە نووسراوە:

«نسخه فارقین (میافارقین) کتبت سنه ١٣٥٥ه، ز= ١٩٢٦-١٩٢٧م، لیلی و مجنون».

لە پەڕەی دووەمیـدا نووسـراوە: "تـاریخ تـألیف الکتـاب ص١١". لـە پـەڕەی (٣)دا نووسراوە:

«کتاب مجنون و لیلی، کتبه رمضان بن رشید الشکفتی في قریـة حـسینا سـنه ١٣٥٥ه عند استاذ ملا عبدالقادر فی مدرسه حسینا».

لە پەڕەی (٤)دا و بە ژمارە دانراوی ڕاستی سەر دەستنووسەکە، پەڕەی (٢)، نووسراوە:

«هذه الرسالة المسمّان بلیلي و مجنون نظمه السّوادي».

دواتر دێتە سەر داستانە شیعرییەکە و سەرەتاکەیشی بەم شێوەیە نووسراوە:

بسم الله الرحمن الرحیم، وبە نستعین

فیهرەســـتێ کیتابـــە، نـــاڤێ مـــەعبوود
قـــەییووم و قـــەدیم و (حـــيّ) و (موجـــود)
بـــێ شـــوبە و میـــسال و عیدلـــە خـــالیق
ســـــازەندەی مومکینـــــات و فـــــالیق

لە هەر پەڕەیەکدا (٩، ١٢، ١٣) بەیت هاتووە، نووسەرەوەی خەتخۆشە و بـە خـەتێکی ڕوون و جوان بەیتەکانی نووسیوە، بەیتەکانیش بەرامبەر بە یەکتری و نیشانەگوزاری سـەر پیتەکانیش کراوە، واتە فەتحە و زەمە و کەسرە بۆ هـەموو پیتـەکان دانـراوە، لـە هەنـدێ پەڕەیشدا مامۆستا عەبدولڕەقیب یووسف نـاوی خـۆی نووسـیوە، لـە پـەڕەی (٢٧)یـشدا نووسیویەتی: «عەبدلڕەقیب یووسف، ٢٦-٨-١٩٧٧ ئەستەمبوولّ».

ئەم دەستنووسە هەندێك لە پەڕەکانی بەر تەڕبوون و شێ کەوتووە و بەیتەکانی هەندێك تێکدراوە، لە پەڕەی (٥٧)یشدا بە خـەتێکی تـری نووسـراوە: "٢٧ دێـری کەمـە"، دوای بەیتێکی تری دیسانەوە نووسراوە: "دێرێك کەمە"، لە پەڕەی (٥٨ و ٥٩)یشدا هەمـدیس نووسراوە: "دوو دێر کەمە، دێرێك کەمە".

کۆتایی ئەم داستانەیش بەم شێوەیە:

یـــارەبی ســـەوادیێ جیگـــەر خـــوون
ئـــازاد بکـــی ببەخـــشی مـــەجنوون
عـــەددا وێ بکـــی ژ وێ توفـــەیلی
ســـادق بکـــو ژی میـــسالێ لـــەیلی
مەعـــدومم و ئـــەز جـــەریم و مـــەککار
یـــا واجیـــب و یـــا ڕەحـــیم و غـــەففار

مامــــــه د غــــــهما خـــــودا ئیلاهـــــی
چـــــــار و مهددامــــــــه رووســــــیاهی
مـــــهوتا مـــــه حهلقـــــه و ئـــــهز نــــهوێرم
لـــــهورا گونـــــههێ عهجـــــهب د دێـــــرم
ڕاكـــی ل مـــــه كـــی و مـــن ڕهـــا كـــی
بـــو خـــاترێ ئـــالێ موســـتهفا كـــی...

دوای هەندێ نووسینی وەکو (لا اله الا الله...) و بەیتی زیاد کراو و نووسـینێ کـە بـە وردی نووسراوە، دوای ئەمانە، نووسەرەوەی دەستنووس نووسیویەتی:

«تمت، تمت تسوية الكتاب النظم بعون الملك العلى العظيم، على يد الحقير المعترف بالطف الكثير رمضان بن رشيد الشكفتي الجائر عند الا استاذ المكرم طاهر الملا عبدالقادر، في مدرسة حسينا شهر شوال يوم الاربعاء قد مضى منة ستة عشير يوما، سنه: ٥-٩- ١٣٥٥هـ، ١٣٥٣ر...».

هەر لەم پەڕەیەشدا مامۆستا عەبـدولڕەقیب یووسـف نوسـیویەتی: "عەبـدولڕەقیب یووسف، ٢٦-٨-١٩٧٧، ئەستەنبوولّ".

لێرەدا دەست لەم دەستنووسە هەڵدەگرین و نوسخەیەکی تری لەم داسـتانەی لـەیلێ و مەجنوون لە کتێبخانە تایبەتییەکەی مامۆستا عەبدولڕەقیب دەناسێنین.

نوسخەی دووەمی هەمان داستان لە کتێبخانەی عەبدولڕەقیب یووسفدا

نوسخەیەکی تری ئەم داستانە کە لەلای مامۆستا عەبدولڕەقیب یووسفە، بریتییە لـە (٥٤) پەڕە، پەڕەی یەکەم بە خەتێکی تازە تێیدا نووسراوە:

«ليلى و مجنون، محفوظ هيرانى نقشييه، د ١٩٦٣ دا، عەبدولڕەقیب یووسف».

لە پەڕەی دوویشدا لەناو نەقش و نیگارێکدا نووسراوە:

«كتاب ليلى و مجنون رحمه الله عليهما».

دوای (بسم الله الرحمن الرحيم) دێته سەر داستانە شیعرییەکە، سەرەتای داستانەکەیش بەم شێوەیە:

ڕاویـــیێ عـــەزیزێ خـــوش ڕیوایـــەت
ئەلقیـــسە وەهـــا دکـــر حیکایـــەت
گــۆ: ژ مــولکێ عــەرەب خەچیەت نامــەك
عـــالیو وە هـــەم عـــەقل تەمامـــەك

ئەم پەڕەیە (٧) بەیتی تێدایە و تەواوی بەیتەکان بەرانبەر بـە یـەك نووسـراون، هـەر پەڕەیەك (١١) بەیتی تێدایە، نووسەرەوەی زۆر خەتخۆش نییە، مەرەکەبی قەڵەمەکـەی زۆر بووە و هەندێ نووسینی باش دەرنەچووە، لەم دەستنووسەدا کۆتایی داستانەکە بەم شێوەیە هاتووە:

مـــــەجنونێ جنـــــازەیێ زوگـــــاری
دانینـــــە مـــــەحاقیا مـــــەراری
مـــــەقروون و مـــــەقارین و بەرابـــــەر
هـــەم سـینە و هـــەم کـــەنار و هـــەم سـەر
ســـەر پووشـــی کـــرن ب پـــەردەیا خـــاك
هـــاتن ب ویـــداعێ دیـــدە نمنـــاك
یـــا ڕەبـــی ســـەوا دیـــیێ جگـــەر خـــوون
ئـــازاد بکـــی، ببخەشـــی مـــەجنوون
عـــەددا وی بکـــی وەکـــی توفـــەیلی
ســـادق وی بکـــی میـــسالێ لـــەیلی
مەعـــدوومم ئـــەزێ جـــەریم و مـــەککار
واجیـــب گـــەرایی، ڕەحـــیم و غـــەففار

مامـــــه د غـــــهما خـــــودا ئیلاهـــــی
چـــــار و مـــــهدهدا مـــــه ڕووســـــیاهی

له لایه‌کی په‌ڕه‌که‌وه نووسراوه: "١٩٦٣ میلادی"، له‌و په‌ڕیشه‌وه نووسراوه: "١٣٨٢ هجری". نووسه‌ره‌وه‌ی ئه‌م ده‌ستنووسه ئه‌م چه‌ند زانیارییه‌ی بۆ تۆمار کردووین:

«سوده الحقیر الفقیر المحتاج الی لطف ربه القدیر محفوظ الغالی مهزانی انا له الله الی جمیع المرام ورزقه الله طواف بیته الحرام، مع الاستقامه فی اللّیالی والابام آمین بجاه سید المرسلین علیه صلواة الله فی الاول والآخر مع الآن والحین».

دواین په‌ڕه‌ی ئه‌م ده‌ستنووسه، ئه‌م چه‌ند وشه‌یه‌ی تێدا نووسراوه:

«ثلاثة تجلو عن القلب الحزن الماء والخضراء والوجه الحسن، کتبه عبدالعزیز الجزری، لیلی و مجنون».

ئه‌م ده‌ستنووسه‌یش لێره‌دا کۆتایی دێت، ئێمه‌یش هه‌ر ئه‌وه‌نده‌ی له‌سه‌ر ده‌نووسین و ده‌چینه سه‌ر نوسخه‌یه‌کی تری هه‌مان داستان له کتێبخانه‌که‌ی مامۆستا عه‌بدولڕه‌قیب یووسفدا.

نوسخەی سێیەمی هەمان داستان لە کتێبخانەی عەبدولڕەقیب یووسفدا

نوسخه‌ی سێیه‌می ئه‌م ده‌ستنووسه بریتییه له (٧١) په‌ڕه، ئه‌م ده‌ستنووسه به خه‌تێکی تازه و له ده‌فته‌رێکی خه‌تداردا نووسراوه، په‌ڕه‌ی یه‌که‌می لێی نووسراوه:

"چاڤری- چاڤریك- ایلوك-
کتحوك- صواصور- .....
کله‌صور- کوسل- ....
شوماز-
گزنگ-
رونانیس-
شرنگ-

سیابوء-

گیا گیچاه-

رزکا فندقا-

له بەرامبەر شرنگ و سیابوء دا نووسراوه: (١٣٨٣-١٢١٢= ١٧١)".

له پەڕەی دووەمیشدا نووسراوه:

«کتاب لیلاؤ مجنون للشاعر سوادي، دەستخەتێ مەلا سراج الدینی خەلیلی ١٩٦٣م».

دواتر به خەتێکی کاڵ و جیاواز نووسراوه:

«تاریخ تألیف هو مغز سینه ١١٧٢، او (مغز سنه) ١١٥٧ او ١١٦٢، (م ٤٠، غ ١٠٠٠، ز ٧، س ٦٠، ن ٥٠، ه ٥، ی ١٠)».

له پەڕەی (٣)یشدا نووسراوه:

«به دست و قلما محمد سراج الدین الکردی الخلیلی، (ئیمزا و مۆر)».

له پەڕەی دووی ژماره لێدراوی نووسەریشدا لەنێوان نەخش و نیگارێکدا نووسراوه:

«اڤه کتیبا لیلاؤ مجنون به زمانی کرمانجی».

دوای (بسم الله الرحمن الرحیم)یش دەچێته سەر داستانەکه و سەرەتای داستانەکەیش بەم شێوه هاتووه:

فەهرەستێ کتابێ نافێ مەعبوود

قەییووم و قەدیم وحەیی و مەوجوود

بێ شوبه و میسال و عیدله خالیق

سازندەیێ مومکینات و فالیق

لەم پەڕەیەدا (٩) بەیت هاتووه، بەیتەکانیش هەمووی بەرامبەر به یەکتری نووسراون، هەر پەڕەیەکیش (١٥) بەیتی تێدا نووسراوه، هەندێ پەڕەیش بەهۆی هاتنی سەرباسەکانەوه

کەمتری تێدایە، لە پەڕەی (١٠)دا لە کەناری پەڕەکـەدا نووسـراوە: "١٧ ئـازار ١٠٤٧".
پەڕەی (٢١ و ٢٢) لەم دەستنووسەدا خاڵییە، لە پەڕەی (٥٦)دا تەنها یەك بەیت هاتووە:

ڕاکـــی لـــە کـــی وە مـــن ڕەهـــا کـــی
بـــۆ خـــاترێ ئـــالێ موســـتەفا کـــی

دواتر لەناو نەقش و نیگارا نووسراوە:

«تمت المختصرة المنظومة بالكردى من قصة مجنون و ليلي على يد الحقير العبـاد سوادى قد حررها لاجل لؤلؤ عمان الوزارة عبـدالله پاشا استنساخ كريه محمد سـراج الدين لەبەر نوسخەیەکی خەتۆ هاتبوو نڤیساندن د سالا ١٣٢٩ ڕۆمی».

لەمبەر و ئەوبەری ئەم نووسینەدا ئەم بەیتە نووسراوە:

گـــا دمـــــری چـــــەرم ژی دمـــــینی
مـــــێر دمـــــری نـــــاڤ ژی دمـــــینی

لە خوار ئەم نووسراوانەوەیشەوە ئەم چەند زانیارییە تۆمار کراوە:

«تەمام بوو بە عەون خودێ مـەنزووما [مـەجنوون و لـەیلێ] د سـالا هیجریـدە ١٣٨٣ میلادی ١٩٦٣ سالا رومی ١٣٧٩ مهاحجاد الثانی سوبهی لگنـدی [دککیـە] بەلکی دکینی.

ڕجـــا دکـــم ئـــەز ژ تـــە یـــا خونـــدەڤان
دوعـــا بکـــە ژ ڕەبـــێ پـــر دلۆڤـــان
عـــەفوو بکـــە زەنـــب و گونـــاهێ ســـیاج
وەرنـــە تونینـــە نـــە دەوا، نـــە عـــیلاج
لـــەوره خـــودا عـــەفوو دکـــی گوناهـــان
چـــڤا بکـــەن بەنـــدە د ســـال و ماهـــان

مطبعة لغرائب و العجايب: لصاحبها (محمد سراج الكردي)».

پەڕەی (٥٧ و ٥٨) بریتییە لە پێرستی کتێبەکە، لە کۆتایی پەڕەی (٥٨)دا نووسراوە:

ئاه ئاه ئاه سەد ئاه ئاه ئاه ژ دەستی فیرقـەتا حەبیبا

ئاخ ئاخ ئاخ سەد ئاخ ئاخ ئاخ ژ دەستی عەوانیا ڕەقیبا

محمد سراج الدین: ئیمزا

هەر لەم پەڕەدا مامۆستا عەبدولڕەقیب ناوی خۆی نووسیوە، لە پەڕەی (٥٩)دا تـەنها مۆری موحەممەد سیراجەددین هاتووە، لە پەڕەی (٦٠)یشدا لەناو نەقش و نیگارا نووسراوە: «طبّا کردی تألیفا ملا محمودی».

دواتر دێتە سەر باسکردنەوە و پێشەکییەکی (١٠) پـەڕەیی دەنووسـێت، لـە کۆتـایی پەڕەی کۆتاییدا نووسراوە: «بە دەستی موحەممەد سـیراج: ١٣٧٩ڕ، ١٣٨٣ه، ١٩٦٣م، ئـەو نوسخا مە لەبەر ئیستینساخ کری د سالا (١٢١٢ه)دا هاتبوو نڤیساندن».

ئەم دەستنووسە کە موحەممـەد سـیراجەددین نووسـیویەتی، نوسـخەیەکی زۆر پـاك و خەتخۆش و جوانە، بە نووسینێکی باش دادەنرێت بۆ لێکۆڵینەوە و کارکردن.

لێرەدا ئەم نوسخەیش کۆتایی دێت و دەچینە سەر نوسخەی کۆتایی ئـەم داسـتانە لـە کتێبخانە تایبەتییەکەی مامۆستا عەبدولڕەقیبدا.

نوسخەی چوارەمی هەمان داستان لە کتێبخانەی عەبدولڕەقیب یووسف

دەستنووسی چوارەمی ئەم داستانەیش وەکو داستانەکانی تری لێـرەدا دەناسـێنین، ئـەم دەستنووسەیش لە کتێبخانەی مامۆستا عەبدولڕەقیبدایە و ئێمە کۆپییەکی سکانکراویمان لە بنکەی ژین وەرگرتووە، ئەم دەستنووسە لە بنەڕەتدا (٦٦) پەڕەیە و ژمارەیش بۆ پەڕەکان دانراوە، دوای ئەمە پەڕەیەکی تری بۆ دەستنووسەکە زیاد کراوە، زیادکردنەکەیش لە لایەن مامۆستا عەبدولڕەقیبەوە کراوە، تێیاندا دەستنووسەکەی ناساندووە، ناساندنەکەیشی بـەم شێوەیە:

«دانەیا تطـوان ١٣٨٧ه، لیلی و مجنون، ژ هونانـدنا شـاعیرێ کـورد سـەوادی، تاریخ تألیف الکتاب- ص ١٢، عبدالرقیب یوسف».

له لای ڕاستی یەکەم پەڕەوە لە سەرەوە نووسراوە: «لیلی و مجنون»، لە ناوەڕاستیشەوە بە شێوەی گومەز نووسراوە: «وبه نستعين»، لە ناوەڕاستی «وبه نستعين»دا نووسراوە «بسم الله الرحمن الرحيم»، دواتر دەچێتە سەر داستانەکە:

فەهرەستێ کیتابە ناڤێ مەعبوود
قەییووم و قەدیم و حەیی و مەوجوود
بێ شوبه و میسال و عیدل و خالیق
سازەندەیێ مومکینات و فالیق

مامۆستا عەبدولڕەقیب لە سەرەتاوە نووسیویەتی: "لیلا و مجنون یا شاعیر سەوادی". ئەم دەستنووسە بە خەتێکی خۆش و بە خەتی نەستەعلیق نووسراوەتەوە، نیشانەگوزاری سەر پیتەکان کراوە، هەر پەڕەیەك (١٠، ١١) بەیتی تێدایە، قەبارەی دەستنووسەکەیش خۆی لە (١٤×٢١)سم دەبینێتەوە. لە پەڕەی (٦٣)دا نووسەرێکی تری نووسیویەتی: "٢٧ دێر کەمە"، دوای بەیتێکی تری، نووسیویەتی: "دێرەك کەمە"، لە پەڕەی (٦٤)دا دیسانەوە نووسراوە: "دوو دێر کەمە، سەوادی، دێرەك کەمە". لە پەڕەی (٦٥)یشدا کۆتایی داستانەکە و ناوی نووسەرەوەی دەستنووسەکە هاتووە:

مامە د غەما خودا ئیلاهی
چار و مەدەدا مە ڕووسیاهی
مەوتامە حەقە و ئەز نەویرم
توو ڕا گونەهێن عەجەب د دیرم
ڕاکی لەکی و مەن ڕەها کی
بۆ خاترێ ئالێ موستەفا کی

دوای ئەم چەند بەیتە، نووسەر نووسیویەتی:

«تمت، هذه النسخة من كتاب ليلي و مجنون على يدا فقر عبادالله تعالى محمد كال الكردي بن الشيخ نوري عليها رحمة الباري في سنة ١٣٨٧ من هجرة مفخر

الموجودات عليه وعلى آله من الصلواة اتمها ومن التسلمات الكملها بعد الظهر من شهر كانوده الثاني آه ژ دەست قەڵەم (سپس!)».

له دوای ئەم وتەیە، نووسەر دەنووسێت:

«خودا تو ڕا دهه عالی مەراتب

که خواندنا تەحریر روحی کاتب

کتبها لاجل برای خوه عزیز فقی عبدالله (آزر)

قلم سست و مرکب همچو خاکست

ازین معنی خط کاتب خرابست

نوشتم ندانم ز حالم خبر

که عمرم چه ماند چه آید بشر»

دواتر به خەتێکی تازه له لاپەڕە (٦٦)دا نووسراوه: «كانت النسخه عند عبدالله (آزر) في تطوان».

لێرەدا ئەم دەستنووسەیش تەواو دەبێت، زانیارییەکانی نێو ئەم دەستنووسە که سەرەتا و کۆتایی تەواوە، ڕێگه بۆ لێکۆڵەر خۆش دەکات که به شێوەیەکی ئەکادیمیانه و بێ گرێ و گرێکۆڵکه بەناو دەستنووسەکەدا داشۆڕێت و تەواوی بەیتەکان لەگەڵ نوسخەکانی تریدا بەراوردی بکات، وا دەچێت ئەم داستانه چاپ بووبێت، بەڵام تا ئێستا من نوسخەی چاپی ئەم داستانەم پێشچاو نەکەوتووه. ئەگەر چاپ بووبێت و به شێوەیەکی ئەکادیمی تەواوی ئەو نوسخانه بەراورد کرابێت، ئەوا جێگەی دڵخۆشییه، ئەگەریش چاپ نەبووه، هیوادارم کەسێك که لەو شێوەزارەدا شارەزایه، بەراوردی بکات و بەشێوەی زانستی چاپی بکات.

ئەوەی تا ئێستا خستوومانەته ڕوو، تەنها ئەو نوسخانه بوون که له بەردەستی ئێمەدا وجوودیان هەیه و ئێمه بەپێی پێویست ئاماژەمان پێ کردوون و ناساندوومانن، لێره بەدواوه دەچینه سەر ئەو سەرچاوانەی که چاپ کراون، هەندێکیان له بەردەستی ئێمەدا هەن و

هەندێکی تریشیان لە سەرچاوەکانی مێژووی ئەدەبی کوردییەوە وەرمان گرتووە و نوسخەیان لە بەردەستی ئێمەدا نییە.

عەلی کەمال باپیر ئاغای شاعیر ناسراوە بە «کەمالی»، لە ساڵانی (١٩٥٠)ی زایینیدا چەند داستانە شیعرێکی لە زمان فارسی و شێوەزارەکانی ترییەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە و چاپی کردووە. یەکێك لەو داستانانە، داستانی «لەیلێ و مەجنوون»ە، ئەم داستانە شیعرییە لە زمانی فارسییەوە بە شیعر وەرگێڕدراوە و لە چاپخانەی مەعارف لە شاری بەغداد چاپ کراوە، شێوەزارەکەیشی بەشێوەی کرمانجی ناوەڕاست (سۆرانی)یە.[١] شێخ حوسێنی کوڕی سەیید مەحموودی نەقیب، کە ناسراوە بە شێخ حسێنی قازی، لە ساڵانی (١٨١٠-١٨٥٧)ی زایینیدا ژیاوە، داستانی «لەیلێ و مەجنوون»ی بە زمانی عەرەبییە نووسیوە و لە لایەن دکتۆر «ڕەئووف عوسمان»ەوە چاپ کراوە.[٢] ئەم داستانە جۆرێك نزیکایەتی لەگەڵ ئەوەی نیزامیدا هەیە....

لە ساڵی (٢٠١٠)یشدا کتێبێکی تری بە ناوی داستانی «لەیلی و مجنون» چاپ دەبێت، ئەم کتێبەیش وەرگێڕانی داستانەکەی نیزامییە و لە لایەن مەلا عەبدولکەریم سائیب (زاری)یەوە وەرگێڕدراوە، لە گردوکۆ و ئامادەکردنی «موحەممەد سادق سائیب»ە و مامۆستا موحەممەد سەعید نەجاری (ئاسۆ) پێشەکی بۆ نووسیوە، وەرگێڕانی ئەم داستانەیش بە شێوەزاری ناوەڕاستە.[٣] دکتۆر مارف خەزنەدار، لە مێژووکەیدا ئاماژە بە چەند داستانێکی لەیلێ و مەجنوون دەکات، لەوانە:

---

[١]ـ لەیلا و مەجنوون: بە قەڵەمی عەلی کەمال باپیر ئاغا، لە فارسییەوە کراوە بە کوردی، چاپخانەی مەعارف- بەغدا، نیسانی ١٩٥٠.

[٢]ـ حكاية ليلي و مجنون "للعلامة الكردي الشيخ حسين القاضي": دراسة و تحقيق و مقارنة، د. رؤوف عثمان، مطبعة پیرەمێرد، ٢٠١٤، ص (٧٥).

[٣]ـ ليلى و مجنون "نظامى گنجوى": مەلا عەبدولکەریم صائب (زاری)، گردوکۆ و ئامادەکردنی: محەممەد صادق صائب، چاپ و بلاْوگەی محەممەدی سەقز، چاپی یەکەم، ١٣٨٩ (٢٠١٠)، لاپەڕە (٧).

«١- لە شاعیرانی سەدەی هەژدەم مەلا محەمەدی قولیی کەندۆڵەیی، لە ساڵی ١٧٣٢ لە نووسینەوەی بۆتەوە، دەستنووسی ئەم لەیلا و مەجنوونە لە ساڵی ١٨٧٠ ڕوونووس کراوە، ڕۆژهەلاتناسی ئەڵمان ئۆسکارمان لە شاری کرماشـان کڕیویـەتی. هەروەها دانەیێکی تری ئەو دەستنووسە لە ناوەوەیە بە خەتی مـەلا سـادق لـە ٧ی شـوباتی ١٨٧٩ ڕوونـووس کـراوە، ئۆسـکارمان لـە سـابڵاغ (مـەهابادی ئێـستا) کڕیویەتی. ئـەم بەرهەمـە ئەدەبییـە تـا ئێـستا بڵاونەکراوەتـەوە، هەرچـەندە ئـەم دیاردەیە ڕووی ڕاستی ئەدەبی نەتەوە ناگۆڕێ، بەڵام لەبەر ئەوەی نەکەوتۆتـە دەسـت ڕۆشنبیر و خوێنەواران تـەنیا ناسـینی بـە چـەند وشـەیێك تێنوویـەتی خوێنـەری ئەدەبی کوردی دەشکێنێ.

٢- شاعیرێکی دیکەی سەدەی هەژدەم حاریس بتلیسی، لـە سـاڵی ١٧٥٨ لـە دانانی ڕۆمانی شیعری "لەیلێ و مەجنوون" بۆتەوە. چـیرۆکەکە بریتییـە لـە ٧٤٠ دێرە شیعر و لە ٢٤ فەسڵ پێکهاتووە، بە شێوەی مەسنەوی و لەسەر کێشی هـەزەج دانراوە. دەستنووسی ئەم چیرۆکە لە دوا ساڵانی سەدەی نـۆزدەم لـە خـەتی فـەیرووز ئەفەندی ڕوونووس کراوە.

لە ساڵی ١٩٦٥ مارگریت ڕوودێنکۆ ڕۆمانی شیعری "لـەیلێ و مـەجنوون"ی حارس بتلیسی لەگەڵ وەرگێڕانی ڕووسی لە مۆسکۆ بڵاوکردەوە. وەك لـە نـاوەڕۆکی داستانەکە دەردەکەوێ حارس بتلیسی لەسەر خواسـتی کـچە کوردێـك حیکایـەتی لەیلێ و مەجنوونی بە شیعر هۆنیوەتەوە...».[1]

ئەوەی تا ئێستا زانرابێت چەند کەسێك لەناو کورددا داستانی لـەیلێ و مـەجنوونیان نووسیبێتەوە، ئەمانەن: خانای قوبادی، میرزا شەفیعی کولیایی، مەڵلا (مەڵلا وەڵەوخان)، مەلا موحەممەدی قولیی کەندۆڵـەیی و داسـتانێکی خـاوەن نـەزانراو. ئـەم داسـتانانە بـە شێوەزاری گۆرانیی نووسراون.

---

[1]ـ مێـژووی ئـەدەبی کـوردی: دکتـۆر مـارف خەزنـەدار، بـەرگی دووەم، چـاپی یەکـەم- لـە بڵاوکراوەکـانی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٢، لاپەرە (٤٢٦).

شێخ حوسێنی قازی، بە زمانی عەرەبی داستانەکەی داناوە، هەروەها حاریس بتلیسی و سەوادی داستانی لەیلێ و مەجنوونی بە شێوەزاری کرمانجی ژووروو (کرمانجی) نووسیوە، هەر یەك لە عەلی کەمال باپیر ئاغا و زاریش داستانەکەیان بە شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست وەریانگێڕاوە، پێ دەچێت کەسانی تریش هەبن ئەم داستانەیان دانابێت و بەرچاوی ئێمە نەکەوتبێت.

هەندێك لەم داستانانە دەقاودەق لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕدراون، هەندێکیش دانراوی خۆیانە و هەیشیانە وەرگێڕانە بە دەستکارییەوە، بە پێی سەردەمەکانیش کۆنترینیان بەپێی نووسینەکەی دکتۆر مارف خەزنەدار، ئەوەی «مەلا موحەممەدی قولیی کەندوولەیی»یە و لە ساڵی (١٧٣٢) داستانەکەی نووسیوەتەوە و لە ساڵی (١٨٧٠) دووبارەنووسی کراوەتەوە، بەم پێیە ئەوەی خانای قوبادی کە لە ساڵی (١١٥٤)ی کۆچیدا نووسراوە و بەرامبەرە بە (١٧٤١ یا ١٧٤٢)ی زایینییە، دەبێتە دووەم داستانی لەیلێ و مەجنوون کە ساڵی نووسینەوە و نووسەرەکەیان دیار بێت و دانرابێت، بە ماوەیەکی کەم لە دوای یەك ئەم دوو داستانە نووسراون، هەروەها لە ناوچەیەکی نزیك بە یەکیشدا نووسراوەتەوە.

ئەو نوسخانەی کە لێرەدا خرانە ڕوو، زۆربەیان نوسخەی سکانکراویان لە بەردەستی ئێمەدا هەیە، چاپکراوەکانیش بەهەمان شێوە، بەباشمان زانی ئەمانە بناسێنین و لە دواڕۆژدا ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگی لێکۆڵینەوە بۆ نووسەران و ئەدیبانی کورد و شوێنی خۆی لە توێژینەوەکاندا بگرێت.

نازناوی خانا لەم بەرهەمەدا

خانای قوبادی یەکێکە لەو شاعیرانەی کە پێویستە بە وردییەوە مامەڵە لەگەڵ دەق و بەرهەم و کارەکانیدا بکرێت، وەکو چۆن لە باسی ژیاننامەیدا بە وردییەوە توێژینەوەمان لێوە کردووە، لێرەیشدا بە وردییەوە لەم بەرهەمەی دەڕوانین.

خانا لە بەرهەمەکانیدا مۆری تایبەتی خۆی هەیە و بەرهەمەکانی بەشێوەیەك مۆر دەکات کە نەتوانرێت بە ئاسانی تێکەڵ بە بەرهەم و نووسراوی شاعیرانی تری بکرێت. جۆری مۆرەکانیشی بەشێوەیەکە تایبەتمەندی خۆی پێوەیە، بۆ نموونە لە سەرەتای هۆنراوەکانیدا یان لە کۆتایی هۆنراوەکانیدا بە چەند شێوە و شێوازێك ناوی خۆی دەهێنێت، بەتایبەتی لەناو داستانەکانیدا ئەم مۆرە بە تایبەتمەندی زۆر و بەجوانی و وردی دەردەکەوێت و دیارە.

لەناو ئەم داستانەدا دەمانەوێ ئەو مۆرە شیعریانەی خانا دەستنیشان بکەین کە شاعیر لە چەند جێگادا بۆمانی دەخاتە ڕوو، ئێمەیش هەر لە سەرەتای داستانەکەوە تا کۆتایی بە بەرهەمەکە دەچینە خوارەوە، هەموو ئەو ناو و ڕەمز و مۆرانەی خانا دەخەینە ڕوو. خانا هەر لە سەرەتای موناجاتنامەکەیدا چەند مۆرێکی جیاواز لە بەرهەمەکەی دەدات، هەر یەکێك لەو مۆرانە لە جێگەی خۆیاندا دەخەینە ڕوو، لێرەدا تەنها باس لە ناوی خانا خۆی دەکەین.

عێبرەت بۆ پەرێ ئەبنای ڕۆزگار
واتەی «قوبادی»ش مانۆ یادگار

خانا لە کۆتایی موناجاتنامەکەیدا بەم شێوە مۆرێك لە موناجاتەکەی دەدات و ناوی شاعیریی خۆی دەهێنێت، تەنها لەم جێگەیەدا خانا نازناوی «قوبادی»ی وەکو نازناوی شیعری خۆی بەکار بردووە، لە دوای موناجاتەکەوە خانا بۆ دەسپێکی داستانەکە بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

«خانا» هەم جە سەر، «خانا» هەم جە سەر
نێگەهدارت بۆ خوداوەند جە سەر

خانا، لێرەدا نازناوی «خانا» بۆ دەسپێکی داستانەکەی دادەنێت و ئەو ڕێبازە شیعرییەی هۆنراوەی گۆرانیی بەکار دەهێنێت کە شاعیرانی ئەوکات بەکاریان بردووە. شتێکیش کە لە لام بۆتە خوتووره ئەوەیە زۆربەی شاعیران بە شێوەیەکی خەماوی و هەمیشە گوناهبار و هەم و خەم و دەرد لە دڵ بوونە و لەو کاتەدا دەستیان بۆ نووسینەوەی شیعر و بەرهەمەکانیان بردووە، زۆربەی ئەو دەستنووسە کۆنانەیش کە تائێستا دیومە و لە لامانن، نووسەران و کاتبانیان گەدا و کەم دەست، تاوانبار، گوناهبار، پەشێوحاڵ، خەمبار و دەردەدار بوونە و لەو کاتەدا دەستیان داوەتە نووسین، خانایش لەم بەرهەمەدا ئەوەمان پێ دەڵێت کە لەم کاتەدا خەم و هەم میوانی بووە... یان ئەوەتا خەم و هەمی ئەوەی لە مێشکدا بووە کە ئەو بەرهەمانەی ویستوویەتی بیانووسێت یان وەریان بگێڕێتە سەر زمانی کوردی، دڵ و مێشك و بیری خۆی لێیان خاڵی بکاتەوە و ئەو هەم و خەم و دەردەی لە مێشکیدا بووە بیخاتە سەر کاغەز و ئارام بگرێت.

لە بەیتێکی تریدا «خانای قوبادی» وەکو شیعرەکانی پێشووی نازناوی تەواوی خۆی دەکاتە نێو بەیتێکەوە و ئەوەمان پێ نیشان دەدات کە ئەم نازناوە شیعرییەیشی هەیە.

جا گۆش بدەر وە شێعر «خانای قوبادی»
جەی جەنگ شۆڕش، ڕای مەرد ئازادی

لە تەواوی ئەو بەیتانەی پێشوودا خستمانە ڕوو، خانا زۆر زوو ئەو نازناوە شیعریانەی پێشکەش کردووە، کەچی لە دوای ئەو بەشەی خراوەتە نێو داستانەکەی خانای قوبادییەوە، تەنها لە سەرەتاوە بەو شێوەیە دەست پێ دەکات وەکو ڕێبازە کۆنەکەی شیعری گۆرانیی، دواتریش سەرەباسەکە ڕامان دەکێشێت بۆ دوو بۆچوون:

١- ئەگەر وا دابنێین کە داستانەکەی «نەوفەڵ و مەجنوون» بەشێك بێت لە داستانەکەی خانا، ئەوا خانا دەڵێت: خانا شکار (ڕاو)ی کرد.

٢- ئەگەر بەشێك نەبێت لەو داستانە، ئەوا میرزا شەفیع وەکو بیانوویەك بۆ دەسپێکی داستانەکەی، ناوی خانا دەهێنێت و دەیکات بە سەرەباسی نووسینەوەی داستانەکە و دەڵێت

چۆن خانا شکاری کرد بۆ نووسینەوەی داستانی لەیلیٚ و مەجنوون، منیش ئەم (شکار)ەم ئەنجام داوە...

بەگشتی دەلێت: خانا چۆن بۆ نووسنەوەی ئەم داستانە دەستی بە ڕاو و شکاری خۆی کردووە، منیش ئەم ڕاو و شکارەم ئەنجام داوە و ئەم داستانەم نووسیوەتەوە، لێرەدا وەکو بەربەرەکانێیەك بابەتەکە دەردەکەوێت. هەروەها چۆن خانا بۆ ئەوەی مێژووی نووسینەوەی ئەم داستانە، ئەلێت ئەگەر میرزا شەفیع لە مێژووی نووسینەوەی ئەم داستانە بپرسێت، ئەوا ساڵی نووسینەوەی ئەم داستانە (١١٥٤)ی کۆچییە. ئەوا گفتوگۆکارێك بەکارهێنراوە، خانا، میرزا شەفیع بەکار دەهێنێت و میرزا شەفیعی کولیاییش خانا بۆ دەستپێك بەکار دەهێنێت.

سەرەتای ئەو داستانەی کە بە ناوی خاناوە دەست پیٚ دەکات، یان لە سەرەتای «نوفلٚ و مەجنوون»ەکەدا کە بەشێوەیەکی خیتابی دەیلێت، بەم شێوەیە:

خانا شکار کەرد، خانا شکار کەرد
یەك ڕۆ نەوفەڵ شاه، عەزم شکار کەرد

لە کۆتایی ئەم بەشەی نەوفەڵ و مەجنووندا کە نزیك بە (٤٠٠-٥٠٠) بەیت دەڕوات هیچ ئاماژە و مۆرێکی خانا نابینرێت، کەچی پەیڕەوی شیعری خانا و تایبەتمەندییەکانی خانا ئەوەمان پیٚ نالێت لە دوای (٤٠٠) بەیتێك لەم داستانەدا هیچ مۆرێکی شیعری خۆی لەو بەشانە نەدات، ئەگەریش هەبێت ئەوا زۆر کەمە، هەروەها تەنها دوو بەیت کە لە نوسخەی بنچینەییدا هەیە و لە نوسخەکانی تری کە بە ناوی میرزا شەفیعەوەیە، نەهاتووە. نابیٚ ئەوەیش لە یاد بکەین کە ئەو نوسخانەی نوفلٚ و مەجنوون هەموویان بە شێوەیەك تەواو دەبن کە پچڕانی تێدا نییە، وەکو ئەوەی لەم بەشەی خانادا دەبینرێت، وایشی بۆ ئەچم کە ئەو دوو بەیتە ئەگەر زیادکراوەی کاتب نەبێت، یان هی خانا بێت، ئەوا خانا ئەو بەشە شیعرییەی کە فەوتاوە، یان ئەو چەند بەیتەی لەوێدا ماوەتەوە و ئەو ناواخنەیشی بۆ کراوە، ئەو دوو بەیتە خراوەتە ئەو جێگایە...

خاڵێکی تری که جێگەی قسەیە ئەوەیە خانا خۆی دەڵێت:

هـــەزار و شەشـــسەد و چـــل و چـــوار بەیتـــەن

پـــەی دۆســـتان نـــەبۆ، «خانـــە» پـــەی کێتـــەن!

کەچی خودی نوسخەی بنچینەیی (١٦٣٤) بەیتە و (١٠) بەیت لە داستانەکە ونـە، کاك غەففاریش کە کتێبەکەی ئامادە کردووە و چاپی کردووە، لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەو دوو نوسخەیەی بەردەستیان بەیتەکانی داستانەکەی گەیاندووەتە (١٦٨٣) بەیت، واتـە (٤٩) بەیتی بۆ زیاد کردووە، ئەمەیش خاڵێکی تری گومانـاویی و ناتـەواوی و ئاڵۆزییـەی ئـەو نوسخە بنچینەییە نیشان دەدات...

تەواوی نوسخەکان ناوی میرزا شەفیعی تێدا هاتووە، تەنها لە نوسخە بنچینەییەکەدا ناوی میرزا شەفیع لابراوە و ناوی خانایان لە جێگەی داناوە. تا نزیك بە ئەم دوو بەیتە لـەو نوسخانەی ناوی شەفیعی تێدایە، بە هەندێك ئاڵوگۆڕ و جیاوازی نوسـخەییەوە بەیتـەکان دەبینرێت، لێرەدا مەبەستم لەو بەشەیە کە ئێمە گومانمان لـە سـەری هەیـە، ئـەو چـەند بەیتەی کۆتاییش دەکرێت بەم شێوەیە بێت:

١- ئەو نوسخەیەی کە ئەم نوسخەی بنچینەیەی لەبەر نووسراوەتەوە، بەشەکەی ناوەڕاستی کە تایبەتە بە بابەتی نوفلّ و مەجنوون فەوتابێت و ئەم نوسخەیەیان بە هی ئەو زانیبێت و تێکەڵیان کردبێت و ئەو چەند بەیتەیش کە ناوی خانای تێدایە، ئەو چـەند بەیتـەیش لـە بەشەکە مابووبێتەوە و تەواو کرابێت، هەر ئەو دوو نوسخەیە کرابێتـە سەرچـاوە بـۆ ئـەم نوسخە بنچینەییەی کە ئێمە لێرەدا کارمان لەسەر کردووە، دوای ئـەژمارکردنیش بۆمـان ڕوون بوویەوە کە (١٠) بەیتی کەمە، نایشزانین هۆکاری ونبوونەکەی چی بووە؟!

٢- یان زانبێتی ئەو بەشەیە هی میرزا شەفیع بووە، ئەو نوسخەیەی خانای قوبادیش کە لە بەردەستیدا هەبووە- ناتەواو بووە، وای بە باش زانیبێت ئەو نوسخەیەی خانا تەواو بکـات، ئەو نوسخەی خانایش کە بەشی نەوفەڵەکەی ناتەواو بووە و ئەو چەند بەیتەیش ناوی خانای تێدایە، ئەمیش هاتووە و ئەو بەشەی پێ تەواو کردووە...

بەپێی ئەو دەستنووسانەی بەردەستمان و بەندەیش گەیشتووم بەو بڕوایەی کە ئەو بەشەی لە نوسخەی بنچینەیی ئەم کارەدا خراوەتە پاڵ خانا و دانراوە، ئەو بەشە هی میرزا شەفیعی کولیاییە، ئەو دوو جێگایەیش کە ناوی خانای تێدایە لە نوسخە کۆنەکەدا ماوەتەوە و ئەوەی میرزا شەفیعی کولیاییش کە بەردەست کەوتووە، لەگەڵ ئەوەی خانادا ڕێکخراوە و بەم شێوەی ئێستای لێکراوە. هەردوو ناوی «خانا» و «شەفیع»یش، ناوەکانیش دوو بڕگەن و هیچ گۆڕانکارییەك لە شیعرەکەدا دروست ناکات، ئەم کارەیش تەنها کاری نووسەرەوەی نوسخەی بنچینەییە، لە جێگای تریدا چەند بەڵگەیەکی تری هەن کە ئەو بۆچوونانەی ئێمە پشت ڕاست دەکاتەوە کە ئەم نوسخەی بنچینەییە چەند ناتەواوە، ئەو بەڵگانە دەهێنینەوە و دەیاخەینە ڕوو. ئەمەیش ئەو دوو بەیتەی خانایە و لێرەدا بە شێوەی تۆخکراوەیی دامانناوە:

«خانا» هەرکەسێ تاهێر قیمەتەن
وجوودش دارای فەخر و زینەتەن
فەخرم ئەحمەدەن، فەخر کائێنات
وە ڕووی ئەنوەرش، سەلام و سەلات
«خانا» بدێیە کار دەوران دنیا
نەوفەڵ سەر نیا وە خاك سیا

دوای ئەو بەشەی دراوەتە پاڵ خانای قوبادی، بە بەشێکی زۆر کەم خانا لە کۆتایی بەشەکەدا بەم شێوەیە ناوی خۆی دەهێنێت:

«خانا» عاشقی دەروون بێ دەوان
خوشا عەشق حەق دوور جە ماسەوان

هەروەها لە دوای بەشێکی کەم و دوو بەشی تری، واتە لە بەشی چوارەمدا کە نوسخەکە هی خانایە، شاعیر یەکێکی تری لەو نازناوانەی کە بۆ خۆی لە هەندێ شیعری سەربەخۆدا بەکاری هێناوە لە لای هەندێ لە نووسەرانی ئەمڕۆ ئەو نازناوە جێگای گومانە، بەندەیش

لە دیوانەکەی شاعیردا چەند شیعرێکی شاعیرم بەو ناوەوە پەیدا کرد و بڵاوکـردەوە، خانـا جگـە لـە نازناوەکـانی وەکـو «خانـا»، «خانـای قوبـادی» نازنـاوی «خانـە» و «خانـەی قوبادی»یشی بۆ خۆی لە شیعرەکانی بەکاربردووە، لەم داستانەیشدا «خانە»ی وەکو نازناو بەکارهێناوە و مۆری بەشەکە و داستانەکەی پێ دەکات:

«خانـە» پـەی گـرد کـەس دنیـا فانیـەن
دنیـا پـەی هـیچ کـەس جـای وەفـا نیـەن
دوعـای خـەیرت بـۆ ئیمـان سـەلامەت
بـشی وە عوقبـا، وە بـێ مەلامـەت

دیسانەوە بە چەند بەشێکی کەمی دوای ئەم ناوهێنانە، مۆرێکی تری لە داستانەکە و بەشەکەی دەدات و دەڵێت:

«خانـا» خـۆش بـە حـاڵ عاشـقان حـەق!
بەشـیەن بـە نـوور تەجـەللای موتلـەق

لە بەشی دواتریدا خانا دیسانەوە نازناوی شیعری خۆی لە کۆتایی بەشکەوە دەهێنێت و مۆری بەشەکەی پێ دەکات:

«خانا» شادی و غەم، تا سـەر پـەرێ کـەس!
نەمەنـدەن، پـەنام بـە زات ئەقـدەس
خاتیمـەی حوسـن بکـەرۆ ئێعتـا
وە مـن و ئێـسلام، زات بـێ هـەمتا

جارێکی تری و لە کۆتایی بەشەکەوە نازناوە شیعرییەکەی خـۆی دەهێنێـت و ئیمـزای خۆی لە شیعرەکە دەدات:

«خانـا» چـەند خانـان خـاتوون و خـانم
بەرشـین جـەی دنیـا داغ داخـانم

زۆربەی شاعیران یا لە سەرەتای داستانەکەوە ناو یا نازناوی شیعری خۆیان یان لە کۆتاییەوە دەیهێنن، یان هەم لە سەرەتاوە و هەمیش لە کۆتاییەوە نازناوی شیعری یا ناوی خۆیان دەهێنن، بەڵام لەم داستانەی خانای قوبادیدا، شاعیر جگە لەوەی لە سەرەتاوە نازناوی خۆی دەهێنێت، لە چەندین جێگای ناو داستانەکە مۆری شیعری و نازناوە شیعرییەکانی خۆی بەکاردێنێت، لە کۆتایی داستانەکەیشییەوە چەند مۆرێکی خۆی لە داستانەکە دەدات، هەروەها نازناوی شیعری خۆیشی دەهێنێت:

ئەشعار «خانا»یش پەی یادگاریٚ

مانۆ پەی یاران، چەند ڕۆزگاریٚ

لە چەند بەیتێکی دواتردا دەڵێت:

هەزار و ششسەد و چل و چوار بەیتەن

پەی دۆستان نەبۆ، «خانە» پەی کێتەن؟

لێرەدا خانا (٣) مۆر لە شیعرەکەی دەدات، ناوی خانا و ژمارەی بەیتەکانی و ناوی خانە، ئەم سێ مۆرە لە دوو بەیتدا دەخاتە ڕوو، گرنگی ئەم دوو بەیتە لە لێکۆڵینەوەی ناوی خانا و ساغکردنەوەی ئەم داستانەدا گەلێك کەڵکی تایبەتی دەبێت.

لەم داستانەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە خانای قوبادی ئەم نازناوە شیعریانەی بۆ خۆی بەکار بردووە: قوبادی، خانا، خانای قوبادیی و خانە.

ساڵی نووسینەوەی ئەم بەرهەمە

یەکێکی تری لەو مۆر و تایبەتمەندیانەی لە شعر و داستانەکانی خانای قوبادیدا هەیە و دەبینیرێت، باسی ساڵی نووسینەوەی داستانەکەیەتی، ئەمەیش لە مێژووی ئەدەبیاتدا بەگشتی خاڵێکی زۆر گرنگە و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە. هەر وەکو چۆن لە خوسرەو و شیرینەکەیدا باسی ساڵی نووسینەوەی داستانەکەی کردووە لەم داستانەیشدا ئاماژە بە ساڵی نووسینەوەی ئەم بەرهەمەی کردووە. خانا لە بەیتێکدا ئەم بەرهەمەمان بەم شێوەیە بۆ ڕوون دەکاتەوە:

عەشـق مـەجازی، بەعـدەن حـەقیقی

واچـووم جـە تـاریخ جـە ڕووی دەقیقـی

ئەم بەیتە دەتوانین بە دوو شێوە لێکی بدەینەوە:

یەکەم: خانا ئەوەمان پێ دەڵێت کە ئەم داستانە عەشقێکی مەجازی و حەقیقییە، واتا داستانێکی تێکەڵاوە بە ڕاستی و خەیاڵ (ناڕاستی): «عەشق مەجازی، بەعدەن حەقیقی».

دووەمیشیان دەڵێت: «واچووم جە تاریخ جە ڕووی دەقیقی»، خانا دەیەوێ بە وردی و ڕوونی ساڵی نووسینەوەکەیمان پێ بڵێت، ئەم ڕوونکردنەوانەیش لە شیعری خانای قوبادیدا نامۆ نییە، ڕوونکردنەوەکانی خانا جێگای خۆیەتی و پێویست بەهەڵوێستە و قسە لە سەر کردن دەکات، گرنگی و تایبەتمەندی خۆی بۆ هەر سەردەم و قۆناغێك هەیە. هەر لە درێژەی وەرگێڕانەکەیی و پەراوێزەکانیدا خانا دەڵێت:

شـاعرێ شـەریف «شـەفیع»ی دەسـتوور

ئـەر پەرسـۆ تـاریخ، ئـی نامـەی مەسـتوور

لە بەیتێکی تریدا خانای قوبادی ڕووی دەمی لە میرزا شەفیعی هاوڕێی دەکات و دەڵێت: ئەگەر میرزا شەفیعی شاعیری شەریف و ورت و وریا و خاوەن دەستوور لە مێژووی نووسنەوەی ئەم بەرهەمە بپرسێت!؟ وشەی مەستوور، واتە: نووسراو، داڕێژراو، داڕشتنەوە، هۆنینەوە... نامەیش بە بۆچوونی من ئەوەیە کە خانا ئەم داستانەی وەکو نامەیەك بۆ میرزا

شەفیع ناردووە و نوسخەیەکی پێ داوە، وایشی بۆ دەچم کە خانـا لێـرەدا ویـسبێتی وەکـو فیردەوسی بکات و بەرهەمەکانی لە خانەی ئەردەڵانەکاندا هەڵبگیرێت و لە بەرانبەریشیدا هەندێ پوول و بەرهەم و سەرمایە بە دەست بهێنێت....

بەپێی وشەی مەستوور ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ئەم بەرهەمە تەنها وەرگێـڕان نییـە، بەرهەمێکی داڕێژراو و نووسین و هۆنینەوەیە، هەر بەپێی ئەو بەیتانەی خودی شاعیریش کە باس لە نیزامی دەکات و دەڵێت بە قەولی نیزامی و... ئاشکار دەبێت کە تـەنها وەرگێـڕان نییە.

غـــەین و قـــاف و نـــوون، دال ئەبجـــەدی
حەســاب کــەر وە حــەرف وێنــەی عەســجەدی
هـــــەزار و یەکـــــسەد، پـــــەنجا و چـــــوارەن
ڕەوشـــەنتەر جـــە ســـووی شـــوعلەی وەهـــارەن
جـــە هێجـــرەت خـــاس، شـــای (خَيرُ الأنـــام)
وە ڕەوزەی ئـــــەو بـــــۆ ســـــەڵوات و ســـــەلام

خانا لەم چەند بەیتەی سەرەوەدا ئەوەمان پێ دەڵێت کە بەپێی ئەو ژمارەی بۆ پیتـەکان دانراوە، ئەو پیتانە لێك بدەرەوە ساڵی نووسینەوەی ئەو بەرهەمەت بۆ دەردەچێت و دەزانیت:

غ ١٠٠٠ + ق ١٠٠ + ن ٥٠ + د ٤ = ١١٥٤

ئەم بەرهەمە بەپێی ئەو ژمارەی بۆ پیتەکان دانراوە، بەرهەمەکە لە سـاڵی (١١٥٤)دا نووسراوە، دواتر خانا بۆ دڵنیایی زیاتر بە نووسینیش پێمان دەڵێت: کە ساڵی نووسینەوەی داستانەکە ساڵی (١١٥٤) هەزار و یەکسەد(سەد) و پەنجا و چوارە، ئاخۆ ئەم ساڵەیش چی ساڵێکە، هەتاوی، کۆچی، زایینی، ئـەوا خانـا دەڵێـت: سـاڵی کۆچـە بـاش و جوانەکـەی پەیامبەرمانە، واتە: ساڵی کۆچی پەیامبەر لە شاری مەککەوە بۆ شاری مەدینە.

لەم چەند بەیتەی خانادا ئەمانەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە:

١- داستانەکە، داستانێکی ڕاستی و ناڕاستییە و تێکەڵ کراوە.

٢- داستانەکە تەنها وەرگێڕان نییە، بگرە وەرگێڕان و داڕشتن و نووسینەوەیە.

٣- ساڵی نووسینەوەکەی بە وردی و ڕوونی خراوەتە ڕوو و ئاماژەی پێ کراوە.

٤- ئەم داستانە نوسخەیەکی لەبەر گیراوەتەوە و نێردراوە بۆ میرزا شەفیعی کولیایی و ئەویش بە خانەی ئەردەڵانەکانی داوە.

باسی نیزامی گه نجەوی لەم داستانەدا

لەبەر ئەوەی تا ئێستا سێ بەرهەمی خانای قوبادی چاپ کراوە و ناوی نیزامی گەنجەوی دەهێنێت، لە چەندین جێگەدا کە ئەم بەرهەمەی لە نیزامییەوە وەرگرتووە و بە شیعرەوە دایڕشتووەتەوە، ئاماژەیش بەوە دەکات، بەم شێوەیە دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕە قووڵەی کە خانا دەستێکی باڵای لە وەرگێڕان و لایەنەکانیی و زمانی فارسیدا هەبووە، بە جوانی دەقی بە سەر لایەنەکانی ئەو زمانەدا شکاوە و زانویەتی چی وەردەگێڕێت و چۆنی دەنووسێتەوە، چ بەرهەمێکیش پێشکەش بە نەوەی سەردەمی خۆی و دوای خۆیشی دەکات...

خانای قوبادی لە سەرەتای هەموو داستانە وەرگێڕدراوەکانیدا پەراوێك یا بەشی خۆی پەراوێز بۆ ئەو بەرهەمە دەنووسێت کە وەری گێڕاوە، وەکو چۆن مۆری داستانەکانی دەکات، بە هەمان شێوەیش ئاماژە بەوە دەکات داستانەکەی وەرگێڕاوە یان کۆی کردووەتەوە، وەکو دەبینین لە داستانی «سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین»، لاپەڕە (١٨٩)دا دەڵێت:

خانای قوبادی دەروون پەڕ نە دەرد
سەرلەوحەی ئەلواح جەدوەلکاری کەرد
بە حەرف ڕاوی دانایان پێش
بەی دەستوور کەردەن تای ڕەشتە تاکێش

لە داستانی «خوسرەو و شیرین»ەکەیشیدا چەندین پەراوێز دەنووسێت، وەکو لە لاپەڕە (١٧)دا دەڵێت:

بەندەیچ (حسب الامر) ئەو سرووش غەیب
بە ڕەشح خامەی موشکین بێ عەیب
بەی تەور کەردمان ئەی نامەی نامی
ئێنشا بە دەستوور نەزم «نێزامی»
ئومێدەن بە زات دانای شیرین کار
مەزموون ئەی نەزم جەواهێر نگار

لەو چەند بەیتەدا بۆمان ڕوون بوویەوە خانا چۆن ئامـاژەی بـە وەرگێـڕان و وەرگـرتن و داڕشتەوەیان دەکات. لە داستانی لەیلێ و مەجنوونیشدا چەندین پەراوێز دەنووسێت:

بـــــــە واتەی حەکیم، دانای «نیزامی»

گـــــــەنجەوی، ئیلیاس بن یووسف نامی

ئەم گێڕانەوەیە لە زاری نیزامیی گەنجەویی و ناوهێنانی تەواوی شاعیر، خاڵێکی گرنگە لە دەستڕەنگینیی و ڕاستگۆیی وەرگێڕ، لەم پەراوێزەدا خانا ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتـەوە کـە ئەمەی لە چی سەرچاوەیەکەوە وەرگێڕاوە، بەداخەوە ئەو شاعیرانەی وەرگێڕانیان بۆ خەمسەی نیزامی یان شانامەی فیردەوسی کردووە، زۆر بە کەمی باسی شـاعیرەکە و سەرچـاوەکەیان کردووە، کە لەبەر ڕۆشنایی چی نوسخەیەك ئەو وەرگێڕانانەیان کـردووە، ئـەو دەستنووسـە نوسخەی چی دەورەیەك بووە...

خانا لە چەند پەراوێزێکی تریدا خاڵی گرنگمان بۆ دەخاتە ڕوو:

شەخـسێ ئـەدەب دۆس، دانـای خـۆش کـەلام

جــە ئــەهل بەغــداد، نـامش بـێ سـەلام

جـــە ڕووی ئـــەدیبی و شـــیرین زەبـــانی

ئاشـــنا بـــێ وە قـــەیس وە مێهرەبـــانی

گـــاهێ دڵخۆشـــی و ســـەبووریش مـــەدا

تەســـەللی خـــاتر ڕەنجـــووریش مـــەدا

ئەشـــعار مـــەجنوون مەســـپارد وە خـــاتر

جـەو دمـا مەکـەرد سـەبت نـە دەفـاتر

ئـــەوزاع ئـــەحواڵ، مـــەکان مـــەجنوون

مـــەزاناش دایـــم چـــوون دوڕڕ مـــەکنوون

ئەسـرار و ئەشـعار، قەیـسش جـە بەغـداد

مونتەشـێر مەکـەرد جـە ڕووی عـەدڵ و داد

ئـــەوەن موئـــەللیّف ئەســـلْ ئـــی کیّتـــاب
بـــە تـــازی زەبـــان، کـــەردەنش خیّتـــاب
جەوپـــەی «نیّزامـــی»، دانـــای گەنجـــەوی
کـــەردەنش بـــە نـــەزم، نامـــەی مەعنـــەوی

یان لەم چەند بەیتەدا خانا ئەوەمان پیّ دەلّیّت کە سـەرەتا کەسـیّك بـەناوی سـەلامی بەغدادییەوە داستانەکەی بەشیّوەی پەخشان نووسیوەتەوە، دواتر نیزامی بابەتەکەی سەلامی بەغدادی بەشیّوە شیعر دارِشتووەتەوە...

ئەمن پیّم وایە خانا نوسخەی پەخشانەکەی سەلامی بەغدادی دیبیّت و خویّندبیّتییەوە و ئەوەی نیزامیشی کە خویّندووەتەوە، لەبەر چەند سەرچاوەیەکدا وەرگیّرِانەکەی ئەنجام داوە، رِوویەکی تری ئەم چەند بەیتە ئەوەیە کە خانا دەیەویّ ئـەوەمان پـیّ بلّیّـت ئەمـەیش بـۆ نیزامی و داناکەی شاری گەنجە، منیش ئەمەم بە هۆنراوە داناوە و ئەم نامە مەعنەوییە با بە دەستی ئەو بگات، خانا وەکو رِووبەرِووکاریّك لە بەرانبەر نیزامیدا دەردەکەویّت، دەیەویّ ئەوەمان پیّ بلّیّت ئەم نامە مەعنەوییە نیشانی نیزامی بدەن بزان نووسراوەکەی من باشـە یان ئەوەی خۆی، یان ئەتوانین بلّیّین با ئەم نامە مەعنەوییە بەو بگات و رِۆژگار ئەوەمان بۆ پشترِاست بکاتەوە، بەرهەمەکەی من یان ئەوەی نیزامی باشترە. لە بـەیتیّکی تریـدا خانـا دەلّیّت: نیزامی لە زمانی دانای بەغدادییەوە ئەوەمان بۆ دەگیّرِیّتەوە و بەم شیّوەیە زانـایی خۆیمان بۆ دەخاتە رِوو. لیّرەدا دەکریّ ئەوە بلّیّم کە هەست بە رِەخنەیـەك ئـەکریّت، خانـای قوبادی رِەخنە لە نیزامی گەنجەویی دەگریّت، خانا دەیەویّ ئەوە بلّیّت کە نیزامی گەنجـەوی ئوستادییەکەی بەو شیّوەیە نییە کە خۆیمان بـۆ نیـشان دەدات، گەنجـەوی لەسـەر سـفرەی زانیاریی و خوان و هونەری کەسیّکی تری ئوستادی خۆیمان پیّ نیشان دەدات. لە رِوویەکی تریشەوە ئەومان پیّ دەلّیّت: کە نیزامی لەسەر زاری دانای بەغدادییەوە ئەم شیّوە داستانەی دارِشتووە و ئوستادی خۆیمان بۆ دەخاتە رِوو:

«نیزامی» جـــــــه قەولّ دانای بەغدادی

وەی تەورە ڕێژان تـــــــــــــــەرح ئوستادی

منیش لەبەر ڕۆشنایی هەردوو بەرهەمەکەی ئەوان و خۆم دامرشتووەتەوە، ئێوەیش بـۆ هەردوو لا دادوەری ئەو بالآنسە مەعریفییە بن. لە بەیتێکی تریدا دەڵێت: نیزامیی لە زاری بەغدادیی سەلامەوە ئەم داستانە شیرینەی ڕێکوپێك کردووە و خستوویەتییە ڕوو.

«نیزامی» جـــــــه قەولّ بەغدادی سەلام

وەی تەور تـــــــەنزیم کەرد ئی شیرین کەلام

یان پێمان ئەڵێت ئەمەی لە زار و زمانی ئەوەوە ئەوەمان بۆ ئەگێڕێتەوە، بەم شـێوەیش ڕێکی خستووە... لەم بەیتەیشدا خانا دیسانەوە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە نیزامی ئەم بەشەی داستانەکەی لە زاری بەغدادی سەلامەوە ڕێکخستووە و دەستی پێکردووە... لـە بـەیتێکی تریدا خانا دەڵێت: نیزامیی لە قەولێکی بەغەدادییەوە بابەتەکـەی وەرگرتـووە و بۆمـانی دەگێڕێتەوە، هەر بەم شێوەیش سەرەتاکەی دەست پێکردووە:

«نیزامی» جـــــــه قەولّ بەغدادی سەلام

وەیتەورە کـــــــەردەن ئیبتیدای کـــــــەلام

لەم بەیتەیشدا خانا دەڵێت: نیزامی بۆ کۆچی دوایی لـەیلێی عـامیری، بـەم شـێوەیش دادی شیعری و شاعیری داوە....

«نیزامی» پـــــــەی فەوت لەیلێ عامری

بـــــــــەی تـەور دان داد شێعر و شاعری

وەکو بۆمان ڕوون دەبێتەوە خانا لە هەر جێگەیەکدا بابەتەکـەی وەرگێڕابێـت ئامـاژەی پێکردووە و لە هەندێ شوێندا وەکو ڕاوییەك قسەی کردووە و نووسینی کردووە، لە هەنـدێ جێگایشدا پەراوێز و نەقش و نیگای خۆی لە داستانەکەدا ئەنجام داوە، هـەروەها ئەوەیـشی وتووە کە کێ لە کێی وەرگرتووە و ئەمەیش خولاسەی کەلامی ئەوان و منە لەم داستانەدا.

بەراوردێك لەنێوان وەرگێڕانەکەی خانا و نیزامی گەنجەویدا

لەناو مێژووی ئەدەبی کوردیدا وا گوتراوە کە خانای قوبادی پێنج بەرهەمی نیزامی گەنجەوی وەرگێڕاوە، ئەو بەرهەمانەی تا ئێستایش ڕوونە و نوسخەی دەستنووس و چاپییان لە بەردەستدا هەیە، ئەم چەند بەرهەمەیە: «خوسرەو و شیرین»، «یووسف و زولەیخا»، «لەیلیٚ و مەجنوون».

هەڵبەتە «سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین»ـەکەی تاکو ئێستا ڕوون نییە ئایا وەرگێڕانە یان دانراوی خانای قوبادی خۆیە. خانا لە وەرگێڕانەکاندا پابەندی مەتن و دەق نەبووە، بۆیە دەکرێت لە بەرانبەر ئەو بەرهەمانەی خانادا ڕاوەستان هەبێت و لێکۆڵەر بە وردی لەگەڵ دەقی خانادا مامەڵە بکات، خانا لە هەندێ جێگادا پابەندی دەق نابێت و لە هەندێ جێگادا ئیلهامی دەقی وەرگرتووە، لە جێگای وایشدا سوودی لە دەقی تری وەرگرتووە، لە هەندێ جێگایشدا دەقاودەق وەرگێڕانی کردووە و ئاماژەی بە سەرچاوەکانیش کردووە، ئەمە لێرەدا زۆر گرنگە و دەستپاکی خانامان لەم بوارەدا نیشان دەدات.

لێرەدا دەمانەوێ ئەو بەشەی خانا ئاماژەی پێ دەکات و لە نیزامی گەنجەوییەوە وەری گێڕاوە، بەراوردێکیان بکەین، وەکو لە دوو بابەتدا ئەوەیشمان خستۆتە ڕوو کە خانا لە چەند جێگادا ناوی خۆی و ناوی نیزامی دەهێنێت، لەو بەشەی کە خانا باسی نیزامی دەکات، قەولەکان لە دەمی نیزامییەوە وەردەگرێت و دەیانخاتە ڕوو، لە هەندێ جێگایدا ڕەخنانە بابەتەکە پێشکەش دەکات، ئێمەیش چەند بەیتێکی کەمی ئەو وەرگێڕانەی خانامان وەرگرتووە و لێرەدا بەراوردیان دەکەین. نیزامی (لا ١١٩) دەڵێت:

ای سرو جوانـــــــــەی جوانمرد

ای بـــــــا دل گرم و با دَمِ سرد

خانایش دەڵێت:

ئـــــەی جەوان سەرو، وێنەی جەوانمەرد

جـە من دڵگەرمتەر، بە هەناسەی سەرد

وشـەکانی وەکـو: (ای=ئـەی، سـرو=سـەرو، جـوان=جـەوان، جـوانمرد=جەوانمـەرد، دل گرم=دڵگەرم، سرد=سەرد) وەکو یەك وەرگێڕاوە، ئەم وشانە لە زمانی کوردی و فارسیدا لە واتادا وەکو یەکن، تەنها لە شـێوەی ڕێنووسـدا جیاوازییـان هەیـە، ئـەتوانین بڵـێین خانـا بەیتەکەی دەقاودەق وەرگێڕاوە یان تەنها چەند وشەیەکی وەرگێڕاوە.

لە بەیتێکی تریدا نیزامی (لا ۱۱۹) دەڵێت:

مجنون بـــــه هزار نوحه نـــــالد
لیلی چـــــــه نشاط می سگالد

خانایش دەڵێت:

مەجنوون بــــە هەزار نەوحە مەناڵۆ
لەیلێ جـــــە نەشات خۆشی مەکاڵۆ

لەم بەیتەدا خانا تەنها وشەی (نالد=مەناڵۆ، چە=جە، می سگالد=خۆشـی مـەکاڵۆ) گۆڕیوە و وەرگێڕانەکەیشی دەکرێت بڵێین وەرگێڕانی دەقییە، دەکرێـت بڵـێین تـەنها چـەند وشەیەکی گۆڕیوە یا وەرگێـڕاوە، ئـەوانی تـری هـەمان مانـا و کاربوردیـان لـە هـەردوو زمانەکەدا هەیە.

نیزامی لە (لا ۱۱۹) دەڵێت:

مجنون ز فـــراق دل رمیدەست
لیلی بـە چە حُجّت آرمیدەست

خانا دەڵێت:

مەجنوون دڵئازار، دەرد نـــــاڕەحەت
لـــەیلێ وە کێ بۆ مەیل وە بێزەحمەت

لەم بەیتەیشدا خانا وشەکانی وەکو: دڵ، مەجنوون و لەیلێی وەکـو خـۆی وەرگرتـووە، وشەکانی تری وەرگێڕاوە.

نیزامی لە (لا ۱۱۹) دەڵێت:

مجنون جگــری همی خــراشد

لیلی نمك از کـــــه می‌تراشد

خانا دەڵێت:

مەجنوون وە نەشتەر جگەر مەخراشۆ

لەیلێ جانمەك، جــــە کێ مەتراشۆ؟!

لەم بەیتەیشدا خانا وشەکانی وەکو: (مەجنوون، جگەر، لەیلێ، نمەك)ی وەکو خۆیـان وەرگرتووە، بەڵام وشەکانی وەکو: (خراشد=مەخراشۆ، می‌تراشد=مەتراشۆ)ی بەشێوەکی جیاواز وەرگرتووە و کوردانددوویەتی یان باشترە بڵێین بەرگی کوردی بە بەردا کردووە، وشەی (نمك)ی بە (جانمەك) هێناوە، هەروەها وشەی (کە) لە زمانی فارسیدا بە (کە، کی، کــێ) دەخوێنرێتەوە، خانا لێرەدا بە (کێ) وەری گرتووە.

لە جێگەیەکی تریدا نیزامی (لا ٢٥٣) دەڵێت:

قــــــاروره‌شناس نبض بفشرد

قــــاروره شناخت رنج او بُرد

خانا دەڵێت:

قــــــاروورەشناس، نەبزش فشار دا

نیشانەی نــــەزدیك مەرگش دیار دا

لەم بەیتەدا خانا جگە لەوەی هەندێ وشەی فارسی و عەرەبی وەکو خـۆی وەرگرتــووە، لــە هەمانکاتیشدا وشەی بفشردی بە بەرگێکی کوردانەوە هێناوە، لە لایەکی تریشەوە دەقەکەی وەکو خۆی وەرگێڕاوە.

نیزامی لە (لا ٢٥٣)دا دەڵێت:

یك زلزله از نخست برخــــاست

دیوار شکسته شد چپ و راست

چون زلزلـــــه‌ای دگر درآمد

دیـــوارِ شکسته در سر آمــد

خانا دەڵێت:

جە زەلزەلەی سەخت، تەب و لەرز و تاو

بینای بەدەن جۆر، مۆخش بی وە ئــاو

خانا ئەم دوو بەیتەی بە بەیتە بە یەك بەیتە وەرگێڕاوە، ناوەڕۆکی هەردوو بەیتەکەی لە یەك بەیتــدا کۆ کردووەتەوە.

یان نیزامی لە (لا ٢٩٤)دا دەڵێت:

بودند درین جهان بــه یك عهد

خفتند در آن جهان به یك مهد

کردند چنـــانکه داشت راهی

بر تربت هر دو روضـــه گاهی

آن روضه که رشك بوستان شد

حاجتگـه جملـــه‌ی جهان شد

هرك آمـــد از غریب و رنجور

در حــال شدی ز رنج ز غم دور

زآن روضه کسی جـــدا نگشتی

تـــــا حاجت او روا نگشتی

خانا دەڵێت:

چوون جەی دنیای دوون، هەردوو بین هامعەهد

نەو دنیای جــــاوید هەردوو بین هامەهد

مەعجەرێ ســــــازان وە ڕووی قـەبرشان

بــــە واتــــەی خــــاسان، ئولولئەمرشان

[گولْ] لالـــــــــه نیـــان وه گلکۆشان دا
وه ڕووی مـهقبـهرەی عــــــهنبەربۆشـــان دا
ئـــەو ڕەوزەی بێگـــــەرد ، ڕەشـك بۆســـتان
بی وه حـــــاجەتگای جـــەرگـــــەی دۆستان
هەر كــــەسیٚ مـــــامــــا غەریب و ڕەنجوور
ڕەنج و غـــــــــەم هێجر جه ئەو مەبی دوور

خانا ئەم چەند بەیتەیشی بەم شێوەیە وەرگێڕاوە، ئەگەرچی هەندیٚ وشەی وەکــو خــۆی وەرگرتووە، لە هەمـانكاتیشدا هەندێکیانی وەرگێڕاوە، لێرەدا خانا بە دەقەکەی نیزامییــەوە پابەند بووە، وەرگێڕانی دەقی هەڵبژاردووە و سوودی لە نیزامی وەرگرتووە.

بەگشتی لێرەدا دەمەویٚ ئەوە بڵێم ئەگەرچی ئەم نوسخەی بەردەستی ئێمە نوسخەیەکی زۆر جێگای باوەڕ و نوسخەی کۆنی لەیلیٚ و مەجنوونی خانای قوبادی نییە، هەر وەکو چۆن فارسەکان بۆ ئەوەی لە زمانی شاعیر و وشە و زاراوەکـانی دەورەی شـاعیر نزیـك ببنــەوە، هەوڵی دۆزینەوەی نوسخە کۆنەکان دەدەن و پشت بەو سەرچاوانە دەبەســتن، پێویـستە بـۆ ساغکردنەوەی هەر بەرهەمی هەر شاعیرێك سوود لە نوســخەی شــاعیر خــۆی ئەگــەر لــە بەردەستدا هەبێت، ئەگەر نەبوو ئەوا دەبیٚ ســوود لــەو نوســخانە وەربگیرێـت کـە زۆر لــە سەردەمی شاعیرەوە نــزیکن، هــەروەها دەکرێــت بــۆ ســاغکردنەوەی لــەیلیٚ و مــەجنوونی نیزامیش کەڵك لەم داستانەی خانایش وەربگیرێت، چی لە ڕووی وشە و زاراوەوە بێت چی لە ڕووی مـەفهووم و ناوەڕۆکەوە بێت، ئەمـە گرنگایەتی و تایبەتمەندێتی خۆی هەیە.

ئەوەی لەم بەشەدا خراوە ڕوو، کورتەیەك بوو لەو بەیتانەی لە بەردەستماندا بوون بــۆ بەراوردکردن و ئاماژە پێدانیان، ئەڵبەتە دەکرێت زیاتری لەسەر بنووسرێت، بەڵام ئێمە هەر ئەوەندەمـان لەسەر ئەم بابەتە نووسی و ئاماژەمـان پێدان.

باسێك لە پەیوەندی نێوان خانا و میرزا شەفیع و ئەڵماس خان

لە هەندێ سەرچاوە و نووسراوەدا ئەوە خراوەتە ڕوو گوایە خانا و میرزا ئەڵماس خانی کەندۆڵەیی، لە ڕێگەی میرزا شەفیعی کولیاییەوە دۆستایەتییان پەیدا کردووە، بۆ ئەم مەبەستەیش دەبێ ئێمە لەبەر ڕۆشنایی بەڵگە و نامەی شیعری و ناوهێنانیان لە لایەن ئەوی تریانەوە، بە بەڵگە و نموونەوە ڕوون بکەینەوە.

پەیوەندی نێوان میرزا شەفیع و خانای قوبادی زۆر ڕوونە و لە چەندین نامەدا باسی یەکتریان کردووە، هەروەها پەیوەندی نێوان میرزا شەفیع و ئەڵماس خانیش ڕوونە و چەند نامەیەك لەنێوانیاندا گۆڕدراوەتەوە و بوونی هەیە و ئاماژەیش بە یەکتر دەکەن. بەلام بۆ ئەوەی میرزا شەفیع هەوڵی نزیکردنەوەی خانا و ئەڵماس خانی دابێت، ئەوەیان جێگەی پرسیارە و دەبێ لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.

ئەڵماس خان و میرزا شەفیع تا ئێستە چەند نامەیەکیان دەرکەوتووە، ئێمە لێرەدا نموونەیەك لەو پەیوەندییە دەخەینە ڕوو، ئەڵماس خان لە نامەیەکیدا بۆ میرزا شەفیعی هاوڕێی دەڵێت:

میرزام شادی کەر، تۆ دڵشادەنی
خان خاتر خۆش، سەرئازادەنی
«شەفیع» شادی کەر، شادیت وە بەختەن
«ئەڵماس» ئالوودەی عەزاب سەختەن

میرزا شەفیعیش لە وەڵامی ئەڵماس خاندا دەڵێت:

کۆتا کەر «شەفیع»، فەرد سەودای دەرد
«ئەڵماس» خاترش پێد مەگێرۆ گەرد
یا چە نامان فەرد هەنی بوود
تا ساڵێ هەنی دنیا چەنی بوود

خانا و میرزا شەفیعیش چەند نامەیەك لە نێوانیاندا هەیە، لێرەدا نموونەیەکیش لەو پەیوەندییە دەخەینە ڕوو، میرزا شەفیع لە نامەیەکدا بۆ خانا دەڵێت:

خانای جامی خوو، خانای جامی خوو!

خانای خاس خەیاڵ، دانای جامی خوو!

خانای قوبادیش لە وەڵامیدا دەڵێت:

جەوانی لوان، ئامانش نیەن

پەی دەردێوەن، دەرمانش نیەن

پەی «میرزا شەفیع» برای خۆش کەلام

«خانا» پەرێش وات: باقی وەسەلام

لێرەیشدا ئەتوانین نموونەیەك لەو پارچە شیعرەی میرزا شەفیع کە بۆ فەرهاد بەگی پیریانی نووسیوە و بە شان و باڵ و شکۆیدا هەڵدەدات، بهێنینەوە، ئەم شیعرە لە دیوانی ئەڵماس خاندا هەمووی بڵاو دەکەینەوە:

دەوران هەم شێوەی کۆکەن کەرد وە یاد

کاوان مەلەرزان ژە سام فەرهاد

فەرهاد بەگ موخلێس ژەی وەرهەم بە خاس

شنەفتم تەعریف مەردید ژە «ئەڵماس»

ئەمە باشترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی میرزا شەفیع چی ڕاستییەکی لە ئەڵماسخانەوە بیستووە و دەیگێڕێتەوە، ئەمە بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە، کاك غەففاریش لە (لەیلا و مەجنوون، لا ٢٩)دا سەبارەت بە پەیوەندی نێوان خانا و میرزا ئەڵماس خان دەڵێت:

«مەزەندە دەکرێ خانا و میرزا ئەڵماسخانی کەنولەیی لە ڕێگەی میرزا شەفیعەوە پێکەوە ئاشنا بوبن. میرزا ئەڵماسخان زۆرتر موتاڵای شیعری فیردەوسی و خانای کردووە و بە کاریگەریی زمانی خانا و بیری فیردەوسی توانیویەتی شانامەی کوردی بهۆنێتەوە».

دەڵێن: گوایە، مەزەندە دەکرێت لە ڕێگەی میرزا شەفیعەوە خانا و ئەڵماس خان بووبن بە هاوڕێ، بەڵام تاکو ئێستا لە هیچ جێگایەکدا نە خانا باسی ئەڵماس خانی کردووە و نە میرزا شەفیعیش ناوی دەهێنێت، لەگەڵ بەشێك لەو بۆچوونەم کە ئەڵماس خان زیاتر شیعری فارسی خوێندووەتەوە و خۆیشی زیاتر بە بەرهەمەکانی فیردەوسییەوە سەرقاڵ کردووە، ئەم تێڕوانینە لەناو شیعرەکانی ئەڵماس خاندا بەدی دەکرێت، خانا زیاتر زمانی عەرەبی بەسەر شیعرەکانیدا زاڵە. هەرچەندە موتاڵای شیعری فیردەوسی، جامی، سائیب، نیزامی و خاقانیی کردووە. خانای قوبادیی خەمسەی نیزامیی وەرگێڕاوە، وەڵامی شیعری سائیبی داوەتەوە، پەیڕەوی ڕێبازی فیردەوسی و جامیی کردووە، لە چەند جێگەیەکدا دۆستەکانیشی بەم شێوە باسی لێوە دەکەن:

شەرح بەیـــان کەر خاقانی خامە

شوعرای جامی نەزم، نێزامی نامە

لەم بەیتەدا زولەیخا بە خانای قوبادی دەڵێت: ئەوەمان بۆ ڕوون بکەرەوە ئەی خانا کە پێنووسەکەت وەکو پێنووسی خاقانییە، لە شاعیریشدا شیعرەکانت وەکو جامییە و نامەکانیشت وەکو نامەی نیزامی وایە. ئەو بۆچوونەیش ڕاستە دەڵێن ئەڵماس خانی کەندوولەیی زیاتر بە وەرگێڕانی شانامەی فیردەوسییەوە خۆی سەرقاڵ کردووە و ئەو پرۆژەیەی بە ئەنجام گەیاندووە، خانایش بە وەرگێڕانی خەمسەی نیزامییەوە سەرگەرم بووە. هەروەها گومانیشم بۆ ئەوە دەچێت لەبەر ئەوەی ئەڵماس خان شانامەی وەرگێڕاوە، خانا خۆی لە شانامە نەداوە و کارەکانی ئەوی دووبارە نەکردۆتەوە، بەڵام ئەڵماس خان کاری لەسەر شیرین و فەرهاد یان خوسرەو و شیرینیش کردووە. بە گشتی ئەوە ڕوون دەبێتەوە هاوڕێکانی خانا تەنها میرزا شەفیع و عەبدوڵڵا خان بوون، پەیوەندی نێوان میرزا شەفیع و فەرهاد بەگ پیریانی و ئەڵماسخانیش ڕوونە و دیارە، بەڵگەیش لەسەر ئەم بابەتە هەیە، بەڵام پەیوەندی خانای قوبادی لەگەڵ ئەڵماس خانی کەندوولەییدا هیچ بەڵگە و بەیتە شیعرێك نییە ئەوە بسەلمێنێت و ڕوونی بکاتەوە. هیچ یەکێك لەو سێ شاعیرەیش باسیان لەوە نەکردووە.

ئەگەرچی ئەوەمان بۆ ڕوون بوویەوە کە ئەم دوو شاعیرە (خانا و ئەڵماس خان) پەیوەندی هاوڕێیەتی لە نێوانیاندا نەبووە، ئەوەیشمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئەم دوو شاعیرە مەزنە لە دوو ناوچەی نزیك بە یەکتر و هاوتەمەنی یەکتری بوون، خاوەن خامەی ڕەنگین و پڕبڕشت و سەلیقەی جوان بوون، ئاگاداری بەرهەم و کاری یەکتریش بوونە، کاری خۆیشیان کردووە و بەو شوێنە گەیاندووە کە ویستوویانە بیگەیەنن.

بەیتە لە بیرکراوەکان

ساغکردنەوە و خوێندنەوەی دەستنووس کارێکی زۆر سەختە و لێزانین و کاری وردی دەوێت، لە کۆندا ئەگەرچی تایپ و چاپخانە و کۆپیکردن نەبووە، نووسەران و زانایان و شاعیرانی ئەودەمە، بە لێهاتوویی و دەسترەنگینی خۆیان، بە شێوەیەکی تایبەتی و سەلیقەی جوانی خۆیان، بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی شاعیران و ئەدەبیان و نووسەرانی کۆن و ئەو دەمەیان بۆمان نووسیوەتەوە. لە ئێستایشدا ئەم جۆرە نووسینە ئەگەرچی لە هەندێ جێگادا هەر بایەخی خۆی پێ دەدرێت، لە هەمانکاتیشدا لە هەندێ ولاتدا ناوەندی تایبەتی خوێندنەوە و هەلگرتن و کۆپیکردن و ئامادەکردنی بۆ تەرخان کراوە، بەلام ئەمە لە کوردستاندا هێشتا لە خالی سفر دایە و ئەوەی کاری لەسەر دەکات، ئەتوانم بلێم زۆربەی زۆری بە سەلیقە و ئارەزووەوە دەستی پێداوە، یان وەکو چاولێکەرییەك. هەر لە خۆمەوە دەیلێم کە نە لە حوجرەدا فێری خوێندنەوەی ئەم جۆرە نووسینانە بووم و نە لە زانستگایەکدا ئەوەم فێر کراوە، ئەوەی یادم گرتووە تەنها لە رێگەی حەز و ئارەزوو و سەلیقەی تایبەتی خۆمەوە بووە، بۆیە هیچ کاتێك کارەکانم لە هەلە و کەموکورتی بەدەر نابینم، هیچکاتێکیش بۆ فێربوونی ئەم زانستە و پرسیارکردن لە وردەکارییەکانی شەرمی و گەورەیی خۆم نیشان نەداوە، بەلکو خۆم بە قوتابییەکی هیچ نەزانی ئەو رێگەیە زانیوە و هەمیشە لە گەران و پرسیاردام و هەولی فێربوونی زیاتری ئەم زانستە دەدەم.

نامەوێ بەسەر ئەوەیشدا برۆم هیچکاتێك لە خۆم رازی نەبووم بۆ ئەو کارانەی کردوومە و هەمیشە هەولی زیاتری بۆ دەدەم، بۆیە ئەگەر لە پێشوودا هەلەیەك لە چاپەکاندا هەبووبێت، هەولّ دەدەم لە چاپەکانی داهاتوودا بەشێوەیەکی رێکوپێکتر ئەو بەرهەمانە بخەمە بەرچاوی خوێنەر.

خالێکی تری کە دەبێ باسی لێوە بکەین ئەوەیە بۆ خوێندنەوەی نوسخە و دەستنووسە کۆنەکان دەبێ زمانی فارسی و عەرەبی و هەندێ جاریش تورکی کۆن (عوسمانی) بزانیت، بەبێ ئەمانە مرۆڤ تووشی هەلەی گەورە دەبێت.

لەم بەرهەمەی خانادا کە یەك نوسخەی تەواوی داستانەکە لە بەردەستدا هەیە، پێویستە بە وردی و ورياييەوە لێی بڕوانین، هەر بۆیە کاتێك تەواوی دەستنووسەکەم بەراورد کرد، بۆم ڕوون بوویەوە کە چەند هەڵە و کەموکورتی لەم دەستنووسەدا هەیە و چەند بەیتێك هەیە لە نوسخەی یەکەمدا هەیە و لە کتێبەکەدا نەهاتووە و لەبیر کراوە. ئەوەی جێگەی پرسیارە نازانم کاك غەففار دوای ئەوەی کتێبەکەی ڕێنووس کردووەتەوە، ئایا دووبارە بە سەر کتێبەکە و دەستنووسەکەدا ڕۆیشتووەتەوە یان نا؟!

ئەوەی من بیستوومە پێشتر لە لایەن مامۆستا موحەممەد ڕەشید ئەمینی پاوەییيەوە پێداچوونەوەی بۆ کراوە، بەڵام زۆر گرنگی پێ نەدراوە، دوای ئەوەی تەواوی نوسخەکە و چاپەکەم بەراورد کرد، لە چەندین لایەنەوە هەڵەم بۆ دەرکەوت کە بە سەر کاك غەففاردا ڕۆیشتووە، یان ئەوەتا دەقی بە سەر بابەتەکەدا نەشکاوە، یان لەبەر ئەوە بووە کە نوسخەکە کێشەی تێدا بووە!

خانای قوبادیی لە داستانەکەیدا دەڵێت: ئەم بەرهەمە (١٦٤٤) بەیتە:

هەزار و شەشسەد و چل و چوار بەیتەن
پەی دۆستان نەبۆ «خانە» پەی کیتەن!

کەچی دوای پێداچوونەوە و ئەژمارکردنی چەند جارێکی ئەم دەستنووسە، بۆمان ڕوون بوویەوە کە داستانەکە لە نوسخەی بنچینەییدا (١٦٤٤) بەیت نییە و (١٦٣٤) بەیتە، نازانرێت بۆچی ئەو (١٠) بەیتە نەهاتووە و لە دەستنووسەکەدا کەمی هێناوە؟! ئەم چەند بەیتە کە لە کتێبەکەدا لە بیر کراوە، نیشانەیەکی ڕوون و ئاشکرای نییە بۆ ئەوەی ئاماژەی پێ بکەین و هۆکارەکەیش نەزانراوە، لە هەمانکاتیشدا کاتێك کاتب داستانەکەی دووبارە نووسیوەتەوە چەند بەیتێکی شاعیرێکی تری تێکەڵ کردووە و ئامادەکاری کتێبەکەیش چەند بەیتێکی تری بۆ زیاد کردووە، ئەگەرچی چەندین بەیتی نەخوازراو و بێ پەیوەندی بە بەیتەکانی خاناوە، زیاد کراوە، لە کۆتایی بەشی «رفتن ملوح پدر قیس بە خواستگاری لیل»یدا، لاپەڕە (٥٣)، کاك غەففار بەم شێوەی نووسیوە:

شـــــەب و ڕۆ ئەشـــــعار عاشـــــقانە ســـــۆز
مـــــەوات چـــون بولّبـــولْ نـــەوای دڵئـــەفرۆز
کـــەژ و کـــۆی کەمـــــەر، بەیـــدی و بیابـــان
مـــــــەدا وە پـــــاوە تونـــــــد و شـــــــتابان
تا یـــــــــــاوا بـــە دەشـــت دامەنـــەی دوجـــەیل
هەوارگـــەی مەخـــسووس پـــەی خێڵخانـــەی لـــەیل

لە کاتێکدا لە دەستنووسەکەدا لاپەڕە (١٧)، بەیتەکان بەم شێوەیە هاتووە:

شـــــەب و ڕۆ ئەشـــــعار عاشـــــقانە ســـــۆز
مـــــەوات چـــوون بولّبـــولْ نـــەوای دڵئـــەفرۆز
ڕۆژێ بـــــی ســـــەوار جـــــەمازەی هـــــەوار
بـــە دیـــدەی یـــاران، هەفتـــەی بـــی پێـــوار
کـــەژ و کـــۆی کەمـــــەر، بیـــدی و بیابـــان
مـــــــەدا وە پـــــاوە تونـــــــد و شـــــــتابان
تا یـــــــــــاوا بـــە دەشـــت دامەنـــەی دوجـــەیل
هەوارگـــەی مەخـــسووس پـــەی خێڵخانـــەی لـــەیل

لێرەدا بەشەکە تەواو دەبێت و ئەو بەیتەی کە تۆخ و لار کراوەتەوە لە چاپەکەدا لەبیر کراوە و نەهاتووە، ئەمەیش نەکەوتۆتە ئەو بەشەی کە بەڕێزیان دوو نوسخەیان لە بەردەست بووە و بڵێین لەبەر ئەوەی دوو نوسخە بووە لەبیر کراوە، بە هەمان شێوە لە لاپەڕە (٥٩)ی کتێبەکەدا بەیتێکی تری لە بیر کراو هەیە و بەم شێوەیە هاتووە:

نیـــــشتە بـــی وە ســـەی داریّ بـــەرز دەمـــاغ
نیـــــشت وە شـــــاخەیدا یـــەکیّ ســـــیازاغ
یـــا ســـیا دەوار ســـەر خەیمـــەی لـــەیلی
وەی تـــەور نـــە فـــەرقم پـــڕ میهـــر و مـــەیلی

کەچی لە لاپەڕە (٢٢)ی دەستنووسەکەدا بەم شێوەیە هاتووە:

نیـــشتەبێ وە ســـەر داریٚ بـــەرز دەمـــاغ
نیـــشت وە شـــاخەیدا یـــەکێ ســـیازاغ
مـــەجنوون وات: ئـــەی زاغ تـــۆ وەی سـیاهی
نیـــشتیم نـــە فـــەرق، چـــوون چـــەتر شـــاهی
یـــا ســـیا دەوار ســـەر خەیمـــەی لـــەیلی
وەی تـــەور نـــە فـــەرقم پـــەڕ مێهـــر و مـــەیلی

ئەو بەیتەی تۆخ و لار کراوەتەوە، لە کتێبەکەدا نەهاتووە، جگە لـەوەیش لـە هـەمان بەشدا و لە لاپەڕە (٦٠)دا دوو بەیتی تری لە بیر کراو دەبینرێت، لە کتێبەکەدا بەم شێوەیە هاتووە:

مەشـــیم مەکـــەردم ســـەیر بـــاڵای لـــەیل
جـــە دەرد هیجـــران دەروونـــش هـــەن کـــەیل
جـــە هـــەر ڕاویـــارێ مەپەرســـا هـــەواڵ
قـــەیس دەروون ڕێـــش، شـــەیدای بەیـــدی مـــاڵ
ڕۆوی جـــە گۆشـــەی خەیمـــە و خـــەرگاوە
دیـــا ڕاویـــارێ ئامـــا بـــە ڕاوە
وات وە کـــۆ مەشـــی ســـواری عـــەرەب
وات ئـــەی ســـەرمایە پـــەی شـــادی و تـــەرەب

بەڵام لە دەستنووسەکەدا ئەم چەند بەیتە بەم شێوە نووسراوە:

مەشـــیم، مەکـــەردم ســـەیر بـــاڵای لـــەیل
جـــە دەرد هێجـــران، دەروونـــش هـــەن کـــەیل
لـــەیلێ پـــەرێ ئـــەو جـــە ڕووی موشـــتاقی
جـــە حـــاڵات ســـەخت، بیمـــاری و ســـاقی

جــــه هـــــەر ڕاویـــــارێ مەپەرســـا هـــــەواڵ
قـــەیس دەروون ڕێـــش، شـــەیدای بێـــدی مـــاڵ
ڕوێ جـــــه گۆشـــــەی خەیمـــــه و خـــــەرگاوە
دیـــــا ڕاویـــــارێ ئامـــــا بـــــه ڕاوە
وات: وه کـــــۆ مەشـــــی ســـــەوار عـــــەرەب
وات: ئـــەی ســـەرمایه پـــەی شـــادی و تـــەرەب
دەســـــتوورەن جـــــه لای جونبـــــەی ئـــــامری
مەشـــووم بـــه وەڵگـــەی جەرگـــەی عـــامری

بەیتی «لەیلی پەرێ ئەو...» و «دەستوورەن جه لای جونبه...» کە تۆخ و لار کراونەتەوە، لە کتێبەکەدا لە بیر کراون، لە جێگەیەکی تریدا کە ئامادەکار دوو نوسخەی لە بەردەستدا بووە، بەیتێك لە نوسخەی یەکەمدا هەیە و لە بیر کراوە، لەناو ئەو بەشەیشدا کە بەراورد کراوە جارێکی تری و لە لاپەڕە (٨٣)ی چاپەکەدا نەهاتووە:

زاریـــت چـــوون خـــەزان، بـــەرگم ڕێزنـــان
پەشـــێویت پـــەڕ داخ، شـــاهیم بێزنـــان

ئەم بەیتە لەو نوسخانەی کە لە لای ئێمەیە و داویانەتە پاڵ میرزا شەفیعی کولیـایی، بە هەندێ جیاوازییەوە هاتووە:

زاریـــت چـــوون خـــەزان، جـــەرگم ڕێزنـــان
پەشـــێویت پـــەرداخ، شـــادیم شـــێونان

ئەو بەیتەی کە لە لاپەڕە (٨٣)دا لەبیر کراوە، لەگەڵ چەند بەیتێکی تریدا لە لاپـەڕە (٧٩)دا هێنراوە، ئێمە لەناو بەیتە زیادکراوەکاندا زیادتر باسی دەکەین و لەوێیشدا جێگەی خۆیەتی باسی لێوە بکرێت.

هەروەها لە لاپەڕە (١١٣)ی کتێبەکەدا دوای بەراوردێکی زۆری بەیتەکان، ئامادەکـار سێ بەیت زیاد دەکات و بەیتێکیش لەبیر دەکات:

حـــەیف نـــەدیم جـــەمین جـــەماڵ لـــەیلێ

بـــە واتـــە ماچـــان، وەجیهـــەن خـــەیلێ

ئـــەو خاســـەن یـــەکجار بوینـــووش وە چـــەم

ســـاکن بـــۆ دەروون جـــە ئەنـــدووە و غـــەم

نگـــاه کـــەم وە عـــەین خەریـــدار وێـــم

ســـەلیقەی مـــەجنوون ئێمتێحـــان بـــۆ پـــێم

ئەو بەیتەی تۆخ و لار کراوەتەوە لە چاپەکەدا زیاد کراوە، پەراوێزیشی بـۆ نووسـراوە و نەوتراوە لەچی سەرچاوەیەکیانەوە وەری گرتووە، کەچی دوای ئەو بەیتە زیادکراوە، بـەیتێك لەبیرکراوە. واتە بەیتی «نەوفەڵ نگاه کەرد...» نەهاتووە، ئەگەر تەماشای لاپـەڕە (٥٤)ی دەستنووسە بنچینەییەکە بکەین، ئەوا بەم شێوە بەیتەکانی هێناوە:

حـــەیف نـــەدیم جـــەمین جـــەماڵ لـــەیلێ

بـــە واتـــە ماچـــان، وەجیهـــەن خـــەیلێ

نەوفـــەڵ نگـــاه کـــەرد کـــەژاوە واز بـــێ

خـــاڵی جـــە ئـــەغیار، جەرگـــەی غـــەمماز بـــێ

نگـــاه کـــەم وە عـــەین خەریـــدار وێـــم

ســـەلیقەی مـــەجنوون، ئێمتێحـــان بـــۆ پـــێم

ئەو بەیتە زیادکراوەیش کە لێرەدا ئاماژەمان پێدا، بە پێویـست و گونجاومـان دەزانـی لەگەڵ ئەو بەیتەی لەبیر کراوە باسی بکەین. ئەو بەیتانەی کە لەبیر کراون و ئاماژەیـشیان پێ نەکراوە لێرەدا ئاماژەیان پێدرا، لە دەستنووسەکەدا هاتووە و لە چـاپەکەدا نـەهاتووە، هیچکام لەو بەیتانەی لە یاد کراون، ئاماژەیان پێ نەکراوە بۆچی و لەبەر چی نـەهێنراون. ئیتر نازانم ئەو کتێبە پێداچوونەوە و بەراوردی لەبەر ڕۆشنایی نوسخەکاندا بۆ کراوە یان نا، چۆن کراوە نازانم؟! ئەوەی لەم بەشەدا خراوەتە ڕوو ئەو بەیتانە بـوون کـە لـە دەستنووسـە بنچینەییەکەدا هاتووە و لە چاپکراوەکەدا لەبیر کرابوون.

بەیتە زیادکراوەکان

ئامادەکاری داستانی لەیلێ و مەجنوونی خانای قوبادی وەکو لە هەندێ جێگادا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە دوو دەستنووسی لە بەردەستدا بووە، یەکێکیان نوسخەیەکی تەواو و ئەوی تریشیان ناتەواو بووە، لەو جێگەیەیدا کە نوسخەی دووەم دەست پێ دەکات، گرفتی بەیتی زیادکراویش دەست پێ دەکات، ئێمەیش لە جێگەی خۆیدا باسی ئەوەمان کردووە کە خانا دەڵێت ئەم داستانە (١٦٤٤) بەیتە و کاتێك بەیتەکانی ئەم داستانە لە نوسخەی بنچینەییدا ئەژمار دەکەیت، (١٦٣٤) بەیت هاتووە و (١٠) بەیت لەم داستانە دیار نییە، ئامادەکاری چاپی یەکەمی داستانەکە لە کۆتایی داستانەکەدا، لاپەڕە (١٨٢) پەراوێزێکی نووسیوە و دەڵێت:

«ئەگەرچی خانا دەڵێ ئەم کتێبە ١٦٤٤ بەیتە، بەڵام بە بەراوردکردنی ئەو دوو دەقەی بەردەستی من و هێندێ جار بەیتێك کە لە دەقێکدا هەبوو و لە دەقی دیکەدا نەبوو، ئەم کێشەیە بووە هۆی ئەوەی کە ژمارەی بەیتەکان زۆرتر بێ».

کاتێکیش بەیتەکانی نێو چاپەکە ئەژمار دەکەی، بریتییە لە (١٦٨٣) بەیت و (٤٩) بەیت بۆ داستانەکە زیاد کراوە، ئەمە جگە لەوەی چەند بەیتێکیش لەبیر کراوە، ئەگەر بێت و ئەو نوسخانەی نەوفەڵ و مەجنوونی لای ئێمەیش بەراورد بکەین، ئەوا چەند بەیتێکی تری بۆ ئەم داستانە زیاد دەکات.

لێرەدا ئێمە ئەو بەیتانەیش کە زیادکراون، ئاماژەیان پێ دەکەین و لەگەڵ نوسخەی یەکەمدا کە نوسخەی بنچینەیی کارەکەیە، بەراوردیان دەکەین.

لە لاپەڕە (٥٧)ی کتێبەکەدا بەیتێك زیاد کراوە بە بێ هیچ ئاماژەیەك بۆ دەستنووس و سەرچاوە، ئەم بەیتە تەنها زیادکراو نییە، بەیتێکی نێوەندی دووبارە بووەتەوە، بەیتەکەیش لە پێش کاری بەراوردکارییەکەوەیە:

واتــــش ئـــــەقرەبا و نــــــەزدیکان مـــــن
نــــــوور بینـــــــائی دیـــــدەگان مـــــن

گــــرەوا بـــــە زار ئامـــــا بــــە گوفتـــــار

گلـــــە جــــە ئــــەقوام، كـــــردار و ڕەفتـــــار

واتــــش ئـــــەقرەبا و نــــــەزدیكان مـــــن

نـــــوور بینـــــائی دیـــــدەگان مـــــن

لە دەستنووسەكەدا كەوتۆتە لاپەڕە (٢٠) و بەم شێوەیە هاتووە:

گـــــرەوا بـــــە زار، ئامـــــا بـــــە گوفتـــــار

گلـــــە جـــــە ئـــــەقوام، كـــــردار و ڕەفتـــــار

واتــــش ئـــــەقرەبا و نــــــەزدیكان مـــــن

نــــــوور بینـــــایی، دیـــــدەگان مـــــن

لە دەستنووسەكەدا بەیتی یەكەمی ئەو سێ بەیتەی سەرەوە كـە لار و تـۆخ كراوەتـەوە نەهاتووە، لە پەراوێزیشدا هیچ ئاماژەیەكی بۆ نەكراوە، هەروەها لە لاپـەڕە (٧٩)دا چـەند بەیتێكی تری دەهێنێت:

زاریـــت چــوون خـــەزان جـــەرگم ڕێزنـــان

پەشــــێویت پــــەرداخ شــــاهیم بێزنــــان

زاریـت پـەی كـێ هـەن، بـەی تـەور گرفتـار

ئەنـــــدام تـــــەنت زەعیـــــف زامـــــدار

ڕاســت واچــە پــەرێم، نــە ســای ســەنگەوە

جـــە داخـــت تـــەكم دان وە مەرگـــەوە

زاریــت نــە چێــشەن، پــەی كــێ تاســەتەن

ســـەرت ســـەرگەردان كـــام سیاســـەتەن

مەجنوون دیش مەوبەت شای فەرەیدوون فـەڕ

والـــــی مـــــەمالێك عارەبـــــان بـــــەڕ

ئامادەکار لە لاپەڕە (٧٩)ی کتێبەکەیدا بۆ ئەم چەند بەیتە، پەراوێزێك دەنووسێت و دەڵێت:

«لە (ن ش ع)دا ئەم بەیتە لە جێیەکی دیکە نووسراوە. بەڵام لێرە باشتر دەگونجێ. ئەڵبەت بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، دەبێ بڵێم: هێندێ لە بەیتەکان لە هەردوو نوسخەکەدا پاش و پێش دەکەون، یا هێندێ بەیت لە نوسخەیەکدا هەیە و لە هیی دیکەدا نییە. ئێمە بە گوێرەی توانایی تێکۆشاوین بە باشترین شێوە کەڵك لە هەردوو دەقەکە وەربگری»

لە نوسخەی بنچینەیی کارەکەدا بەیتی «زاریت چوون خەزان...» دەکەوێتە لاپەڕە (٣٨) و دەبوو لە کتێبەکەیشدا بکەوتبایەتە لاپەڕەی (٨٣)، تەنها کارەکە لەوەدا نییە کە لەبیر کراوە یان زیادکراوە، لە هەمانکاتیشدا جێگۆڕکێیش بە بەیتەکە کراوە، ئێمە لە باسی بەیتە لە بیرکراوەکاندا ئاماژەیەکمان بۆ ئەوە کردووە، بەیتێك زیاد کراوە و بەیتێکیش لەبیر کراوە، لە دەستنووسەکەیشدا بەم شێوە هاتووە:

زاریت چوون خەزان، بەرگم ڕێزنان
پەشێویت پەرداخ، شاهیم بێزنان
پەرێ تۆ عەیبەن ئی هەردە چۆڵە
ئی عەسا و کەشکۆڵ، کەڵپۆس نە کۆڵە
هۆرێزە چەنیم بەرووت وە دامان
قەسەم وە بارەگای بەرز ئێمامان
هەرگاه دەوای زام نەسرەفتت لەیلەن
شاهی و موڵك و ماڵ نە ڕات توفەیلەن

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئامادەکار ئەو چەند بەیتەی کە تێئاوخنی کارەکەی دەکات، لە سەر هیچ بنەمایەکی زانستی نییە، بەڵگەیش بۆ ئەم مەبەستە لەبەر ڕۆشنایی تیۆرێکدایە:

١- کاتێك نوسخەی یەکەم کە بنچینەی کارەکەیە و ناتەواو بێت، دەتوانرێت ئەو بەیتەی ناخوێنرێتەوە یان جیاوازی هەیە، بەپێی نوسخەی دووەم تەواو دەکرێت و ڕاست دەکرێتەوە.
٢- ئەگەر نوسخەی بنچینەیی بەشێکی دەستنووسەکە یان تووشی پوکان و لەناوچوون بووبێت یان تەڕ بووبێت و نەخوێنرێتەوە، ئەوا لەبەر ڕۆشنایی نوسخەی دووەم ناتەواوییەکان تەواو دەکرێت و ئاماژەی پێ دەکرێت.
٣- ئەگەر دەستنووسە بنچینەییەکە ناتەواو بێت لە بەیتدا و کەمی هێنابێت وەکو ئەم داستانەی خانا کە (١٠) بەیتی ونبووە، ئەگەر نوسخەی یەکەمی کارەکە گومانی لەسەر نەبێت، واتە نوسخەی باوەڕ پێکراوبێت، ئەوا لەبەر نوسخەی دیکە ئەو ناتەواویانە تەواو دەکرێت، هەرچی زیادەیش هەبوو لە نوسخەی دووەمدا دەخرێتە پەراوێزەوە و ئاماژەی پێ دەکرێت....

سەبارەت بەم بەیتەی خوارەوە کە لە نوسخەی بنچینەییدا هاتووە، لەگەڵ نوسخەکانی تریدا بە هەندێ جیاوازی کەمەوە هاتووە، لە هەردوو نوسخەکەدا وەکو یەکن و جێگۆڕکێ بە بەیتەکە کراوە:

زاریــــت چــــوون خــــەزان، بــــەرگم ڕێزنــــان
پەشــــێویت پــــەڕ داخ، شــــاهیم بێزنــــان

لە نوسخەی دووەمی لای کاك غەففار خۆیدا بەم شێوەیە هاتووە:

زاریــــت چــــوون خــــەزان، جــــەرگم ڕێزنــــان
پەشــــێویت پــــەڕ داخ، شــــاهیم بێزنــــان

لە نوسخەی نەوفەڵ و مەجنوونەکەی لای مامۆستا عەبدولڕەقیب یووسفیشدا بەم شێوەیە هاتووە:

زاریــــد چــــوون خــــەزان، جــــەرگم ڕێزنــــان
پەشــــێویت ئەســــاس شــــاهیم بێزنــــان

لە نوسخەکەی لای مامۆستا موحەممەد ڕەشیدی ئەمینیشدا بەم شێوەیە هاتووە:

زاریـــت چـــوون خـــەزان، جـــەرگم ڕێزنـــان

پەشـــێویت پـــەرداخ، شـــادیم شـــێونان

وەکو دەبینین ئەم بەیتە بە جیاوازییەکی کەمەوە لە نوسخەکانی نەوفەڵ و مەجنووندا هاتووە، ئامادەکار لە پەراوێزیشدا ئاگادارمان دەکاتەوە بەوەی کە لێرەدا کاری نوسخەی دووەم باشتر دەگونجێت و ئێمە بە گوێرەی توانایی تێکۆشاوین بە باشترین شێوە کەڵك لە هەردوو دەقەکە وەربگرین....

لە لاپەڕە (٨١)ی چاپەکەدا بەیتێکی تری هەیە زیاد کراوە و لە نوسخەی بنچینەییدا نەهاتووە و ئاماژەیشی پێ کراوە کە لە نوسخەی دووەمەوە وەرگیراوە:

یـــە بـــار خـــاتر جـــە خـــەم کەیلمـــەن

یـــە وێـــڵ ولآت پـــەرێ لەیلمـــەن

هەروەها لە لاپەڕە (٨٨)دا هاتووە و لە نوسخەی بنچینەییدا نییە و لە نوسخەی دووەم وەرگیراوە:

مـــەجنوون بێـــدار بـــی جـــە خـــاو شـــیرین

شـــوکرش کـــەرد بـــە زات (رَبُّ العـــالمین)

لە لاپەڕە (٨٩)یشدا بەیتێکی تری زیادکراوە و بە ئاماژە بۆ نوسخەی دوو، باسکراوە:

تـــا دنیـــا دنیـــان هـــەر تـــۆ بمـــانی

وە عـــەیش و نـــشات وە کامـــەرانی

دیسانەوە لە لاپەڕە (٩٠)دا بەیتێکی تری هێنراوە و ئاماژەیشی پێکراوە کە لە نوسخەی دووەم وەرگیراوە:

مەکـــشووف مـــەعلووم زاکـــیرەی عـــالی بـــۆ

مـــەزموون نامـــەم وەنـــەت حـــاڵی بـــۆ

لە لاپەڕە (١٠٤)دا بەیتێکی تری زیادکراوە و لە نوسخەی دووەمەوە وەری گرتووە:

چـەند سـپا جۆشـان جـە هـەردوو تـەرەف
خێـزا بـانگ بـەرز (أخـي لا تَخَـف)

لە جێگەیەکدا باسی ئەوەمان کردووە کە بەیتێك زیادکراوە و بەیتێك لەبیر کراوە، لێرەدا ئەو بەشەی تری بابەتەکە بلاّو دەکەینەوە، لە لاپەڕە (١١٣)ی کتێبەکـەدا چـەند بـەیتێك زیاد کراوە و لە دەستنووسەکەیشدا بەشێوەیەکی ترییە:

دیـش لـەیلیَ وە نـاز چـوار زانـو نیـشتەن
جـە قـەدەم تـا فـەرق، نـوور پیّـدا وەشـتەن
بـەدرێ سـازیان پـەی شـەو زەمـین
قورئـان مـەوانۆ ئـەو خەورشـید جـەمین
سەف بەستەن حەی تـار جـە سـەفحەی قەمـەر
زەبـانش کیّـشان پـەی چـەرخ ئـەخزەر
لـەیلیَ چ لـەیلیَ چـوون حـۆر بەهەشـت؟!
سـونع سـوبحانی، فریـشتە سرشـت
لـەیل چ لـەیل حـۆریی ڕەوزەی ڕزوانـی
ڕەشـتەی کلـك سـونع مـانی سـوبحانی

لە لاپەڕە (٥٤)ی دەستنووسەکەیشدا بەم شێوە هاتووە:

دیـش لـەیلیَ وە نـاز، چـوار زانـۆ نیـشتەن
جـە قـەدەم تـا فـەرق، نـوور پیّـدا وەشـتەن
سەف بەستەن حەی تـار جـە سـەفحەی قەمـەر
زەبانـەش کیّـشان پـەی چـەرخ ئـەخزەر
لـەیلیَ چ لـەیلیَ، چـوون حـوور بهـشت
سـونع سـوبحانی، فریـشتە سرشـت

ئەو بەیتانەی لە کتێبیەکەدا هاتووە و تۆخ و لار کراوەتـەوە، زیـاد کـراون و ئاماژەیـان پێکراوە یان نا- لە دەستنووسە بنچینەییەکەدا نەهاتووە.

لە لاپەڕە (١١٥)یشدا بەیتێکی تری زیاد کراوە:

خـــەیلێ خـــەیاڵات ئـــاوەرد نـــە دەروون
وات چـەنی مـەجنوون مـەبۆ چـێش کـەروون

لە لاپەڕە (١١٦)یشدا بە هەمان شێوە بەیتێکی تری لە نوسخەی دووەمەوە وەرگیراوە و بۆ داستانەکەی زیاد کراوە:

نـــاوەرد بـــە یـــاد ئیـــسلام و ئـــایین
جـــە عەهـــد و پـــەیمان ئامـــا وە پـــایین

بەیتە زیادکراوەکانی تریش بەم شێوەن و ژمارەی پەڕەکانیشیان لە کەناریانەوە نووسراوە:

موتریبـــان وە ســـۆز ســـەدای ســـازەوە
خۆشـــخوانان وە لـــەحن خـــۆش ئـــاوازەوە- ١١٨
نۆشـــا نـــۆش مـــەی تـــا نیمـــە شـــەو بـــی
پیاڵەیـــە وە ئێـــد یـــەکێ وە ئـــەو بـــی- ١١٩
مـــەوج هـــون جـــە بـــەحر خـــەیاڵ کـــەرد حاسڵ
تۆفـــان بـــی مـــاڵا ڕیـــشە جـــەرگ و دڵ- ١٢١
هـــۆر چـــنیا بـــازاڕ بەســـات شـــادیش
بـــاد بـــەردش خـــەرمان خـــەیاڵ بـــادیش- ١٢٢
واڵا و ئـــــەقرەبا خەبـــــەر زاناشـــــان
حەمـــد زات پـــاك یـــەکتا واناشـــان- ١٢٣
بـــداران وە بـــاد خـــەرمان خـــەمان
چـــاکەن بـــێخ چـــاش گرتـــەن وە زەمـــان- ١٢٣

پــــای فـــــەرەس پـــــەهلووی عەنبـــــەر شـــــکاوان
ئـــەو شـــەو تـــا بـــە ســـوبح سپاشـــان یـــاوان- ١٢٤
مــــــەهمێز دان وە ڕەخــــــش ڕەهـــــوار نــــــامی
حــــــدوود ســــــەعدان مــــــەقبوولْ شــــــامی
قەومیْ پەی قەساس حوجرەی دەروون کەیل- ١٢٦
یەلغارشــــــان کــــــەرد نــــــە ســــــارای دوجــــــەیل
نەســــیم شــــەو نــــە وەقــــت زەدەی شــــەفەق زەرد
تــــاراج ئــــێلاّت نەوفەلّیــــشان کــــەرد- ١٢٦
قــــــەیس نــــــاموراد هــــــەم بــــــی ســــــەرگەردان
لــــۆنگ پۆشــــا نــــەوەر وێــــلْ بــــی نــــە هــــەردان
نەوفــــــەلْ جــــــە هیجــــــران لیمــــــووان زەرد
بۆنیــــا نــــە خــــاك ئەڵحەدســــەرای ســــەرد- ١٢٧
ئــــەووەلْ مــــەردیش کــــەرد، ئاخــــەر نامــــەردی
نامـــــــەردی پـــــــەرێش بـــــــی وە ڕەنـــــــگ زەردی
ئــــەر جــــە ئیبتیــــداش پــــاك تینــــەت مــــەبی
کــــەی وە ژار مــــار جــــەرگش لــــەت مــــەبی- ١٢٨

لێرە بەدواوە دەچینە سەر بەشی کۆتایی داستانەکە، تــەواوی نوسـخەکانی نەوفــەلْ و مەجنوون وەکو یەکن و تەنها جیاوازی هەندیْ وشەیی تێدایە، ئەمە تا ڕادەیەك ئاساییە و نابێتە گرفت، چەندین بەیت زیاد کراوە و لەبیر کـراوە. ئـەوەی جێگـەی پرسـیار و گرفتـە ئەوەیە لە کۆتایی ئەو بەشەی کە ئێمە بڕوامان وایە هی میرزا شـەفیعە، ئامادەکـار ئـەم چەند بەیتەی نوسخەی دووەم تێکەلْ بە نوسخەی یەکەم ناکـات و بـڕوای وایـە کـە مـیرزا شەفیع شاعیرێکی ئەوەندە گەورە و بە سەلیقە نەبووە بتوانیْ وەکو خانـا شـاکارێکی وەهـا

بخولّقێنێ، بەڵام ئەو بەیتانەی کە بە زیادەوە هاتووە لە نوسخەی دووەمدا دەیداتە پاڵ خانا و تێکەڵ بە داستانەکەی دەکات.

ئـــەووەڵ مـــەردیش کـــەرد، ئـــاخر نامـــەردی
نامـــەردی پـــەرێش بـــی وە ڕەنـــگ زەردی
ئـــەر جـــە ئیبتیـــداش پـــاك تینـــەت مـــەبی
کـــەی وە ژار مـــار جـــەرگش لـــەت مـــەبی
تـــا لـــەیل بـــی وە قـــەتڵ قـــەیس جـــەفاکێش
یـــــاوا وە مـــــەقروون مـــــەکافات وێـــــش
هـــەر چـــەند ســـاحێب کـــار تینـــەتش پاکـــەن
ئینـــــشاڵڵا نەجـــــەور جـــــەهان بێباکـــــەن
پـــەرێ خـــاس و عـــام مـــەخلووق خـــاکی
هـــیچ خاســـی نیـــەن جـــە تینـــەت پـــاکی
بـــشنەوێ ئـــی شـــیعر، مـــەعلووم بـــۆ لێتـــان
مـــوخبیر بـــان وە حـــاڵ تینـــەت وێتـــان
مـــن عەبـــد فـــەقیر بـــەدنام عـــامم
هـــەرزەی هـــەرزە نوتـــق هـــەرزە کـــەلامم
حـــەرفێم هـــا نـــە دڵ ڕەنجیـــدەی ڕەنجـــوور
هەم لەزیز، هەم تەڵخ، هەم شیرین، هـەم شـوور
مـــەبۆ بواچـــوون وەرتـــر جـــە مـــەردەن
مـــــەخفی مەنـــــدەنش عـــــەلاوەی دەردەن
ئـــەر خـــاس خلقەتـــەن ئـــەر ناخـــاس خلقـــەن
هەرکەس ڕاستەن ڕاست، هەرکەس چەفت چەفتەن

(شــــەفیع) شـــــای نەوفــــەڵ وە زامانــــــەوە

پـــــــای فــــــەوتش پێـــــچان وە دامانـــــــەوە

دوســـــتاخەن جــە بــەین دام، تەنینـــدەی وێـــش

تۆبەی نەوفەڵ چێش؟ نەوفــەڵ بــە تــۆ چــێش؟!

لــــــەیل بیـــــەن وە خـــــاك، خــــالآن ئـــــالآش

خاك جــە تــەغوای ســووف، پۆشـاش وە بـالآش

قــــــەیس خـــــەریك بــــەیت داج دەیجـــــوورەن

مونتـــــەزیر وە نــــــەفخ ناپەیــــــدای ســــــوورەن

تــــۆ دوعـــــای خـــــەیر کـــــەر لــــەیل و نــــەهار

هـــــــەر ســـــــەحەرگاهان، وەخـــــت ئێـــــواران

واچـــــــە یـــــــا کـــــــەریم، دەهەنـــــدەی داوەر

یـــا نووربـــــەخش، نـــــوور خەورشـــــید خـــــاوەر

تـــــا ئــــەرز ئیـــــستیوار، جەبـــــەڵ بـــــڕڕا بـــــۆ

تـــــا بەقــــــەر حامـــــڵ حـــــەمڵ غـــــەڕڕا بـــــۆ

تـــــاریخ تەقــــــدیر عەبــــــد جـــــــەفاکێش

گـــــەدایی خۆشـــــە ، چـــــین ئـــــەربابان پـــــێش

بـــــەقای مـــــا زەواڵ، عـــــومر (خەســــرەو) بـــــۆ

بەعیـــد جـــە ئەفـــساد، چـــەرخ کـــەج ڕەو بـــۆ

نەشــــەمەی ناچــــیز، بــــێ ئـــــەجزا و نمــــەك

نــــە ســــەنەی (هــــەزار و دووســــەد چــــەنی یــــەك)

ئامادەکار کاتێك ئەم چەند بەیتە بە هی خانا نازانێت، کەچی لەو نێوەندەیشدا چەندین بەیت زیاد و کەم دەکات و بە هی خانای لە قەڵەم دەدات، بە بۆچوونی من هیچ کاتێك خانا پێویستی بەوە نییە ئەو چەند بەیتەی بۆ زیـاد بکرێـت و چـەند بـەیتێك کـە بـە بـڕوای

ئامادەکار هی کاتبی نوسخەی دووەمە و دەیخاتە ژێر پرسیارەوە، زیاد بکرێت، دەبوو ئەو چەند بەیتەی کە ناواخن کراوە بۆ داستانەکە و ئەمانەی کۆتاییش، هەموویان بخرێنە پەراوێزەوە، ئەگەر لەنێو مەتنەکەی خانایشدا زیاد دەکرێت، دەبوو بخرابایەتە نێو دوو کەوانەوە بە خەتێکی جیاواز یا بە شێوەی لارکراوەیی یا نووسینەکە تۆخ بکرایەتەوە و پەراوێزی لە سەر بنووسرایە، کەچی ئامادەکار ئەگەرچی بەشێك لەمانەیش ناکات، لە هەندێ جێگەدا بە میزاج و بۆچوونی خۆی بەیت ناواخن ئەکات و لە هەندێ جێگەیشدا بەیت لا دەبات و جێگۆڕکێی پێ دەکات و پەراوێز دەنووسێت، لە هەندێ جێگەیشدا بەیت دادەنێت و ئاماژەیشی پێ ناکات، هەروەها دوا بەیتش کە ئەم بەیتەی خوارەوەیە، ئامادەکار لە نوسخەی دووەمدا نە دەینووسێت، نە باسیشی دەکات.

هــــــزاران درود، هــــــزاران ســــــلام
زمــــــا بــــــر محمــــــد، علیەســــــلام

ئەوەی ماوەتەوە بیلێین، ئەوەی لەم بەشەدا خستوومانەتە ڕوو، بەشێکە لەو هەڵانەی ئامادەکاری کتێبی لەیلا و مەجنوونی خانای قوبادی و کارەکەی ئێمەیش کە لەبەر ڕۆشنایی ئەو نوسخانەی بەردەستماندا بووە و لێکۆڵینەوەکەیشمان بەم شێوەیە ئەنجام داوە.

لە خاڵێکی تریدا دەبێ ئەوەیش بلێین کە ئەو بەشەی دانراوە و لە چەندین نوسخەدا بە ناوی میرزا شەفیعەوە هاتووە، ئێمە بڕوامان وایە لەبەر ڕۆشنایی ئەو نوسخانەی بەردەستمان ئەو بەشەی تێکەڵ کراوە، پەیوەندی بە «خانای قوبادی»یەوە نییە و هی میرزا شەفیعی کولیاییە، پێویستیش بوو ئەو بەیتانەی کە هەر بەراورد کراوە و زیادن، نەدەبوو لەنێو مەتنی خانادا بهاتبایە، پێویست بوو هەموویان بخرایەتە پەراوێزە و هەر بەیتێکیش لە جێگەی خۆیدا ئاماژەی پێ کرابایە، هەروەها لە لاپەڕە (١٧٢)دا و لە جێگەیەکی تریشدا بەیتێك هەیە دوو جار لە نوسخەی یەکدا هاتووە و ئامادەکار هیچ ئاماژەیەکی پێیان نەکردووە، ئەم بەیتانەیش کە دووبارە بوونەتەوە، تەنها یەك بۆ دوو بەیتێك کەوتۆتە نێوانیانەوە و جێگەی پرسیارە، ئایا شاعیر خۆی دووبارەی کردوونەتەوە؟! ئەگەر شاعیر

دووبارەی کردووەتەوە، ئەوا هەڵەی شاعیرە و دەبوو ئامادەکار ئاماژەیەکی پێیان بکردایە، ئەگەریش هی کاتبە، دیسانەوە پێویست بوو باسیان لێوە بکرایە، بەگشتی خانا خۆی ئاماژەی بەوە کردووە کە داستانەکەی (١٦٤٤) بەیتە، بەڵام لە نوسخەی بنچینەییەکەدا (١٦٣٤) بەیت هاتووە، ئەگەر ئەو دوو بەیتەیشی لێ دەربکرێت، ئەوا دوو بەیت کەمتر دەهێنێت، واتە: (١٦٣٢) بەیت... کەچی برای ئامادەکار چەندین بەیتی بۆ زیاد کردووە، دەکرا برای ئامادەکار بەیتەکانی داستانەکەی ئەژمار بکردایە و ئەوەی بە باشی دەزانی بۆ نێو مەتکەی بە ئاماژە پێکردنەوە بیخستایەتە ڕوو، ئەوەیشی بە باشی نازانێت لە پەراوێزدا بیهێنایە، بەم شێوەیە کارەکە جوانتر و ڕێکوپێکتر دەردەچوو... لێرەدا تەنها ئەوەندە لەسەر ئەم بابەتە دەنووسین، چەندین سەرنج و تێبینی تر هەبوون، وامان بە باش زانی هەر ئەوەندەی لە سەر بنووسین و ئاماژەی پێ بکەین.

دەستکاری شێوە (سەبك)ی خانا

زۆربەی زۆری شاعیران شێوەی (سەبك) نووسینی تایبەت بە خۆیان هەیە، لەنێو ئەدەبی کوردیشدا ئەم شێوەیە نامۆ نییە، خانای قوبادیش شێوە و نووسینی تایبەتی خۆی هەیە، هەر لە دیوانە شیعرییەکەی تا داستانەکان شێوەی نووسینەکانی بە ڕوونی دیارە، هەر بۆیە ئەگەر بەیتێکی خانا بخرێتە نێو هۆنراوەی شاعیرێکی ترییەوە، ئەگەر لیکۆڵەر شارەزای سەبك و شیعری خانا بێت، ئەوا زۆر بە ئاسانی دەتوانێت بەیتە شیعرییەکەی خانا جیا بکاتەوە و دەری بهێنێت. بۆ نموونە ئەگەر تەماشای ئەم شیعرەی «حەیران» بکەین کە هۆنراوەی زوننارم بەستەنی خانای تێهەڵکێش کردووە، هەندێك لە بۆچوون و نووسینی خانامان بۆ ڕوون دەبێتەوە:

«قەدقامەتم زێکر خاڵ ئاڵاتەن
تا وە زوڵف و ڕووی تۆ تەماشامەن
ئەدای نمای فەرز سوبح و عیشامەن
سەجادەم وە هوون زامان ڕەنگ کەردەن
سوژدەم وە مێحراب ئەبرۆی تۆ بەردەن»
ئەدای زەکاتم نسار ڕووحەن
وە خاك پای تۆ، هەزار فتووحەن
ڕۆچێم تەرك زەوق، کامەرانیەن
ئیفتارم وە زووخ، زام کاریەن
حەجم، تەوافم، ئەر شەوەن ئەر ڕۆن
هەوای گەشت و گێل ئاسانەکەی تۆن

بەیتەکانی خانا لەچاو بەیتەکانی حەیراندا چەند جیاوازی هەیە، چ لە شێوەی نووسین و چ لە شێوەی واژە و فیکر و نووسینەوە. ئەگەر چاوێکیش لە شێوەی نووسینی خوسرەو و شیرینەکەیشی بکەین، ئەوا هەندێ تایبەتمەندی نووسینی خانامان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

گـا چـوون نیزامـی، گـا چـوون مەولـەوی
گـا وێنـەی خوسـرەو، شـوعەرای دێهلـەوی[1]

لەیلێ و مەجنوونەوە:

بـە واتـەی حـەکیم، دانـای «نیزامـی»
گەنجـەوی، ئێلیـاس بـن یووسـف نـامی

خانا کاتێك وەرگێڕانی کردووە جگە لەوەی ناوی شاعیر دەهێنێت، کۆمەڵە وشەیەکی تایبەت بەخۆی هەبووە، ڕوونکردنەوەی ناوی شاعیر و کتێبەکە و بە ڕوونی ناوهێنانی خۆی و مەبەستەکانی دەستنیشان دەکات و ئاماژەیان پێ دەکات.

لە چەند جێگەیەکدا خانای قوبادی ناوی نیزامی گەنجەوی دەهێنێت و لە زاری ئەوەوە قەولەکان وەردەگێڕێتەوە، هەروەها ناوی خۆیشی لە سەرەتای هەر بەشێك یان چەند بەشێکدا دەهێنێت. ئەگەر تەماشای یووسف و زولەیخاکەیش بکەین، لە یەك دوو جێگەدا قەولەکان دەگێڕێتەوە:

داسـتانێ جـە نـەزم «نیزامـی» نێـزام
عەشـق ئـەفزای دەروون حـەریفان جـام[2]

لە بەیتێکی تریدا خانا دەڵێت:

شـوعەرای سـوخەن «نیزامـی» دەسـتوور
شەرح ئەی داستان بەی تـەور کـەرد زهـوور[3]

لە لەیلێ و مەجنوونەکەیشدا خانا دەڵێت:

---

[1]. خوسرەو و شیرینی خانای قوبادی: محەمەدی مەلا کەریم- زنجیرەی ژیاندنەوەی کەلەپووری ئەدەبی کورد- ژمارە ٢- لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا، ١٩٧٥، لاپەڕە (٤).
[2]. یوسف و زلێخا- بەرهەمی خانای قوبادی: بووژاندنەوە و لێکدانەوەی: حەکیم مەلا ساڵح- چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠٥، لاپەڕە (٢٢٤).
[3]. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٣٠٨).

جەوپـــەی «نیزامـــی»، دانـــای گەنجـــەوی
کـــەردەنش بـــە نـــەزم، نامـــەی مەعنـــەوی

ئەم جۆرە نووسینە لە لای خانا زۆر بە ڕوونی دەبینرێت و پەیڕەوی لەو ڕێبازە نووسینە کردووە و مۆری شیعرەکانی خۆی کردووە. یان کاتێك وەرگێڕانی کردووە، وتوویەتی ئەمەم لە نیزامییەوە وەرگرتووە، کەچی لەو بەشەی دراوەتە پاڵ خانای قوبادی هیچ ئاماژەیەك بۆ ناوی نیزامیی نییە، کەمترین ئاماژەییش بۆ ناوی خانا هەیە، کەچی خانا پێچەوانەی ئەو کـارەی کردووە.

خانا و زۆربەی زۆری شاعیرانی شێوەزاری گۆرانی ئـامرازی «چـوون»یـان لـە جێگـەی «وەك» بەکار هێناوە، ئەوەی تا ئێستا من بەرچاوم کەوتبێت خانا تەنها لە هۆنراوەی بـەی سەنەی سالّمدا ئەگەریش ئەو هـۆنراوە دەسـتکاری نـەکرابێت، وشـەی «وەك»ی لـە بـری «چوون» بەکار هێناوە:

قامـــەت ڕێـك و ڕاسـت، وە سـەر نـەی ڕەوان
پـــێی چـــەفتی کـــەرد، وەك چـــەفتی کـــەوان

لەسەر ئەو بڕوایەم وشەی «وەك» لێرەدا گۆڕانی لەهجـەیی بێـت و کـاری نووسـەرانی کەشکۆڵ بێت، چون لە شاعیرانی ئەو دەورەدا ئەم ئامرازە بەکار نەهاتووە، ئەگـەر وشـەکە بکرێتە «چوون» ئەوا جیناسی دووبارەی پیتی دروست دەکات، هـەر ئەمـەیش ئەماغاتـە گومانەوە لەوەی دەستکاری سەبکی ئەم داستانە کرابێـت و گـۆڕانی شـێوەزاریی بەسـەردا هاتبێت:

مـــەوت ئـــەدا و بـــاب، خـــاڵۆی جەوانمـــەرد
ڕوخـــسار قـــەیس کـــەرد وەك خـــەزان زەرد

یان لە جێگەیەکی تریدا بەم شێوە ئامرازەکە هاتووە:

جە زەڕ مەردوم پـەیش، بـە گیـان مەسـتێزۆ
مـــــەڕێزا هـــــەر وەك خاشـــــاك بڕێـــــزۆ

له تەواوی دەستنووسەکەدا تەنها لە دوو جێگەدا وشەی «وەك» لە شوێن «چوون» بەکار براوە، لە دیوانەکەیشدا یەك جار هاتووە، ئەگەر لە باری سەبکناسییەوە ئەوە بخەینە ڕوو، شاعیرانی پێش خانا و سەردەمی خانا و دوای خانایش کە بەو شێوەزارە نووسیویانە، ئامرازی «وەك»یان لە بری «چوون» بەکار نەبردووە. ئەمە لە لایەك و لە لایەکی تریشەوە تەواوی شیعرەکانی دیوانی خانا و داستانی خوسرەو و شیرین و سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین و یووسف و زوڵەیخادا، سەبکی خانا وەکو یەك دەبینرێت، بەڵام لە داستانی لەیلێ و مەجنوونەکەیدا ئەمە بەرچاو ناکەوێت و سادە دەردەکەوێت. لە خوسرەو و شیرینەوە:

چوون بانوو بە موڵك عەدەم بی ڕاهی
شیرین نیشت بە شاد بە تەخت شاهی
ویلایەت مەعموور بە عەدڵ و داد کەرد
بەندیان جە بەند تەمام ئازاد کەرد[1]

لە یووسف و زوڵەیخاوە:

نامەی موشك ئامێز نافەی عەنبەر بار
بۆی موشکی چینش بەی تەور کەرد ئیزهار
زلێخای مەحبووب ڕەعنای پەرەندپۆش
موشك چین وە فەوق باری موشك وە دۆش[2]

لە سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرینەوە:

بشین بە سەر وەخت خاتوونەی غەمبار
دایە فرستاد پەی ئەحواڵ یار

---

[1]. خوسرەو و شیرینی خانای قوبادی: محەمەدی مەلا کەریم- زنجیرەی ژیاندنەوەی کەلەپووری ئەدەبی کورد- ژمارە ٢- لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا، ١٩٧٥، لاپەڕە (٢٨٢).

[2]. یوسف و زلێخا- بەرهەمی خانای قوبادی: بووژاندنەوە و لێکدانەوەی: حەکیم مەلا ساڵح- چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠٥، لاپەڕە (١٧٠).

دایـــه نامـــاوه نـــه شـــار فـــه‌ڕه‌نگ
خاتوونـــه خـــانم دڵ ئـــاوه‌رد بـــه تـــه‌نگ[1]

له له‌یلێ و مه‌جنوونه‌وه:

ئـه‌ووه‌ڵ مـــه‌ردیش کـــه‌رد، ئـــاخر نامـــه‌ردی
نامـــه‌ردی پـــه‌ڕێش بـــی وه ڕه‌نـــگ زه‌ردی
ئـه‌ر جـه ئێبتێـداش پـاك تینـه‌ت مـه‌بی
کـه‌ی وه ژار مـار جـه‌رگش لـه‌ت مـه‌بی[2]

یان له چه‌ند جێگه‌یه‌کدا سه‌یید تاهیری هاشمی ته‌قریزی له‌سه‌ر ئه‌م داستانه نووسیوه و هه‌ندێ کێشه و گیروگرفت و ده‌ستکاری شێواز و له‌فزی نووسه‌ره‌وه‌ی ده‌ستنووسه‌که‌ی ڕاست کردووه‌ته‌وه و زانیویه‌تی که خانای قوبادی له‌و جۆره هه‌ڵانه‌ی نه‌کردووه، باشتره بڵێین هه‌ستی به تێکدانی شێوه‌ی نووسینی خانای قوبادی کردووه و زانیویه‌تی ئه‌مه ده‌ستکاری کراوه و شاعیر ئه‌م کاره‌ی نه‌کردووه.

بۆ نموونه له جێگه‌یه‌کدا سه‌یید تاهیر چه‌ند وشه‌یه‌ك له بابه‌ت ئه‌م به‌یته‌وه ده‌نووسێت:

«اگر (عشاقان) می‌گفت قافیه صحیح در می آمد، گرچه جمع بر جمع است. این (الف) ناخوانی در (لیلی و مجنون نظامی) نیست و از ... بر عهدهای سراینده کردی است که حتماً غیر خانای قبادی آمده است. (هاشمی)».

(ذ) ذه‌لیلـــی زام مه‌ینـــه‌تان مه‌شـــقه‌ن
(ڕ) ڕه‌ویـــه‌ی ڕه‌ئفـــه‌ت ڕای عاشـــقانه‌ن

له جێگه‌یه‌کی تریدا سه‌یید تاهیری هاشمی ده‌ڵێت: ***«کاش می‌دانستم سراینده برای این شعر چه معنی در خاطر داشته است؟! (هاشمی)».***

---

[1]. چیرۆکه شیعری سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافه‌رین "خانای قوبادی": حه‌مه‌ڕه‌شی ئه‌مینی، چاپی یه‌که‌م، چاپخانه‌ی ئاراس- هه‌ولێر، ۲۰۱۱، لاپه‌ڕه (۲۸۹).

[2]- له‌یلا و مه‌جنوون "خانای قوبادی": ساغکردنه‌وه و ئاماده‌کار- غه‌فار ئیبراهیمی "سارۆ"، چاپخانه‌ی شڤان، سلێمانی- له بڵاوکراوه‌کانی بنکه‌ی ژین- ۲۰۱۱، لاپه‌ڕه (۱۲۹).

(غ) غونــچەی غەبغــەب، غــەواس ژێــرەن

نـــــە عومـــــق دەریــــای دۆس دڵگـــــیەن

له شوێنیکی تریدا بەم شێوە لەسەر ئەم بەیتە تەقریز دەنووسێت: ***«به کلـی عـاری از معنی است (هاشمی)».***

(ف) فاکێهــەی فــەرد، میــوەی مەحبووبــەن

(ق) قوڵــف مــەخزەن، قــەڵای مەحجووبــەن

سەبارەت بە دەستکاریکردنی وشە و وشەکاری و شێوەی نووسینەوەی ئـەم دەستنووســە کە نووسەر نووسیویەتییەوە، هەڵەی کردووە، لە تەنیشت ئەم بەیتەوە سەیید تاهیر دەڵێت: «(ئاخر) دەبێ بە بێ (ی) بنووسرێت».

ئاخــر بـــــــــــە واتــــــەی بەدی بەدگوان

وە کــوللی قــــەتع بــــی ڕای ئامــــا و لــــوان

سەیید تاهیر سەبارەت بە قافییەك کە لەم دەستنووسەدا دەستکاری کراوە، دەڵێت:

«قافیەی (سر) در هردو مصراع آمده و معیوب است (هاشمی)».

شــــەب و ڕۆ خــــەریك زاری بــــین یەکــــسەر

غــەمین و غــەمبار، خەســتەی خــاك بەســەر

جگە لەمانەی باسی لێوە کرا، نووسەرەوەی دەستنووس زیاتر لـە (٦٠) جێگـا وشـە و پیتی لەبیر کردووە و هەڵەی تێدا کردووە. هەر ئەم هەڵـە و لـە بیرچـوون و گۆڕانکاریانـە دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی بڵێین ئەم کاتبە دەستکاری شێوە نووسینەکەی خانای کردووە و تێکەڵی لە بابەتەکەدا کردووە و ڕووی داوە.

هەروەها لە چەند جێگەیەکی تریدا دەستکاری شێوەزارەکە دەردەکەوێت، لـە جێگــەی وشەی «بیم» نووسراوە «بووم»:

ڕای ئامــــام نیــــەن تــــا بــــەیووم وە لات

بــــووم وە هــــامزەنجیر پــــەی دەرد و بــــەڵات

لەکاتێکدا دەبوو وشەی «بووم» بە «بیم» بنووسرابایە، یان لەم بەیتەدا دەبوو لە بری وشەی «بوون» دەبوو «بین» بنووسرایە، وەکو ئەم بەیتەی خوارەوە:

بـــــرا و خاهـــــەران، پـــــدەر و مـــــادر

شـــاد بـــوون بـــە ئـــەڵتاف، قـــەییووم قـــادر

هـــەروەها گـــۆڕانی زۆربـــەی ئـــەو فیعلانـــەی کـــە ئـــەبێ بـــە شـــێوەی «مەکـــەروون» و «مەواچوون» و ... بن بە «مەکەرووم» و «مەواچووم» و ... کە بەو شێوە هەڵەیە و دیارە کە گۆڕانکاری بە سەریاندا هاتووە.

هەر بۆیە لەو بڕوایەدام نووسەرەوەی دەستنووســی یەکـەم یـا دووەم دەســتکاری شــێوە نووسینەکەی کردووە و بووەتە هۆی گۆڕانی سەبکە شیعرییەکە.

لە جێگەیەکی تریدا سەیید تاهیر تەقریزی لەسەر ئەم دوو بەیتە نووسیوە، سەبارەت بە نیوەبەیتی یەکەمی ئەم بەیتە دەڵێت:

«(مەورد توهمەت قەرار مەگێران) نیز از ترکیبات تازە می باشد (هاشمی)».

یان لەسەر نیوەبەیتی دووەمی ئەم بەیتە دەڵێت:

«تکرار دو لفظ بە یك معنی حشو قبیح است».

سەبارەت بە نیوەبەیتی یەکەمی دووەم بەیتیش دەڵێت:

«از اصطلاحات امروز. فردی عادی از ترکیبات جدید... لاپەڕەی ٨ی دەستنووس».

مـــــەورد توهمـــــەت قـــــەرار مـــــەگێران

مـــــەبان وە تانـــــەی هامـــــسادە و جـــــەیران

تـــۆیش شـــەهزادە، لـــەیل فـــەردێ عـــادی

کەفائـــەت جـــە بـــەین نیـــەن پـــەی شـــادی

لە بەیتێکی تریدا کە بە بۆچوونی ئێمە دەستکاری کراوە، کاتب بەم شێوەی نووسیوە:

حـــــەمد و سەنا و شوکر پەی ئەو زات پـــاك

هــــــەم سەڵوات لە ســـەر پادشـــای (لـــولاك)

وەکو دەبینین لەجێگەی ئامرازی «جە»، ئامرازی «لە»ی بەکار بردووە، لە کاتێکدا خانا زیاتر ئامرازی «جە»ی بەکار هێناوە.

بەگشتی لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە شوێنی دەستکاری بە سەر شێوەزاری ئەم داستانەوە دیارە و دەستکاری لە نووسینەوەیدا کراوە، هەر بۆیە نابێ ئەم دەستنووسە وەکو سەرچاوەیەکی بنەڕەتی بۆ کارێك بەکار بهێنرێت ئەگەر سەرچاوەی دیکە لە بەردەستدا هەبوو، ئەگەرنا ئەم سەرچاوەیە جێگەی شەك و گومانە.

دەستنووسی لەیلیٰ و مەجنوونەکەی خانا و میرزا شەفیعی کولیایی

هەر لەو کاتەوەی کە دەستم داوەتە گردوکۆی تەواوی بەرهەمەکانی خانای قوبادی، زۆر بەرهەمی «میرزا شەفیع»یشم بۆ دەرکەوت و کەوتنە بەردەست، لەوانە چەند نوسخەیەك لە داستانی نەوفەڵ و مەجنوون و شیرین و فەرهاد و شیعرە پەڕاگەندەکانی، بەڵام تا چاپکردنی لەیلیٰ و مەجنوونەکەی خانا ئەوە دەرنەکەوتبوو کە ئەم دوو داستانە هەردوو هی خانای قوبادی بێت، هەرچی نوسخەی بەردەسی من و مامۆستا موحەممەد ڕەشیدی ئەمینی پاوەیی و ئەمین گوجەری لە شاری سەحنە هەبوو، بە چاپ کراو و چاپ نەکراویشەوە، نەوفەڵ و مەجنوون و لەیلیٰ و مەجنوون دوو داستانی جیاواز بوون.

ئەوەی تا ئێستا ڕوونە یەك نوسخەی داستانی لەیلیٰ و مەجنوونی خانای قوبادی دەرکەوتووە، مامۆستا حەکیم مەلا ساڵحیش دەڵێت: من نوسخەیەکی تری ئەم داستانەم لایە، زۆر تێکۆشام بەوەی نوسخەیەکی کۆپی کراوی لیٰ وەرگرم و لەگەڵ ئەم دەقەدا بەراوردی بکەم، بە بیانووی ئەوەی کاتی خۆی ئەم داستانەی ڕێنووس کردۆتەوە و داویەتی بە چاپخانەیەك لە ئێران بۆ چاپکردن، نوسخەکەی پیٰ نەدایین. دوای چەند پەیوەندییەك و قسەکردن لەسەر بابەتی داستانەکە، بەڕێزیان ئەوەیان ڕاگەیاند ئەو دەستنووسەی لایانە، هەمان دەستنوسەکەی لای ئێمەیە.

هەروەها کاك «بێهرووز چەمەن ئارا»یش ئەوەی پێمان ڕاگەیاند کە نزیکەی سیٰ بۆ چوار نوسخەی لە لا هەیە و یەکێك لە نوسخەکانیش هی خانای قوبادییە، بڕیار وابوو لە ماوەیەکی کەمدا ئەو نوسخانەمان پیٰ بدات، مخابن دوای چەندجارێك پەیوەندیکردن و نامەی ئەلیکترۆنی، بەڕێزیان ئەوەیان ڕاگەیاند کە هاردەکەیان خراپ بووە و پێیشی وابوو ئەو نوسخەی لە لایانە هەمان نوسخەی موحەممەد ڕەشیدی ئەمینی بێت، هەروەها دکتۆر عەلی ڕەزا لە شاری ئیلام، نوسخەیەکی لە لا بوو، لەو نوسخەیش بیٰ ئەنجام بووین و نەمانتوانی لە بەڕێزیان وەرگرین.

سەبارەت بە داستانەکەی میرزا شەفیعی کولیاییش، جگە لەو نوسخەی کە ئەمین گوجەری و مامۆستا قەرەداغی چاپیان کردووە، چەند نوسخەیەکی دەستنووسی تری ئەم داستانەمان لە بەردەستدا هەیە، لەوانە: نوسخەی کتێبخانەی مامۆستا موحەممەد ڕەشیدی ئەمینی، بەرلین، عەبدولڕەقیب یووسف، هەروەها ئەو نوسخەی دووهەمەیش کە کاك غەففار سوودی لێ بینیوە، نوسخەیەکمان لە بنکەی ژین وەرگرتەوە بۆ ئەوەی بە وردی بە سەر دەقەکاندا بچینەوە و بەراوردیان بکەین.

لێرەدا دەمانەوێ ئەو دوو داستانە لێبیانکۆڵینەوە و بەراوردیان بکەین، بزانین تا چەند ئەم دوو داستانە بە یەك دەخۆن، ئەم دوو داستانە یان ئەم دوو بابەتە و دوو نوسخەیە کە لە زۆربەی نوسخەکاندا بە هی میرزا شەفیعی کولیایی و خانا لە قەڵەم دراوە، بیرمان بۆ لای چەند پرسیارێك دەبات و پێویستە وەڵامی ئەو پرسیارانە بە بەڵگەوە بدەینەوە. پێویستیشە سەرەتا ئەو دوو سێ نوسخەیە بناسێنین و دواتر بڕۆینە سەر ئەو پرسیارانە و هەموویان بە بەڵگەوە وەڵام بدەینەوە.

سەرەتا لە نوسخەی بنچینەیی کارەکەوە دەست پێ دەکەین کە نوسخەیەکی تەواوی داستانی لەیلێ و مەجنوونی خانای قوبادییە، دواتر نوسخەکانی تری داستانی نەوفەڵ و مەجنوون دەخەینە ڕوو...

سەرەتای داستانەکەی لەیلێ و مەجنوونی خانای قوبادی کە بە خەتی «عەبدولڕەحمانی کوڕی شێخ عەبباس» لە گوندی «قاڕ»ی سەر بە شاری سنەیە، نووسەر کە لە کۆتایی دەستنووسەکەیدا وەکو خۆی بۆمانی نووسیوە، دەڵێت:

«تمام شد نوشتن و نسخەگیری لیلی و مجنون بە زبان کُردی اورامی، ترجمە و تألیف شاعر شهیر و نامدار کُرد مرحوم خانای قبادی، رحمە الله علیە و نور الله روحە و اسکنە الله فی بحبوحتە جنانە، در روز سە شنبە دوازدەهم فروردین، سنە (١٣٥٤)شمسی برابر با هجدەهم ربیع الاول سنە ١٢٩٥ قمری، بە دست فقیر

عاصی عبدالرحمن شیخ عباس، در قریه قارّ حومەی شهر سنندج. وصلی الله علـی سیدنا محمد وآله و صحبه وسلّم».

ئەم ساڵەیش کە نووسەری دەستنووس نووسیویەتی، بەرامبەر بە ساڵی میلادی، دەکاتە ڕۆژی سێ شەممەی (٢٣-٣-١٨٧٨)ی میلادی.

سەرەتای داستانەکە لەم دەستنووسەدا بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

بـــە نـــام ئـــەو کـــەس بـــە (کُــنْ فَیَکُــون)

عالـــەمش جـــە کـــەتم، عـــەدەم کـــەرد بـــیەوون

مـــــەحز خـــــاتران (سَـــیِّد الکَـــــونَین)

موحەممـــــەد فـــــاتێح، خەیبـــــەر و حونـــــەیین

حەمـــد و ســـەنا و شـــوکر پـــەی ئـــەو زات پـــاك

هـــەم ســـەڵوات لەســـەر پادشـــای (لـــولاك)

ئـــــەر تـــــەوفیق دەرۆ بینـــــای بێهتـــــەرین

جـــە دمـــای مـــەکتووب «خوســـرەو و شـــیرین»

عەجەبتـــــەر جـــــە ســـــێڕڕ، ســـــێحر ســـــامری

واچـــــووم وەســـــف عەشـــــق قـــــەیس عـــــامری

یـــانی هـــای مـــەجنوون، مـــەفتوون لـــەیلێ

دەیـــــری دێوانـــــەی دەشـــــت دوجـــــەیلێ

وێڵـــێ و مـــەحروومێ، جـــە شـــادی و ســـروور

هـــامرازش چـــەنی وحـــووش و تیـــوور

عەشـــق مـــەجازی، بەعـــدەن حـــەقیقی

واچـــووم جـــە تـــاریخ جـــە ڕووی دەقیقـــی

بـــە واتـــەی حـــەکیم، دانـــای «نێزامـــی»

گەنجـــەوی، ئێلیـــاس بـــن یووســـف نـــامی

شاعرێ شەریف «شەفیع»ی دەستوور
ئەر پەرسۆ تاریخ ئی نامەی مەستوور
غەین و قاف و نوون، دال ئەبجەدی
حەساب کەر وە حەرف وێنەی عەسجەدی
هەزار و یەکسەد، پەنجا و چوارەن
ڕەوشەنتەر جە سووی شوعلەی وەهارەن

کۆتاییەکەیشی بەم شێوەیە:

ئەشعار «خانا»یش پەی یادگارێ
مانۆ پەی یاران چەند ڕۆزگارێ
بە نام خودا و ئەحمەد موختار
خامە بکەر خوشك خەتم کەر گوفتار
حەمد و سەنا و شوکر پەی زات عەللام
پەرێ موحەممەد سەڵوات و سەلام
تاریخ وەفات قەیس عامری
ساڵ هەشتاد و هەفت، هێجری و قەمەری
«هەفتسەد و دە ساڵ میلاد مەسیح»
واتەی مووەرخەی بەغدادی فەسیح
«هەزار و ششسەد و چل و چوار بەیتەن»
پەی دۆستان نەبۆ «خانە» پەی کێتەن؟
سەد هەزار سەڵوات، خاتیمەی کەلام
بە ڕەوزەی ڕەسووڵ، (علیه السلام)

یەکێکی تر لەو داستانانەی لەیلێ و مەجنوون کە بە ناوی «نەوفەڵ و مەجنوون»ەوە و ناوبانگی هەیە، ئەوەی تا ئێستا لێی ئاگادار بین، دووجار چاپ و بڵاو بووەتەوە و نوسخەی

دەستنووسیشی زۆرە لە کتێبخانە تایبەتی و حوکوومییەکاندا و دەست دەکەوێت، جارێک ئەمین گوجەری (شاهۆ) چاپی کردووە و جارێکیش مامۆستا موحەممەد عەلی قەرەداغی، لە چاپەکەی ئەمین گوجەریدا، سەرەتای داستاکە بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

خانـــان شـــکار کـــەرد، خانـــان شـــکار کـــەرد
یـــەك ڕۆژ شـــای نەوفـــەڵ، عـــەزم شـــکار کـــەرد
قەویلـــەی نـــە قـــەوم، عـــەرەب ســـوار کـــەرد
شـــکار ماســـان، ســـفید تـــەتار کـــەرد[1]

کۆتاییەکەیشی بەم شێوەیە:

«شـــەفیع» شـــای نەوفـــەڵ بـــەو زامانـــەوە
پـــای مـــەوتش پێـــچان وە دامانـــەوە
دور ســـاخەن نـــە تـــەور دام تەنـــەی وێـــش
نۆبـــەی نەوفـــەڵ چـــێش، نەوفـــەڵ وە تـــۆ چـــێش؟
تـــۆ دوعـــای خـــەیر کـــەر نـــە جـــای پێـــواران
هـــەر ســـەحەرگاهان، هـــەر خـــوەر ئێـــواران
واچـــە یـــا کـــەریم دەهەنـــدەی داوەر
یـــا نووربـــەخش نـــوور خەورشـــید خـــاوەر
یـــە «شـــەفیع» واتـــەن بـــەی ئـــەجزا و نـــەك
وە ســـەنەی هـــەزار دووســـەد چـــەنی یـــەك[2]

مامۆستا موحەممەد عەلی قەرەداغیش لە بەرگی حەوتەمی کەشکۆڵە ئەدەبییەکەیدا ئەم داستانەی هێناوە و لەبەر ڕۆشنایی دەستنووسەکانی مام ڕەشیدی هەمەوەندی کاری

---

[1]ـ نوفل و مجنون به لهجەی کُردی "میرزا شفیع کلیائی": امین گُجری (شاهۆ)، چاپ اول، انتشارات مە، ۱۳۸۰، لاپەڕە (۲٤).

[2]. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (۱).

کردووە، ئەم داستانە بە دەستخەتی مام ڕەشید لە ساڵی (١٣٤٢) کۆچیی نووسراوەتەوە، سەرەتای داستانەکەیش بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

خانان شکار کەرد، خانان شکار کەرد
ڕوێ شای نەوفەل، عەزم شکار کەرد
قەبیلەی لە قەوم عەرەب سوار کەرد
قەهرەمان ئاسان سپیی تەتار کەرد
یاساڵ دا قەوشەن سپای بێ سامان
ڕەمڕەم وەحش و تەیر ماڵان وە دامان
فەرما قۆشچیان هەر کەس پەی وێشان
کلاوان نە فەرق شاهینان کێشان
چاوەشان داشان نە تەپڵ بازان
پۆزان ڕەها کەن، بازان پەروازان
دەستەی کەماندار ڕیحل ڕاست خەم دا
قەوس قەزاگێڵ شاخەش نە چەم دا
جە قاژەی پەڕدڵ شاهین شەقەی شەست تیر
جە شریخەی شەهێن شەیدای ئاهووگیر
هونەی باڵ باز پڕتاو پای یووز
وەزاق ئەسپان نامەی خۆش ئامووز
(تەئریخ گوفتار بەندەی مەینەتبار
هەزار و یەکسەد چەنی هەشتا و چوار)[1]

[1]. کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی: محەمەد عەلی قەرەداغی- بەرگی حەوتەم- چاپی یەکەم- چاپخانەی ئاراس- هەولێر، ژ: ١١٧٤، هەولێر- ٢٠١١، لاپەڕە (١٦٣).

کۆتاییەکەیشی بەم جۆرە هاتووە:

هـــەر کـــەس جـــە دنیـــا تینـــەتش پاکـــەن
جـــە ئـــاب و ئاتـــەش تـــەمام بـــێ باکـــەن
پـــەرێ خـــاس و عـــام مـــەخلووق خـــاکیی
هـــیچ خاســـتەر نیـــەن جـــە تینـــەت پـــاکیی
ئەگـــەر نەوفـــەل تینـــەت پـــاك مـــەبی
کـــەی وە مـــەودای زەهـــر جگـــەر چـــاك مـــەبی؟
ئـــەوەڵ مـــەردیی کـــەرد ئـــاخر نامـــەردیی
نامـــەردیی پـــەرێش بـــی وە ڕووزەردیـــی
قـــەیس بـــار بـــەلێو مـــات و ســـەرگەردان
پۆشـــا لـــۆنگ پۆســـت وێـــڵ بـــی نـــە هـــەردان
هـــەزاران درورد هـــەزاران ســـەلام
زەمـــا بـــەر موحەممـــەد عەلـــەیی ســـەلام[1]

نوسخەی دووەمی لای کاك غەففاریش لە ساڵی (١٣٦٧)ی مانگیدا نووسراوەتەوە، سەرەتاکەی بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

خانـــان شـــکار کـــەرد، خانـــان شـــکار کـــەرد
یـــەك ڕۆ شـــای نەوفـــەڵ، عـــەزم شـــکار کـــەرد
قەبیلـــەی جـــە قـــەوم عـــەرەب ســـوار کـــەرد
قـــەههار ماســـان، ســـپی تـــەتار کـــەرد

کۆتاییەکەیشی بەم شێوەیەیە:

«شـــەفیع» شـــای نەوفـــەڵ وە زامانـــەوە
پـــای فـــەوتش پێـــچان وە دامانـــەوە

---

[1]. هەمان سەرچاوەی پێشوو، بەرگی حەوتەم، لاپەڕە (١٩٢).

دوستاخەن جە بەین دام، تەنینەدەی ویش
تۆبەی نەوفەڵ چێش؟ نەوفەڵ بە تۆ چێش؟!
لەیل بیەن وە خاک خاڵان ئالاش
خاک جە تەخوای سووف، پۆشاش وە بالاش
قەیس خەریک بەیت داج دەیجوورەن
مونتەزیر وە نەفخ ناپەیدای سوورەن
تۆ دوعای خەیر کەر لەیل و نەهار
هەر سەحەرگاهان، وەخت ئێواران
واچە یا کەریم، دەهەندەی داوەر
یا نووربەخش، نوور خەورشید خاوەر
تا ئەرز ئیستیوار، جەبەڵ بڕپا بۆ
تا بەقەر حامڵ حەمڵ غەڕڕا بۆ
تاریخ تەقدیر عەبد جەفاکێش
گەدایی خۆشە، چین ئەربابان پێش
بەقای ما زەواڵ، عومر «خەسرەو» بۆ
بەعید جە ئەفساد، چەرخ کەج ڕەو بۆ
نەشەمەی ناچیز، بێ ئەجزا و نمەک
نە سەنەی «هەزار و دووسەد چەنی یەک»
هەزاران دروود، هەزاران سەلام
زەما بەر موحەممەد، عەلەیی سەلام

له کتێبخانەی میللی (بەرلین)یشدا نوسخەیەکی ئەم داستانە هەیە و ساڵی نووسینەوەی پێوە نییە، تەنها ئەوە هەیە کە نوسخەیەکی کۆنە و زۆربەی شیعرەکانی نێو ئەم بەیازە

هۆنراوەی میرزا شەفیعی کولیاییە، سەرەتای داستانەکەیش لەم نوسخەدا بەم شێوەیە هاتووە:

خانـــان شـــکار کـــەرد، خانـــان شـــکار کـــەرد
یـــەك ڕۆ شـــای نەوفـــەڵ، عـــەزم شـــکار کـــەرد
قەبیلـــەی جـــە قـــەوم، عـــەرەب ســـەوار کـــەرد
قـــەههار ماســـــان، ســـفید تـــەتار کـــەرد
یاســـاڵ دا قۆشـــەن، ســـپای بـــێ ســـامان
ڕەم ڕەم تـــەیر وەحـــش، مـــاڵا نـــە دامـــان
فـــەرمان قۆشـــچیان، هـــەر کـــەس پـــەی وێـــشان
کـــڵاوزەڕ نـــە فـــەرق، شـــاهینان کێـــشان

کۆتاییەکەیشی بەم جۆرەیە:

«شـــەفیع» شـــای نەوفـــەڵ وە زامانـــەوە
پـــای فـــەوتش پێـــچان وە دامانـــەوە
دەســـتاخەن جـــە بـــەین دام تەنـــدەی وێـــش
تـــۆ بـــە نەوفـــەڵ چـــێش؟ نەوفـــەڵ بـــە تـــۆ چـــێش؟!
لـــەیل بیـــەن وە خـــاك خـــاڵان ئـــاڵاش
خـــاك جـــە تـــەغای ســـوف، پۆشـــان وە بـــاڵاش
قـــەیس خـــەریك بـــەیت داج دەیجـــوورەن
مونتـــەزێر وە نـــەفخ ناپەیـــدای ســـوورەن
تـــۆ دوعـــای خـــەیر کـــەر لـــەیل و نـــەهاران
هـــەر ســـەحەرگاهان، خـــۆر ئێـــواران
واچـــە یـــا کـــەریم، دەهەنـــدەی داوەر
یـــا نووربـــەخش، نـــوور خەورشـــید خـــاوەر

تا ئەرز ئوستوار، جەبەڵ بەرجا بۆ
تا بەقەر حامڵ حەملّ غەبڕا بۆ
بەقای بێ زەواڵ، عومر «خەسرەو» بۆ
بەری جە ئەفساد، چەرخ کەچ ڕەو بۆ
ئیقباڵ دەوڵەت، هەم عێنانش بۆ
بە کۆری دیدەی دوشمەنانش بۆ
خاس هوەیداش کەر، عاڵەم بفامۆ
والی زی شەوکەت، «خەسرەو» مامۆ
ئەلتافش مەزید، زێندەگانیەن
ئاستانەش موحیت، کامەرانیەن
مەنیشی ساکن، نە فێتنەی خۆشحاڵ
نە سایەی عەدڵش بە فاریغولباڵ
واتەی نام دۆست، عەبد جەفاکێش
گەدای خوشەچین ئەربابان پێش
ناپوختە و ناچیز، بێ ئەجزا و نمەك
نە سەنەی «هەزار و دووسەد چەنی یەك»

لەم چەند سەرچاوەدا کە بەراوردی ئەکەین، گومانمان بۆ چەند خاڵێك دەچێت:

١- ئایا ئەم دوو داستانە لە بنەڕەتدا یەك داستانن؟

٢- ئایا ئەم دوو داستانە دوو داستانی جیاوازن و تێکەڵ کراون؟

٣- ئایا ئەم دوو داستانە چۆن و کێ تێکەڵی کردوون؟

٤- ئایا ئەم داستانە هی دوو شاعیرە و هەردوو شاعیر پێکەوە دایانناوە؟

لێرەدا دەبێ ئەو پرسیارانەی کە لەبەر ڕۆشنایی ئەو دوو داستانەدا هاتووەتە ئاراوە، دەبێ بە بەڵگە و نموونەوە وەڵامیان بدەینەوە.

سەرەتا لەوەوە دەست پێ دەکەین کە خانای قوبادی لە سەرەتای داستانەکەیەوە دەڵێت من ئەم داستانەم لە ساڵی (١١٥٤)ی کۆچییدا داناوە، میرزا شەفیعیش بەپێی ئەو بەیتەی لە نوسخەکاندا هاتووە، لە ساڵی (١٢٠١)ی کۆچییدا نوسخەکەی پێشکەشی خوسرەوخانی ئەردەڵان کردووە، میرزا شەفیع ناڵێت لەو ساڵەدا دامناوە، لەو ساڵەدا پێشکەش بە خوسرەوخان کراوە، پێ دەچێت میرزا شەفیع یا پێشتر ئەم داستانەی نووسیبێت و لە ساڵی (١٢٠١)دا پێشکەشی خانانی ئەردەڵانی کردبێت، یان هەر لەو ساڵەدا نووسیبێتی و پێشکەشیانی کردبێت.

خانای قوبادی لە کۆتایی داستانەکەیدا وتوویەتی ئەم داستانە (١٦٤٤) بەیتە، ئەمە بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی ئێمە بە سەر هەڵەی زیادکردنی بەیتەکانی ئەو بەرهەمەدا نەڕۆین. ئەم دەستنووسە (١٠) بەیت کەمی هێناوە، بەڵام ئەوەی میرزا شەفیع روون نییە چەند بەیتە، ئەو نوسخانەی بەردەستی ئێمە وا نیشان دەدات داستانەکەی میرزا شەفیع لەنێوان (٤٠٠-٥٠٠) بەیتدا بێت. جگە لەوەیش داستانەکەی خانا دەستکاری شێوە سەبکەکەی کراوە و لە هەمانکاتیشدا ئەو نووسراوانەی سەیید تاهیری هاشمی بەسەر ئەم دەستنووسەوە و ئەو تێبینییانەی بەڕێزیان، خاڵی گرنگ وەرچەرخانە بە ڕووی ئێمە و دەستنووسەکەوە.

خاڵێکی تری دوو بەیتی دووبارەکراوە لە دەستنووسەکەدا بە ماوەیەکی زۆر کەم لە دوو جێگادا، ئەمانە چەند تێبینییەکن بۆ ئەوەی بڵێین: ئەم دەستنووسەی «عەبدولڕەحمان» لەبەر ڕۆشنایی نوسخەی ناتەواو نووسراوەتەوە، نووسەرەوەی دووەمیش عەبدولڕەحمان بووە.

هەرچی نوسخەکانی نەوفەڵ و مەجنوونی میرزا شەفیعیش هەیە، نوسخەی بەرلین بە بێ ساڵ و ئەوەی لای مامۆستا موحەممەد ڕەشیدی ئەمینی ساڵی (١٦٧٧)ی زایینی هاتووە، هەروەها ئەوەی کتێبخانەی میللی ئێران بە ساڵی (١٢٩٠ یا ١٢٩٨ و ١٣٠٠) هاتووە، ئەوەی لای مامۆستا قەرەداغی لە ساڵی (١٣٤٢)ی کۆچیدا نووسراوەتەوە، هەموو ئەم نەوفەڵ و مەجنوونانە لە نوسخەکە لای کاک غەففار کۆنترە، ئەوەی بەڕێزیان لە ساڵی

(١٣٦٧)ی کۆچیدا نووسراوەتەوە. ماوەتەوە بڵێین نوسخەی بنچینەیی کە لە ساڵی (١٣٩٥)ی کۆچیدا نووسراوەتەوە بە دەستی عەبدولڕەحمانی شێخ عەبباس...

خانای قوبادی کاتێك داستانی لەیلێ و مەجنوونی نووسیوەتەوە، بەگشتی و لەسەر تەواوی داستانی لەیلێ و مەجنوونی نووسیوە، کەچی میرزا شەفیعی کولیایی تەنها لەسەر بەشی نەوفەڵ و مەجنوونی نووسیوە.

لێرەدا بیرمان بۆ ئەوە دەچێت لەبەر ئەوەی خانا باسەکەی گشتییە و ئەو بەشەیشی ناتەواو بووە، نووسەرەی یەکەم یان دووەم (عەبدولڕەحمان) هاتووە ئەو بەشەی میرزا شەفیعی بە بەشێك لە نوسخەکەی خانا زانیوە و تێکەڵی کردووە، لەوانەیە تەنها بەڵگەیشی ئەوە بووبێت کە سەرەتای داستانەکەی میرزا شەفیع بە «خانان شکار کەرد» دەست پێ دەکات. تەنها دەستنووسێك نەوفەڵ و مەجنوونی بە یەك داستان دانابێت، ئەوەی عەبدولڕەحمانە، لە هیچ نوسخەیەکی بەردەستی ئێمەدا نەوفەڵ و مەجنوونی میرزا شەفیع و لەیلێ و مەجنوونی خانای قوبادی بە یەك داستان لە قەڵەم نەداوە، بگرە دوو داستانی جیاوازن و نووسەرەوەیشیان جیاوازە.

لەبەر ئەوەی عەبدولڕەحمان ئەو دوو داستانەی بە یەك داستان زانیوە و وەکو یەك داستانیش نووسیویەتییەوە، کاك غەففاریش نوسخەیەکی تری لەو داستانەی میرزا شەفیعی لە بەردەستدا بووە و ئەویش لەبەر ڕۆشنایی نوسخەکەی عەبدولڕەحماندا بەراوردی کردووە و داویەتییە پاڵ خانای قوبادی. بەڵام میرزا شەفیع دەڵێت:

خانان شکار کەرد، خانان شکار کەرد

یەك ڕۆ شای نەوفەڵ، عەزم شکار کەرد

وشەی خانان (خان+ان) لێرەدا کۆیە و ناکرێت ئاماژە بێت بۆ ناوی خانای قوبادی، ئەگەر بیوستبا ناوی خانا بهێنێت دەیگوت «خانا، **شکار کەرد**» ، بەڵام لێرەدا بە کۆ قسە دەکات، ئەمەیش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە میرزا شەفیع لەم داستانەدا ڕووی دەمی لە خانەکانی ئەردەلان کردووە نەك خانای قوبادی.

سەبارەت بەوەی کێ تێکەڵی کردوون، وای بۆ دەچم کە عەبدولڕەحمان تێکەڵی کـردبن، بە بەڵگەی ئەوەی نوسخەکانی نەوفەڵ و مەجنوون چەندین بەیتی کۆتایی لابـراوە و چـەند بەیتێکی خانا لە بری ناوەکەی میرزا شـەفیع دانـراوە، ئـەو پەراوێزانـەی سـەیید تـاهیری هاشمیش بەڵگەی زیاتری ئەو بابەتەن کە عەبدولڕەحمان کارەکەی کردووە، پەراوێزی سەیید تاهیری هاشمی لەم دەستنووسەدا تا کۆتایی نییە، ئیتر نازانم سەیید تاهیری هاشمی تا ئـەو جێگایەی پەراوێزی نووسیوە و دیویەتی دەستنووسەکە گرفتی زۆری تێدایە و دەسـتی لـێ هەڵگرتووە، یان لەبەر هۆکاری تری بووە...

ئـەم دوو داسـتانە، دوو داسـتانی جیـاوازن و لـە لایـەن نووسـەرەوەی دووەم کـە عەبدولڕەحمانە، تێکەڵ کراون و گومانیشم لەوەدا نییە کە خانای قوبادی خۆی داستانەکەی وەرگێڕاوە و ئەم دوو داستانەیش هیچ پەیوەندییەکیان بە یەکەوە نییە، لەوانەیە هەندێکیش هەبن بپرسن ئەگەر ئەم داستانە هی میرزا شـەفیعی کولیاییـە بۆچـی سـەرەتاکەی بـەم شێوەیە دەستی پێکردووە؟

وەکو وتمان میرزا شەفیع بە کۆ قـسە دەکـات و دەڵێـت: (خانـان) و ڕووی دەمـی لـە خانەکانی ئەردەڵانە، خانای قوبادیش هەندێ جار میرزا شەفیعی کردووە بە بیانوویـەك بـۆ ئەوەی قسەیەك بکات و ڕازێك بدرکێنێت، دەبێ ئەوەیش لە بەرچاو بگرین ڕاستە کە خانـا سەرەتای سـەر باسـەکانی بـەو شـێوە دەسـت پێکـردووە، مـیرزا شـەفیعیش لەبـەر ئـەو خۆشەویستییە زۆر و قووڵەی کە لەگەڵ خانای قوبادیدا هەیبووە، سەرەتای داستانەکەی بەو شێوەیە دەست پێکردووە، هەر لە سەرەتای ئەم داستانەیشدا خانا دەڵێت:

شـــاعرێ شـــەریف «شـــەفیع»ی دەســـتوور
ئـــەر پەرســـۆ تـــاریخ ئـــی نامـــەی مەســـتوور

زۆریش ئاساییە میرزا شەفیع کولیاییی ئاگاداری ئەوە بووە خانای قوبادی ئەو لەیلێ و مەجنوونەی وەرگێڕاوە و دایڕشتووەتەوە، ئـەمیش ئـەو داسـتانەی بـەو شـێوەیە کورتوکـۆ کردووەتەوە، سەرەتای داستانەکەی خانا ڕووی دەمـی لـە مـیرزا شـەفیعە و ئـەوەی مـیرزا

شەفیعیش ڕووی دەمی لە خانەکانی ئەردەلانە، خانا شکاری خۆی کردووە و منیش شکاری خۆم کردووە، ئەکرێ لێرەدا ئەمیش وەکو ڕەد و بەرانبەرکێیەك بێت لە ڕووی ئەدەبیی و شێوەی نووسین و دارشتنەوەی مەتنەوە بێت.

جگە لەمانە، ئامادەکاری کتێبی لەیلێ و مەجنوونی خانا، لە دەستپێکی نوسخەکەی تر کە بە (هاتنی نەوفەڵ شا بۆ شکار و...)دا پەراوێزێکی بۆ نووسیوە و دەڵێت:

«تێبینی: لێرە بە دوا (ن د) ئاماژەیە بە (نوسخەی داریانی) و (ن ش ع) بە (نوسخەی شێخ عەبباسی)».

دوای ئەوەی تەواوی ئەو بەشە بەراورد دەکات، هەندێ بەیتی لەبیر دەچێت و هەندێکیش زیاد دەکات و دووبارەبوونەوە ڕوو دەدات، لە کۆتاییدا دەڵێت:

«لێرەدا ئەو نوسخەیەی کە بە خەتی خوالێخۆشبوو "میرزا جەعفەری داریانی" بووە، تەواو دەبێ و کەڵك تەنیا لە نوسخەی خوالێخۆشبوو "شێخ عەبباسی" وەردەگرین. وەك پێشتر باس کرا، یەکێ لەو دوو دەقەی کە بوونە سەرچاوەی ئەم کتێبە، دەستخەتێکی خوالێخۆشبوو "میرزا موحەممەد جەعفەری داریانی" بوو کە بەرێز "عەبدوڵڵا بەگی ئەمینی" لە جوانرۆ مەرحەمەتی ئەوەیان فەرموو. ئەم نوسخەیە بە نێوی کتێبی ((نەوفەڵ شا و مەجنوون)) کە بەشێکی گرنگی کتێبی لەیلێ و مەجنوونی خانای قوبادییە لە ساڵی (١٣٦٧) مانگیدا نووسراوە. وا دیارە ئەسڵی ئەم نوسخەیە پێشتر لەلایەن کەسێکی ترەوە ساڵی (١٢٠١)ی مانگی نووسراوەتەوە، چون لە ئاخری کتێبەکەوە بەیتێك دێنێ. بەڵام بە داخەوە نیوەی هەوەڵی نەخوێندرایەوە، دەڵێ (سەنەی هەزار و دووسەد و چەنی یەك). ئەم نوسخەیەش بەم چەند بەیتەی خوارەوە کە دیارە هیی نووسەر خۆیەتی، نەك خانا، تەواو دەبێ».

دواتر بە پەراوێزێك لە سەر ئەم مەتنە، کاك غەففار دەڵێت:

«ئەم دەقەشی داوەتە پاڵ میرزا شەفیع کولیایی، بەڵام باش ڕوونە کە زمـانی مـیرزا شەفیع ئەوەندە بەرز نەبووە وەك خانای قوبادی بتـوانێ ئاوەهـا شـاکارێکی ئـەدەبی بخوڵقێنێ، چون من بۆ خۆم زۆرێك لە بەرهەمەکانی میرزا شەفیعم دیوە».

لێرەدا تەواوی توێژینەوەکەم گردوکۆ دەکەمەوە و بەش بەش دەیانخەمە ڕوو.

سەرەتا دەمەوێ ئەوە بڵێم خودی نوسخەی عەبدولڕەحمان ئەوەندە کۆن و ورد و بێ کێشە و گیروگرفت و جێگەی بڕوا نییە تـا بتـوانین وەکـو سەرچـاوەیەکی بنـچینەیی و سـەرەکی کارەکەمان بتوانین بڕیاردەری ئەوە بین کە ئەم دەقـە، دەقێکـی بـێ کێـشە و گیروگرفتـە، سەردەمی نووسینەوەکەیشی زۆر دوای خانای قوبادییە.

بەپێی وتەی خانا داسـتانەکە (١٦٤٤) بەیتـە و بـەڵام لـەم دەستنووسـەدا (١٦٣٤) بەیتە، جگە لەوەیش میرزا شەفیع ڕووی دەمی لە خانی ئەردەڵانەکان کردووە، نوسخەکانیش ئەوەمان پێ ئەڵێن داستانەکان دوو داستانی جیاوازن، ئەو نوسخانەی نۆفەڵ و مـەجنوونی تێدایـە، لـەوەی عەبـدولڕەحمان وردتـر و بـێ کێـشەترن لـە ڕووی نووسـین و کـۆنی و سەردەمیشەوە، میرزا شەفیع نووسراوەکەی پێشکەشی ئەردەڵانەکان کردووە.

نوسخەکەی عەبدولڕەحمان لە ڕووی سەبك و نووسینەوەی دەستنووسەوە دەستکاری و زۆر لە بیرچوونەوەی تێدایە. نابێ ئەوەیش لەبیر بکەین کاتێك نوسخەی «نەوفەڵ و مـەجنوون» تێکەڵاو بە لەیلێ و مەجنوونەکەی خانا کراوە، چەند بـەیتێکی کۆتـایی لابـراوە و چـەند بەیتێکی خانا کە لەو بەشە ونبووەی خانا ماوەتەوە تێئاخن کراوە، کەچی خودی نوسخەکەی عەبدولڕەحمان چەند بەیتێکی دووبارە کردووەتەوە و زیادی و کەمی لەناو داستانەکەدا ڕووی داوە، ئەمە تێکەڵ و پێکەڵی و زیـادی و کـەمی و دووبارەکردنەوانـە وامـان لـێ دەکـات گومانی تەواو لەو نوسخەی عەبدولڕەحمان بکەین، هەر خـودی عەبـدلڕەحمان نوسـخەکەی خۆی دەخاتە ژێر پرسیارەوە...

ئەو بەشەی نزیکەی (٤٠٠-٥٠٠) بەیتە و لە چەندین نوسـخەدا دراوەتـە پـاڵ مـیرزا شەفیع، ئەگەر هەموو ئەو نوسخانە بەراورد بکەین لەوانەیە بەیتەکانی زۆر لـەو بەیتانـە

زیادتر بێت کە عەبدولڕەحمان لەناو داستەکەی خانای قوبادیدا هێناویەتی یان کاک غەففار دوو نوسخەی بەراورد کردووە. لێرەدا گومانەکە تۆختر دەکاتەوە، چونکە میرزا شەفیع نەیوتووە داستانەکەی من ئەوەندە بەیتە، دووەهەمیش نوسخەی میرزا شەفیع خۆیمان لە بەردەستدا نییە تا بزانین ئەوەی بە خەتی خۆی نووسراوەتەوە چەندە و لەم نوسخانەی دواتردا چەند بەیت زیادکراوە دەری بهێنین، بە پێچەوانەیشەوە.

لە کۆتایی ئەم داستانەی میرزا شەفیعدا، میرزا خۆی جارێ یا دوو جار ناوی خۆی دەهێنێت، کاک غەففاریش لای وایە کە ئەم چەند بەیتە نووسەرێکی تری ئەوەی بۆ داستانەکە زیاد کردووە، بەڵام میرزا خۆی بەم شێوەیە کۆتایی بە داستانەکە دەهێنێت:

«شەفیع» شای نەوفەڵ وە زامانەوە
پای فەوتش پێچان وە دامانەوە

لە ڕووی سەبکەوە ئەمە دەقاودەق شیعری میرزایە و هیچ پەیوەندی بە نووسەرەوەی ترەوە نییە، لە نوسخەکانی تریشدا ئەو بەیتەی سەرەوە هاتووە، هەروەها ئەو ساڵەیش کە کاک غەففار پێی وایە لە لایەن نووسەرەوە بۆی زیاد کراوە، لە زۆربەی نوسخەکاندا هاتووە، جگە لەوەیش لە زۆربەی نوسخەکاندا ئاماژە بە «خەسرەو خان»ی ئەردەڵان کراوە، بۆچوونیش وایە ئەم داستانە پێشکەش بەوان کرابێت.

لە هەندێ نوسخەدا دووجار ناوی میرزا شەفیع هاتووە و تەواوی ئەو بەیتانەی کۆتایی بە جیاوازییەکی کەمەوە هاتووە، لەوانەیشە بپرسن دەکرێ هەموو ئەوانە کە بە جیاوازی کەمەوە هاتووە، هەموویان لەبەر یەکتر نووسراونەتەوە و ئەو نووسەرە ئەو کارەی کردووە و لە باوەڕەوە دوور نییە، بەڵام دەبێ ئەوەیش هەر بەزیهنا بێت، ئەگەر ئەم داستانە هی میرزا شەفیع بێت و خودی شەفیع ئەو بەیتانەی نووسیبێت، هەرچی باسی ناوی خۆی کردبێت و ساڵهاتنەکەیش و پێشکەش کردنەکەیشی بە خوسرەو خانی ئەردەڵان، هەر جای باوەڕ بێت.

«شەفیع» شای نەوفەڵ بەو زامانەوە
پای مەوتش پێچان وە دامانەوە

دووســـــاخەن نـــــە تـــــۆڕ دام تەنـــــەی وێـــــش
تـــۆ بـــە نەوفـــەڵ چـــێش؟، نەوفـــەڵ وە تـــۆ چـــێش؟
تـــۆ دوعـــای خـــەیر کـــەر نـــە جـــای پێـــواران
هـــەر ســـەحەرگاهان، هـــەر خـــوەر ئێـــواران
واچـــە یـــا کـــەریم دەهەنـــدەی داوەر
یـــا نووربـــەخش نـــوور خەورشـــید خـــاوەر
یـــە «شـــەفیع» واتـــەن بـــێ ئـــەجزا و نمـــەك
وە ســـەنەی هـــەزار دووســـەد چـــەنی یـــەك

تۆ بڵێی تەواوی داستانەکە هی خانا بێت و میرزا شەفیع بەشێکی لێ دەرهێنابێت و بەناوی خۆیەوە ئەو بەشەی پێکەش بە خوسرەو خانی ئەردەڵان کردبێت، وەکو لە دیوانی خانادا ئەوەمان خستۆتە ڕوو ئەگەری ئەوە هەیە خانا ئەم داستانە یان بەرهەمەکانی خۆی بۆ ئەوەی بیپارێزرێت و بمێنێتەوە، لە ڕێگەی میرزا شەفیعی کولیاییەوە پێشکەشی دیوانی ئەردەڵانەکانی کردبێت...؟!

هەروەها ئەبێ ئەوەیش بڵێین کە خانای قوبادی داستانەکەی لە ساڵی (١١٥٤)ی کۆچیدا داناوە، میرزا شەفیعیش لە ساڵی (١٢٠١)دا، خانا ڕووی دەمی لە میرزا شەفیع دەکات و میرزا شەفیعیش داستانەکەی پێشەکەشی خوسرەوخانی ئەردەڵان کردووە. ئەم دوو هاوڕێیە کە زۆر لە یەکەوە نزیك بوون ناکرێ میرزا شەفیع بەو شێوەیە خیانەتی لە خانای قوبادی کردبێت و بەشێکی لە داستانەکەی دەرهێنابێت یان کەسێکی تری هاتبێت و ئەو بەشەی دەرهێنابێت و داییبێتە پاڵ میرزا شەفیعی کولیایی، ئەگەریش وا داییبنێین کە کەسێك ئەو بەشەی دەرهێناوە، ئەی ئەو هەموو دەستنووسە بۆ داستانەکەیان داوەتە پاڵ میرزا شەفیع و تەنها نوسخەکەی عەبدولڕەحمان نەبێت ئەو دوو داستانەی بە یەك داستان زانیوە. ئەبێ ئەوەیش باس بکەین سەیید تاهیری هاشمی لە تەقریزەکەیدا و لە جێگەیەکدا

که دەکەوێتە کۆتایی ئەو بەشەی تێکەڵاو کراوە، دەڵێت: لە نوسخەی بەدەڵدا ئەم بەیتە بەم شێوە هاتووە. بەیتەکەیش بەم شێوەیە:

لـــــــەیلیٚ بـــــــە دڵـــــــشاد ســــــــەوار ویـــــــاران

قـــــــەیس ڕوو کـــــــەرد وە ڕای چـــــــۆڵ و بیابـــــــان

لە نوسخەی بەدەڵدا بەم شێوە هاتووە:

لـــــــەیلیٚ بـــــــە دڵـــــــشاد لـــــــوا وە بـــــــاوان

قـــــــەیس ڕوو کـــــــەرد وە ڕای چـــــــۆڵ و بیـــــــاوان

ئەمەیش ئاماژەیەکی ترییە بۆ ئەوەی کە نوسخەی تری لە لای سەیید تاهیر و عەبدولڕەمانی کوڕی شێخ عەبباس هەبووە و بەراورد کراوە، ئەو بەیتەیش لە نوسخەی نەوفەڵ و مەجنووندا نەهاتووە و نییە... لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە داستانەکە بەگشتی و کۆتایی ئەو بەشە دەستکاری کراوە....

بەپێی ئەم سەرچاوانە وای بۆ دەچم میرزا شەفیعی کولیایی و خانای قوبادی هەردووکیان بە جیاواز داستانەکەیان داناوە، دواتر لە ڕێگەی میرزا شەفیعەوە ئەو دوو داستانە پێشکەش بە خوسرەوخانی ئەردەڵان کراوە، بۆ پاراستن بوو بێت یان بۆ وەرگرتنی پارە بووبێت لە بەرانبەر ئەو کارە جوان و ناوازەیاندا، یان دەکرێت بۆ هەڵسەنگاندنی هەردوو داستانەکە بێت لە لایەن خوسرەوخانی والی ئەردەڵانەوە...

سەبارەت بەوەی کە کاک غەففار دەڵێت: من خۆم شیعرەکانی میرزا شەفیعم دیوە و پێیشی وایە میرزا شەفیعی کولیایی شاعیرێکی ئەوەندە گەورە نییە بتوانێت لە پاڵ خانادا ئەژمار بکرێت و وەکو خانا ناتوانێت داستانێکی وەها گەورە وەرگێڕێت یا بخوڵقێنێت.

نازانم کاک غەففار چەند بەیت یا چەند پارچە شیعری میرزا شەفیعی دیوە؟! بەڵام وەکو ئەوەی تا ئێستا بەرهەمێکی زۆری «میرزا شەفیع»مان بە دەست هێناوە و گردوکۆمان کردووەتەوە و تایپ کراون و لە بەرنامەدایە هەموو بەرهەمەکانی چاپ بکەین، ئەم شاعیرە ئەگەر شاعیر و میرزا و بەڕێوەبەرێکی ئەوەندە کەم دەسەڵات بووبێت، کاری چی بووە لە

دەسەڵاتی ئەردەڵانەکاندا، جێگەی گومانە شاعیرێك ئەوەندە بەرهەمی زۆر بێت، لە شیعر داناندا ئەوەندە کەم دەسەڵات و کەم تەجرەبەی شیعری و مێژوویی بووبێت. ئەم شاعیرە موناجاتنامەیەکی نزیك بە(٤٠٠) بەیت و هەروەها شیرین و فەرهادێك نزیك بە بەیتەکانی هەردوو بەرهەمی موناجاتنامە و نەوفەڵنامەکەی هەیە، ئەگەر باسی دیوانە شیعرییەکەیشی بکەین، ئەوا ئەمەیشیان ئەگەر شیعرەکانی زۆر لەوەی خانا زۆرتر نەبێت، کەمتر نییە، هەروەها بەهارییەکی نزیك بە (١٠٠) بەیتیشی هەیە... زۆر نامە و شیعری تریش کە تاکو ئێستا دەرنەکەوتوون و کۆ نەکراونەتەوە، شاعیرێك خاوەنی ئەوەندە بەرهەم بێت، خاوەنی شیعرێکی وەکو ئەم شیعرانە بێت:

دەروێـــــشیمانـــــەن، دەروێـــــشیمانـــــەن!

مـــــیزام ئــــــەساسەی دەروێــــشیمانــــەن!

کەســــێ نـــــەواچۆ جـــــــە وەشیمانــــــەن

جـــــــە تــــــاوشت دەرد دڵرێــــشیمانــــەن

ئـــــیرادەم کــــــــەردەن بـــــشوون وە شـــــــاران

هێممـــــەت بـــــوازوو جـــــــە تـــــــەکیەداران

ئـــــەڵلا دۆس کـــــــەروون جـــــە شـــــای دەروێـــــشان

ئێحـــــسان کـــــــەران پـــــێم کێـــــسوەت وێـــــشان

تـــــاج دەروێـــــشی خەرقـــــــــەی عێبـــــادەت

جــــــــام چــــل کلیـــــد ســـــەنگ قەنـــــاعەت

مـــــوهر و موهرەبەنـــــد، حەڵقـــــەی زوننـــــار کـــــێش

جـــــل بـــــەنـــــــدی جـــــزوان دەروێـــــشان پـــــێش

لـــــۆنگ و شـــــاڵ دەســــــتماڵ کەمەربەنـــــد، زەنجـــــیر

بەنـــــد شـــــێر، قـــــوللاب، ڕەشـــــتەی شـــــاخ نـــــەفیر

بۆچی دەبێ ئەم شاعیرە هۆنراوەکانی ئەوەندە بەهێز نەبێت لە چاو خانادا، بە بڕوای من ئەگەر هۆنراوەکانی لە هۆنراوەی خانا بەهێزتر نەبێت، هاوتای خانا بووە. هەر ئەم شاعیرە لە بەرانبەر بە ئەڵماسخانیشدا دەسڕەنگین و خامە ڕەنگینێکی بێ وێنە بووە، ئـەڵماس خـانی کەندووڵەیی دەڵێت:

خـــــاتر شـــــــادەنی، خـــــــاتر شـــــــــادەنی

مــــیزام شــــــــادی تــــۆ، خــــــــاتر شــــادەنی

ســـــەر لـــــە ســـــەودای دەرد، ســـــــــەر ئــــازادەنی

خــــاتر بـــێ ئـــــــــــازار، غــــــــەم وە بــــادەنی

نــــەك چـــوون مـــــن پـــــــــابەند، بەنـــــد بـــــەڵانی

مـــــورغ ئاســـــای قــــــــــەفەس، قـــــەعر قــــــەڵانی

چــــێش واچـــوون مـــیزام لـــــە وەسواســـــــەی دەرد

ســــــەودایيم لـــــــــــە دەور، هەنـــــاسان ســـــەرد

وەڵامی میرزا شەفیعی کولیاییی:

ئێرشـــــادم نـــــــــامەت، ئێرشـــــادم نـــــــامەت

دڵ شــــــــاد بـــی بـــــە شـــەوق، نـــزوول نامـــــەت

نـــــامەی عـــــەتر ئـــامێز، شــــەککەرین خامــــەت

پـــــەرێ سەرەوشـــــی، خــــــــەم کـــــەردم قامــــەت

مـــــەزموونش فامـــــام، فــــــــام بەرشـــی جـــە ســـەر

دڵ گرپـــــــــا وە نـــــــــــار، شــــــەرارەی شــــەرەر

ئامادەکار لە بۆچوونێکی تریدا دەڵێـت: بەداخـەوە نیوەبـەیتی یەکـەمی ئـەم بەیتـە نەخوێنرایەوە، کەچی نیوەبەیتەکە زۆر بە جوانی دەخوێنرێتەوە، ئەمەیش نیوەبەیتەکەیە:

نـــــــە شــــەمەی نـــــاچیز، بـــێ ئـــەجزا و نمـــەك

نـــــە ســــــەنەی «هـــــەزار و دووســــــەد چـــەنی یـــەك»

خاڵێکی زۆر گرنگ که نابێ بەسەریدا بڕۆین و له بیری بکەین ئەوەیه هەندێ کرداری وەکو: (ماوەروون، مەکەروون و...) لەم دەستنووسەی عەبدولڕەحمانـدا بـه (مـاوەرووم، مەکەرووم و ...) هاتووه، کەچی ئەو گۆڕانه بەسەر کارانەدا هێنراوه، له دەستووری ڕێزمانی گۆراندا وجوودی نییه و هەڵەیه... ئەمەیش هەڵه و گۆڕانکارییەکی تری دەستنووس نووسه. خانایەك ئەوەنـده شـارەزای وەرگێـڕان و نووسـین و ڕەوانبێـژی و وردەکارییـەکانی زمـان و ئەدەبیات بێت و له خوسرەو و شیرینەکەیدا ئەوەنده وردەکاریی و دەستڕەنگینی دەبینرێت، ناکرێت له داستانی دووەمیدا که لەیلێ و مەجنوونه دەڵێت:

ئـــــەر تـــــــەوفیق دەرۆ بینـــــــای بێهتــــــەرین

جـــه دمــــای مـــــەکتووب «خوســــرەو و شـــیرین»

شاعیرێکی وەها بێت، له کردارەکاندا هەڵه بکات و کێش و سەروا و ڕەوانبێژییەکـەی تەواو نەبێت...

ئەگەر تەماشای خوسرەو و شیرینەکەی بکەین، خانا لەم چەند حاڵەدا به ڕوونی دەبینین:

١- خانا بەسەر دەستووری شێوەزاری گۆرانییدا زۆر زاڵ بـووه، لـه پـاڵ ئەوەیـشدا زمـانی عەرەبیی و فارسیی به باشی زانیوه و وشەگەلی زۆری بەکار بردووه، پابەندی دەسـتوورەکه بووه.

٢- له کێشی شیعری (١٠) بڕگەیی که تایبەته به قاڵبی شـیعری گـۆرانی، زۆر شـارەزا بووه، هەروەها له کێش و سەروا و وردەکاری لایەنەکانی تریدا، دەستێکی باڵای هەبووه.

لێرەدا بەگشتی وەڵامی ئەو پرسیارانەمان دایەوه بەپێی هەندێ لـەو جێگـا و بـەیت و نووسینانەی له دەستنووسەکانی بەردەستی ئێمەدا هاتووه، به بڕوای ئێمه ئەم دەستنووسـه دەستنووسێکی گومانابییه، داستانەکان دوو داستانی جیاوازن و له لایەن عەبدولڕەحمانەوه لەبەر نوسخەی ناتەواوی تریدا تەواوی کردوون، هیچ ئاماژەیەك له بەردەستیشدا نییـه بـۆ ئەوەی بڵێت نەوفەڵ و مەجنوون بەشێکه له داستانی خانای قوبادی... هتد.

لێرەدا دەتوانین ئەوە بڵێین کە ئەم نوسخەی داستانی لەیلێ و مەجنوونە کە لـە لایـەن عەبدولڕەحمانەوە نووسراوەتەوە لە ژێر گوماندایکی زۆردایە و دەبێ چـاوەڕوانی دەرکـەوتنی نوسخەی زیاتری ئەم داستانە بین بۆ یەکلایی کردنەوەی زۆر لایەنی ئەم داستانە شیعرییەی خانای قوبادی.

داستانی لەیلێ و مەجنوون

لەیلیٰ و مەجنوون

بــە نــام ئــەو کــەس بــە (کُــنْ فَیَکُــون)[1]

عالــەمش جــە کــەتم، عــەدەم کــەرد بــیروون

مــــەحز خــــاتران (سَــــیِّد الکَــــونَیّن)[2]

موحەممــەد فــاتێح، خەیبــەر[3] و حونــەین[4]

حەمــد و ســەنا و شــوکر پــەی ئــەو زات پــاك

هــەم ســەڵوات لــە ســەر پادشــای (لــولاك)[5]

ئــــەر تــــەوفیق دەرۆ بینــــای بێهتــــەرین

جــە دمــای مــەکتووب «خوســرەو و شــیرین»[6]

عەجەبتــــەر جــــە ســــێرر، ســــێحر ســــامری

واچــووم وەســــف عەشــــق قــــەیس عــــامری

یــانی هــای، مــەجنوون مــەفتوون لــەیلیٰ

دەیــــری، دێوانــــەی دەشــــت دوجــــەیلیٰ

---

[1]. مەبەست لە خوای گەورەیە، دەکرێ ئاماژەیش بێ بۆ ئەو ئایەتانەی قورئان کە ئەو دەستەواژەیەی تێدا هاتووە: (البقرە–١١٧، آل‌عمران–٤٧ و ٥٩، الأنعام–٧٣، النحل–٤٠، مریم ٣٥، یس–٣٦، غافر–٦٨).

[2]. مەبەست لە پێغەمبەر (موحەممەد)ە (د. خ.) بێت، واتە ڕاهنما و ڕێبەری هەردوو دنیا.

[3]. ئەو شەڕە بوو لەنێوان موسوڵمانان و یەهوودییەکان لە سەردەمی پێغەمبەردا، بە شەڕی قەڵای خەیبەر ناسراوە و بە سەرکەوتنی موسوڵمانان کۆتایی پێهاتووە.

[4]. شەڕی حونەین: ئەو شەڕە بوو لە نێوان موسوڵمانان و هۆزەکانی هەوازن و سەقیف، هەروەها هۆزەکانی وەکو بەنی هیلال، نەسر و جەشم، شەڕەکە لەنێوان ئەو هۆز و تایفانە و موسوڵماناندا بوو بە سەرکەوتنی موسوڵمانان کۆتایی پێهات، حونەین ناوی پاڵەوانێك بووە لە وادی حونەییندا.

[5]. (لولاك): ئاماژەیە بۆ ئەم فەرمایشتە کە بە ناوی خوداوەوە ئاراستەی موحەممەد پێغەمبەر کراوە: (لولاك لولاك یارسول الله ماخلقت الأفلاك)، ئەم وتەیە فەرمایشتی خودا نییە و هەڵبەستراوە، پێچەوانەی ئایەتی (٥٦)ی سوورەتی (زاریات)ە کە خودای گەورە دەفەرمووێت: (وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالإنسَ إِلا لِيَعْبُدُونِ).

[6]. مەبەست لە داستانی (خوسرەو و شیرین)ەکەی خودی شاعیرە کە لە ساڵی (١١٥٣)ی کۆچیدا وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

وێڵیێ و مەحروومیێ، جە شادی و سروور
هامراژش چەنی وحووش و تیوور
عەشق مەجازی، بەعدەن حەقیقی
واچووم جە تاریخ جە ڕووی دەقیقی
بە واتەی حەکیم، دانای «نێزامی»[1]
گەنجەوی، ئێلیاس بن یووسف نامی
شاعرێ شەریف «شەفیع»ی[2] دەستوور
ئەر پەرسۆ تاریخ، ئی نامەی مەستوور
غەین و قاف و نوون، دال ئەبجەدی
حەساب کەر وە حەرف وێنەی عەسجەدی
هەزار و یەکسەد، پەنجا و چوارەن
ڕەوشەنتەر جە سووی شوعلەی وەهارەن
جە هێجرەت خاس، شای (خَیرُ الأنام)[3]
وە ڕەوزەی ئەو بۆ سەڵوات و سەلام
عێبرەت بۆ پەرێ ئەبنای ڕۆزگار
واتەی «قوبادی»ش مانۆ یادگار

****

[1]. نێزامی: مەبەست لە نیزامی گەنجەوییە، ناوی تەواوی جەماڵەددینی ئەبوو موحەممەد ئیلیاسی کوڕی یووسفی کوڕی زەکی کوڕی موئەییدە، نازناوی نیزامیی بووە، لە ساڵی (٥٣٥)ی کۆچی قەمەریدا لە دایکبووە و لە ساڵی (٦٠٧) یا (٦١٢)ی کۆچی قەمەریدا کۆچی دوایی کردووە، ئەم شاعیرە دایکی کورد بووە، هەندێکیش بڕوایان وایە دایك و باوکیشی کورد بووە، شاعیرێکی داستان سەرایی گەورەی ئێرانە.

[2]. مەبەست لە میرزا شەفیعی کولیاییی شاعیرە، هاوڕێ و دۆستێکی زۆر نزیکی خانا بووە، لە دیوان و خانەدان و خانەدانانی ئەردەڵاندا بەڕێوەبەر و دەستەڵاتدار بووە، سەرپەرشتی خەزێنەی دیوانی ئەردەڵانەکانی کردووە.

[3]. مەبەست لە پێغەمبەرمان موحەممەدە (د. خ.) بێت.

«خانا» هەم جە سەر، «خانا» هەم جە سەر
نگەهدارت بۆ خوداوەند جە سەر
پشت و پەنات بۆ دەهەندەی داوەر
لوتفش چەنی تۆ، دایم بۆ یاوەر
تۆم سپەرد بە زات شای شاهان جە سەر
وە دەستگیرت بۆ دایم پەیغەمبەر
تاج سولەیمانی،[1] هەم جە سەرت بۆ
حەزرەت خزر[2] وە ڕەهبەرت بۆ
عەلی شای مەردان هەم جە پشتت بۆ
قەبزەی زولفەقار شەب نە مشتت بۆ
سوورەت (بەرائەت)[3] وە تیغبەندت بۆ
دیدەی بەدکاران دوور جە ڕەندت بۆ
ئەخی جوبرەئیل باڵ کێشۆت وە سەر
نگەهدارت بۆ دەهەندەی داوەر
(آیة الكرسي)[4] وە ئەسپەرت بۆ
مانگ و خۆر هەر دوو چرای سەرت بۆ

---

[1]. سولەیمان: یەکێکی ترە لە پێغەمبەرەکان. پێغەمبەر سولەیمان کوڕی پێغەمبەر داوودە و لە دوای کۆچی دوایی باوکی، بوو بە جێنشینی باوکی لە پێغەمبەرایەتی و پاشایەتیدا، خودای گەورە کردی بە خاوەنی گەورەترین نیعمەت لە نیعمەتەکانی خۆی، ئەویش فێربوونی زمانی باڵندە بوو.

[2]ـ هەندێك لە زانایان دەڵێن یەکێکی ترە لە پێغەمبەران و لە قورئاندا ناوی هاتووە، هەندێکی تریان دەڵێن پیاوچاکێك بووە و لە سوورەتی (الكهف)دا ناوی براوە.

[3]. ئاماژەیە بۆ ئایەتی (١) لە سوورەتی (التوبە).

[4]. ئاماژەیە بۆ ئایەتی (٢٥٥)ی سوورەتی (البقرە).

سـوورەت (یاسـین)، [1] (والـشمس) [2] پـەنات بـۆ
(أنعـــام کافهـــا) [3] وە ڕەهنمـــات بـــۆ
(إنـــا فتحنـــا) [4] بـــۆ وە دەســـتگیرت
(الحاقـــە) [5] و (نـــون)، [6] نەشـــۆ جـــە ویـــرت
هـــەم (قَـــدْ اَفْلَـــحَ) [7] ڕەخـــت بـــەرت بـــۆ
(طـــە) [8] و (تَبـــارَك)، [9] تـــاج ســـەرت بـــۆ
(مُعَـــــوِّذَتَیْن) [10] بازووبەنـــــدت بـــــۆ
(قُـــل هُـــوَ اللهُ اَحَـــدْ) [11] گەردنبەنـــدت بـــۆ [12]

---

[1]. ئامارژەیە بۆ سوورەتی (یاسین) لە قورئانی پیرۆزدا.

[2]. ئامارژەیە بۆ سوورەتی (الشمس) لە قورئانی پیرۆزدا.

[3]. انعام: ئامارژەیە بۆ سوورەتی (الأنعام) لە قورئانی پیرۆزدا، (کافها) دەکرێت ئامارژە بێت بۆ سوورەتی (الکهف) یا بۆ سوورەتی مەریەم کە بە (کهیعص) دەست پێ دەکات.

[4]. ئامارژەیە بۆ ئایەتی (١) لە سوورەتی (الفتح).

[5]. مەبەست لە سوورەتی (الحاقە)یە لە قورئانی پیرۆزدا.

[6]. ئامارژەیە بۆ سوورەتی (ن) لە قورئانی پیرۆزدا.

[7]- ئامارژەیە بۆ ئایەتی (١) لە سوورەتی (المؤمنون)، هەروەها لەم ئایەتانەیشدا هاتووە: (طە- ٦٤، الأعلی- ١٤، الشمس- ٩).

[8]. ئامارژەیە بۆ سوورەتی (طە) لە قورئانی پیرۆزدا.

[9]. ئامارژەیە بۆ سوورەتی (الملك) لە قورئانی پیرۆزدا. هەروەها لە چەندین ئایەتیشدا وشەی (تبارك) هاتووە، لەوانە: (الأعراف- ٥٤، المؤمنون- ١٤، الفرقان- ١٠ و ٦١، غافر- ٦٤، الزخرف- ٨٥).

[10]. ئامارژەیە بۆ هەردوو ئایەتی (قُلْ اَعُوذُ بِرَبِ الْفَلَقِ) و (قُلْ اَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ).

[11]. ئامارژەیە بۆ ئایەتی (١) لە سوورەتی (الإخلاص).

[12]- چەند فەرموودەیەك لەبارەی (قل هو الله احد...)ەوە هەیە، لێرەدا ئامارژەیەکە بۆ ئەوەی ئەو سوورەتە وەکو چاوەزارێك بەکار بهێنرێت، هەرچی گەڕام و پرسیارم کرد، فەرموودەیەك یان ئامارژەیەکم لەو بابەتەوە دەست نەکەوت.

جە لای سولّتانان حەرفت ڕەواج بۆ
دەستگیری دەستت ئیمام ڕەزا[1] بۆ
بە وێنەی نادر[2] بەرز ئیقبالّت بۆ
زۆر ڕۆستەمی،[3] نەوەی زالّت[4] بۆ
قەلّەمت قودرەت قووەی قەزاش بۆ
بەلّیّ قەیس چۆلّگەرد ، جە تۆ ڕەزاش بۆ
زەرەر ناوەری تا دێر زەمانە
ئەیمەن بای بە لوتف یەکتای یەگانە
شەرحیّ جە ئەحوالّ مەجنوون بەیان کەر
جەوانی و جەمالّ لەیلش عەیان کەر
ڕووات عەرەب، دانایان دەور
ئەو تاریخ وانان «شەفیع» تەرز و تەور
مەواچان جەو دەور، حوکمش ڕەوان بیّ
عەبدولمەلیك نام، ئیبن مەروان بیّ
سولّتان عادلّ، ئەمەویان بیّ
دوشمەن سەرسەخت عەلەویان بیّ
بەدبەختی پەی وێش، پەی ئەهل زەمان
ساز دابیّ پەنام بە زات سوبحان

[1]. ئیمام ڕەزا: کوڕی مووسای کازمی کوڕی جەعفەری سادقی کوڕی موحەممەدباقری کوڕی عەلی کوڕی حوسێنی و کوڕی عەلی بن ئەبی تالّبە، هەشتەمین ئیمامی مەزهەبی شیعەیە.
[2]. مەبەست لە نادرشای ئەفشارە، بە نادر قولیش ناسراوە، دامەزرێنەری دەورەی ئەفشارییەیە لە ئێراندا.
[3]. ڕۆستەم: کوڕی زالّی کوڕی سامی کوڕی نەریمانە، ڕۆستەمی زالّ بە فیلەتەن و تەهمتەن ناسراوە.
[4]. مەبەست لە زالّی باوکی ڕۆستەمە، یەکێکە لە پالّەوانەکانی شاهنامە و جێگای پرسوجۆی شاهانی کەیانی بووە.

سەنەی شەست و پەنج تا هەشتاد و شش
هێجرەتی ڕەسووڵ، شای ڕەفرەفی فەرش
یەك بزورگزادەی (شیخ القبایل)
شمشێر وە کەمەر، زەڕین حەمایل
نام ئەو «مەلووح بن موزاحێم» بێ
جە عامریان زی مەراحێم بێ
جە شێخ نشینان، دەورەی خەلیج بێ
جە گرد چت دارا، موحتاج وە هیچ بێ
سێ فەرزەندش بێ، هەر سێ شەهزادە
وردیتەر جە گشت مەکتەب نەهادە
جە هەفت ساڵی تا وە دە ساڵ یاوا
شێعر و شاعریش، وە عاڵەم تاوا
جەوانی و جەماڵ و عەقڵ و کەماڵش
زێهن و زەکاوەت، حوسن و خێساڵش
بوڵەندی هێممەت، سەخا و جوود ئەو
مەشهوور بێ نە عام، دایم جوود ئەو
نام ئەو قەیس بێ، دانا و دیاری
شایستەی سەریر پەی شەهریاری
مەشی وە مەکتەب چەنی هامفەردان
جە کناچە و کوڕ عەرەب نەژادان
پەی تەحسیل عێلم، عێرفان و ئەدەب
قاعێدەی قانوون، شاهان عەرەب

مەهدی ئێبن کەعب، ڕەبیعی نەژاد
جە عامریان مەردێ بێ ئازاد
یەك کناچێش بێ بە نام لەیلی
بە حوسن و جەماڵ، ڕەشتەی سوهەیلی
بە شوعلەی جەماڵ، خەورشید ماهێ
وێنەی سەهی سەرو، نزارەگاهێ
شۆخ کەمان وە نێش، غەمزەی کەمێنە
سووراخ مەکەردش، سەد هەزار وێنە
یەك ئاهوو چەشمێ، غەزاڵ نازێ
جەهانێ مەکوشت وە عێشوەسازێ
مانگ عەرەب بێ، وە ڕوخ نمایی
تورك عەجەم بێ، وە دڵ ڕوبایی
زوڵفش وێنەی شەو، ڕوومەتش چراغ
یا مەشعەلەی شەمع، جە مێنقار زاغ
فەندوق دەهانێ، سەرو سایەیێ
چوون تونگ شەککەر، شیرین مایەیێ
شەککەر شکێنێ، بە خاتر خاهێ
لەشکەر شکێنێ، وە نیم نگاهێ
پووشیدە پەردەی جای زێندەگانی
شاشێعر عینوان، بەیت جەوانی
تەعوێز کەمەر، گشت هامنشینان
شایستەی کەنار گشت نازەنینان

زەنەخدان جە عێقد عارەق جەمین
هەم جە حەڵقەی زوڵف موشک عەبیرین

گوڵگوون وە خوون بێ، وە شیر پەروەردە
سورمەش جە سەودای مادەر ئاوەردە

جە گۆنای ڕاسش بێ موشکین خاڵێ
زیاد کەرد وە جەماڵ، جەواهێر لاڵێ

جە هەر دڵێ بێ جە هەواش مەیلێ
گێسووش وێنەی لەیل، هەم نامش لەیلێ

جە زەکا و جە هۆش، شێعر شاعری
هامڕازش ڕەفیق قەیس عامری

بە مەحز زانای هۆش و فام و دەرگ[1]
وەردشان شەربەت، عەشق عوسرەت بەرگ

جە وەقت وانای مەستوورەی کێتاب
حرووفش بە ڕەمز مەکەردەن خێتاب

یاران وە حەساب پەی عێلم خوانی
ئەوان پەی حەساب عەشق جوانی

یاران جە لوغات مەعنی مەپەرسان
ئەوان جە سوورەت مەعنی مەپەرسان

یاران جە علووم ئەوراق مەوانان
ئەوان حەرف جە ڕەمز عوششاق مەڕانان

یاران مەوانان ئەوساف ئەفعال
ئەوان مەوانان شەرح وەسف حاڵ

---

[1]. نووسراوە (دەرك)، بەڵام بۆ سەرەوای بەیتەکە دەبێ بە (دەرگ) بنووسرێت تا لەگەڵ (بەرگ)دا بگونجێت.

یـــاران شـــومارەی پێـــشین پـــەی وێـــشان
ئـــەوان هـــەر خـــەریك شـــومارەی وێـــشان[1]
قـــەیس مـــەوات: «ئـــەلف» ئـــالآی بالآتـــەن
«ب» چـــوون بازووبەنـــد، بـــازووی ئالآتـــەن
«ت» تاتـــای زوڵفـــان، ســـیای قـــەترانی
«ث» ثـــابتـــی مـــەیل عەشـــق جـــەوانی
«ج» جـوانی و جـەماڵ، «ح» حـەیا و حوببـەن
«خ» خـــاڵ و خـــەیاڵ، غـــەم وە ڕووی لەبـــەن
«د» دیـــدە و دەهـــان، دەمـــاغ عەشـــقەن
«ذ» ذەلیلـــی زام مەینـــەتان مەشـــقەن
«ر» ڕەویـــەی ڕەئفـــەت ڕای عاشـــقانەن[2]
«ز» زوخـــاو نۆشـــی ڕای موشـــتاقانەن
«س» سـینەی مـەحبووب، سەندووقـچەی زەڕەن
سـافتەر جـە سـەفحەی سـەنگ مەڕمـەڕەن
«ش» شـــەرم و شـــکۆه، شـــێوەی جـــەوانی
«ص» صـــافیی صـــدوور، صـــێدق ڕەوانـــی
«ض» (ضـــوء ضـــمیر) ڕەوشـــەنی دڵـــەن
«ع» عـــەرزەی عوشـــشاق دەروون چـــوون گوڵـــەن

---

[1]. لە لایەکی دەستنووسەکەوە و بە تەنیشت ئەم بەیتەوە، سەیید تاهیری هاشمی دەڵێت: (یاران بشمار گردین جە پیشان)، دواتر نووسیویەتی: بە قەرینەی نیزامی:

یـــاران بشمار پیش بودند   و ایشان بشمار خویش بودند

[2]- "اگر (عاشقان) می گفت قافیە صحیح در می آمد، گرچە جمع بر جمع است. این (الف) ناخوانی در (لیلی و مجنون نیظامی) نیست و از .. بر عهدهای سراینده کردی است که حتماً غیر خانای قبادی آمده است. (هاشمی)".

«غ»[1] غونچەی غەبغەب، غەواس ژیرەن

نە عومق دەریای دۆس دڵگیرەن

«ط» طاقەتم طاق طەوق گەردەنەن

«ظ» ظوڵم و زۆرت تا ڕۆی مەردەنەن

«ف» فاکێهەی فەرد ، مێوەی مەحبووبەن

«ق»[2] قوڵف مەخزەن، قوللەی مەحجووبەن

«ك» کان کۆی زەڕ، دەریای یاقووتەن

«ل» لەرەی زوڵفان دەور لیمووتەن

«م» مەودای موژان دڵشکاوتەن

«ن» نازکی ناز نگای چاوتەن

«و» وەڵگ جەوانی خەزانبێزتەن

«هـ»[3] هەر چەمان نە ڕای ئازیزتەن

«لا»، لاڵ بام پەرێ سەردی مەیل

«ی» یاقووت لەب، یاقووت بێز لەیل

لەیلێ جە رووی ناز وە عێشوەبازی

وە سی و دوو حەرفەی فارسی و تازی

وات: «ئەلف» ئالای ئاسك ئەبرۆتەن

«ب» بەزمی بالای باشی شکۆتەن

«پ» پام وە پابەند پەری ڕوخسارەن

«ت» تا زیندەنان تاسەی دیدارەن

---

[1]. کاش می دانستم سراینده برای این شعر چه معنی در خاطر داشته است؟! (هاشمی).

[2]. به کلی عاری از معنی است (هاشمی).

[3]. (ه) هەر چەمەنەی نە ڕای ئازیزتەن (هاشمی).

«ث» ثابـت قــەدەم پــەی وەفــای یــارەن

«ج» جــەور و جــەفات وە جەســتەم بــارەن

«چ» چــابوکی دەســت چــەرخ چــەمانت

«ح» حــالّزانی حــالّ، نــاو هامــدەمانت

«خ» خۆشــی خولّــق نــازك خــەیالّیت

«د» دوودی دەروون لــــەیل زوغالّیــــت

«ذ» ذکــرم ذەلیــل بــەردەی نــام تــۆن

«ڕ» ڕووم نــە جــەمین جــەمالّ جــام تــۆن[1]

«ز» زوخ زامــــان زەخــــم دلّــچاکم

«ژ» ژار مــــارەن ژیــــن و خــــۆراکم

«س» سەودای عەشقت، «ش» شـۆخی شـێوەت

«ص» صەدر گوفتار صـێدق حــەق پێــوەت

«ض» ضـیای ضـەمـیر ضـامنـی عەهــدت

«ط» طاعەتی[2] طـەوف طـوغـرای زەڕ مەهــدت

«ظ» ظلــل و ســایەی ظــولّــم و زۆر عەشــق

پەخشەن وە سـەر شـان لـەیل مەینـەت مەشـق

«ع» عەقلّ و عومر و عەشـق [و][3] عەهدمــەن

عــەیش و عەهــد شــێر زەڕڕیــن مەهدمــەن

«غ» غوبــار غــــەم غەبغــــەبت وە دلّ

«ف» فــەڕ و شــکۆه تــۆن، نــە فــەوق گــولّ

---

[1]. نووسراوە «(ڕ) ڕووم نە جەبین جەمالّ جام تۆن»، دیارە هەر لە پێداچوونەوەکانی سەیید (تاهیری هاشمی)یە.

[2]. سەرەتا بە(طاقەت) هاتووە و دواتر کراوە بە (طاعەت)، ئێمە دەستەواژەی دووەممان بە دروستتر زانی و دامان نا.

[3]. لە دەستنووسەکەدا لەبیر کراوە.

«ق» قــەد و قامــەت، «ك» کــەریمی تــەبع

«گ» گرانقـــەدریت،[1] (فی مـــابین) جــــەمع

«ل» لـــەعل لـــەبان، لالْ بـــەخش ئەشـــعار

«م» مەشـــق مۆبـــەت مـــەحبووبی شـــوعار

«ن» نـــازکی تـــەبع، نـــامووس و نامـــت

«و» وەعـــدە و وەعیـــد، وە فکـــر و فامـــت[2]

«ه» هـــیلال قـــەوس هـــەردوو دیـــدەی مەســـت

«ی» یەشـــم یـــاقووت گوفتـــارت پەیوەســـت

«لا» وە لالْ بەخـــــشی[3] لێـــــو لالْ تـــــۆ[4]

لالْ بـــام، بـــێ دەســـم پـــەی وێـــسالْ تـــۆ

وەی تـــەور و شـــێوە، شـــێعر و شـــاعری

مـــەفتوون بـــین قـــەیس و لـــەیل عـــامری

---

[1]. لە دەستنووسەکەدا نووسراوە: ((گ) گەردەن قەدریت...)، دواتر نووسراوە: (گران قەدریت)، دیاریشە (گەردەن قەدریت) هەڵەیە و دەبێ (گرانقەدر)یت بێت.

[2]. لێرەدا نووسراوە (هەم فکر و فامت).

[3]. سەرەتا نووسراوە (بەخش) و دواتر کراوە بە (بەخشی)، ئێمە (بەخشی)مان بە دروستتر زانی و دامان نا.

[4]. ڕەزا خانی باوکی ئەڵماس خانیش هۆنراوەیەکی بە ناوی (ڕاز نیازان)ەوە هەیە، بەم شێوەیە هاتۆتە گۆ:

(ئـــەلف) و ئیـــسمای ئیـــسم عـــەزیمت

ئـــــەز چـــەمەڕاهم وە ڕەحـــیم ڕەحمـــت

(ب) وە بینـــایی تـــاق (بیـــتُ المعمـــور)ت

بـــەو (بیـــتُ المعمـــور)، موڵـــك پـــەڕ نـــوورت

هەروەها مامۆستا موحەممەد عەلی قەرەداغیش لە بەرگی چوارەمی کەشکۆڵی ئەدەبی کوردی، لاپەڕە (٤٨-٥١) هۆنراوەیەکی میرزا شەفیعی کولیایی بڵاوکردۆتەوە و لەم بابەتەیە:

ئـــــــەلف: ئێنـــشـــای ئێـــسم (الله اکـــبر)

بێ: بـەخشندەی نوور وە شەمس خاوەر...

ڕەشتەی ئێختیار بەرداشان جە دەس
عاشق بین وە هەم، شۆخ شەیدای مەس
مەلووح مەهدی، بەڵکە خاس و عام
زاناشان بەوان هەردوو بە ناکام
لوان بە یانە، گۆشەنشین بین
مەحرووم نە جەماڵ جام جەمین بین
هەردوو بە ئەشعار پەی یادگارێ
مەنویسان جە هەم، چەند ڕۆزگارێ
ئاخر[1] بە واتەی بەدی بەدگووان
وە کوللی قەتع بی، ڕای ئاما و لووان
جە شۆڕش عەشق بەخت سەرنگوون
هامسەران وە قەیس مەواتن[2] مەجنوون
مەجنوون چوون نەدی ڕوخسار لەیلێ
ڕاهی بی نە ڕای هەر چەمێش سەیلێ
مەگێلا وە دەشت، کەش و کۆهـ بازار
دیدەی پەڕ ئەسرین و دەرد دڵ ئازار
مەوانا سروود بە گریە و زاری
وەزیع و شەریف، شەهری و بازاری
مامان مەمدران نە دەورش سەف سەف
وە مەجنوون مەجنوون لێش مەدان وە کەف

[1]. لە سەر ئەم وشە سەیید تاهیری هاشمی نووسیویەتی (ئاخر) دەبێ بە بێ (ی) بنووسرێت.
[2]. سەرەتا نووسراوە:(مەوانان) و دواتر لە سەری نووسراوە: (مەواتن)، ئێمە وشەی (مەواتن)مان بە دروستتر زانی.

تا خوێشان ئەو زانان بە حاڵش

واتەن بە مەلووح، بەدی ئەحواڵش

نەواردەی تەعام وێڵی بیابان

زەعیفی و زەردی و شێتی و شتابان

واتەن: مەر بە وەسڵ لەیلێ بۆ شەفاش

وەرنە ڕۆ بە ڕۆ فێشتەرەن جەفاش

مەلووح وات بە قەیس: عەیبەن پەرێ تۆ؟!

چوون مەبۆ لەیلێ پەی[1] هامسەری تۆ؟!

هەر چەند وە نیسبەت جە یەك نەژادین

تۆ شازادەنی، ئەو فەردێ عادین

بغەیر جە لەیلێ، عەرەب کناچان

جەو فێشتەر مەحبووب هەر جاه مەواچان

ماوەرووم پەرێت بە ماڵ و بە زەڕ

غەنی مەکەرووم عارەبان بەڕ

عەلاوە عەرەب، ڕەسمش بەی تەورەن

عاشق و مەعشووق وەسڵشان جەورەن

مەورێدی توهمەت[2] قەرار مەگێران

مەبان وە تانەی هامسادە و[3] جێران

[1]ـ لە سەرەتادا نووسراوە: (پەرێ هامسەری)، دواتر لە سەری نووسراوە: (پەی هامسەری) و ئێمە دەستەواژەی (پەی هامسەری)مان بە دروستتر زانی.

[2]. (مەورێدی توهمەت قەرار مەگێران) نیز از ترکیبات تازە می باشد (هاشمی).

[3]. سەیید تاهیری هاشمی لێرەدا نووسیویەتی: (تکرار دو لفظ بە یك معنی حشو قبیح است). لە دەستنووسەکەدا نووسراوە: (هامسادەی و)، دواتر کراوە بە (هامسادە و)، دەستەواژەی دووەم دروستترە و ئێمە ئەوەمان داننا.

تۆیش شەهزادە، لەیل فەردێ عادی[1]
کەفائەت جە بەین نیەن پەی شادی

ئی خەبەر وە گۆش بابۆی لەیل یاوا
واتی بە خەنجەر جەرگت شکاوا

قەیس ئەژنی بە گۆش واتەی ئەبەوی
کەردەش فەرامۆش، شادی دنیەوی

شادی تەبدیل دا بە شین و فوغان
یاوا بە گەردوون نایرەی دوخان

پەی فێراق لەیل مالاّ وە سەردا
ڕوو نیا وە ڕای کۆه و کەمەردا

گاهێ کۆی تووباد، گاهێ پەی دوجەیل
گاهێ کۆی سەوبان پەی فێراق لەیل

مەگێلا پەی شەمع وێنەی پەروانە
دەشت و دەر مەکەرد، دەیری دێوانە

مەوات غەیر جە لەیل وە کێ بدەوم مەیل
هامڕاز و هامدەرد، دڵ و دەروون کەیل

هەر ئێدێ خاستەرەن، چەم بڕێزۆ سەیل
لافاوش بشۆ وە هەوارگەی لەیل

سەوز کەرۆ گیاه، بیابان خەیلێ
بۆ وە سەیرانگاه، مەنزەرەی لەیلێ

لەیلێ دمای تۆ مەیلم وە کێ بۆ
بالاّی کێ بدێەوم شێوەیێ تۆش بۆ

---

[1]. فردی عادی از ترکیبات جدیده، مصطلح مردم شهرزور و....

شەرت بۆ دمای تۆ لیباسم ڕەش بۆ
بیابان گەردیم نەسیب و بەش بۆ

لۆنگ مەجنوونیت بکەرووم وە کۆڵ
هامڕاز بووم چەنی وەحشیان چۆڵ

نەبووم وە ڕەفیق دەییار[1] بەشەر
مەئنووس بووم بە وەحش تا (یَوْم الَمحْشَر)

بیابان و چۆڵ کەردم بە یانە
لاقەید بووم جە قورب خوێش و بێگانە

گاه زەلیل زام، مەگرەوا بە زار
زەعیف زویر، زویر دڵ ئازار

گاه ماوەرد بە یاد خوردەساڵی وێش
چەنی لەیل مەشین وە لای بز و مێش

گاه دەورەی تەحسیل مەدرەسەی علووم
گاه شێعر شیرین، لەیلەکەی مەزڵووم

وەیتەورە لێباس نە تەنش ڕێزا
هەوای سەرد و گەرم مەحبووبیش بێزا

مەدیا وە ئاهوو، غەزاڵان هەرد
پەی پەی مەکێشا هەناسان سەرد

مەوات چوون لەیلەن، بەر و سینە و چەم
دەم و نافەی ناف، دیدە و خاڵ و مەم

---

[1] ـ لە دەستنووسەکەدا نووسراوە: (دایرەی)، دواتر کراوە بە (دەییار بەشەر) و ئێمە دەستەواژەی دووەممان بە دروستتر زانی.

مەگـەر دەسـت و پـاش نیـەن وێنـەی لـەیل؟
باریکـەن پـەی تـەی دامنـەی دوجـەیل
شـێوەی شـیرین تـەرز، شـۆخ خـەرامان
مـەدیا بـە لاوە، ماچـی لـەیل ئامـان
چـەنی گـورگ و شـێر و بـەور و گـەوەزنان
مـەئنووس بـێ دایـم وێنـەی هاموەزنـان
چـەنی قـەل و داڵ، کەبووتـەر و زاغ
مـاهی و مـار و مـوور، مەکـەرد دەرد و داغ
گـاه گـاهێ مامـا چـوون دێوانـەی وێـڵ
ڕاش مـەگنا وەتـەن، وە خێڵخانـەی خێـڵ
ئەویش دوور جـە خێـڵ، چـەنی گەڵلـەی مـێش
دوورادوور مـەدیا وە بێگانـە و خـوێش
بـرا و خاهـەران، مـادەر و پـدەر
جـە دەرد هێجـران قـەیس دەربـەدەر
شـەب و ڕۆ خـەریك زاری بـین یەکـسەر
غـەمین و غـەمبار، خەسـتەی خـاك بـە سـەر[1]
ئـاخر شـین[2] گێـرتن ئـەو قـەیس خەسـتە
وە حەڵقـەی زەنجـیر[3] دەسـت و پـا بەسـتە
بـەردن وە یانـە، وە مێهرەبـانی
وە نەسـیحەت و شـیرین زەبـانی

---

[1]. قافیەی (سر) در هردو مصراع آمده و معیوب است "هاشمی".

[2]. لە دەستنووسەکەدا لە ژێرموەی ئەم وشەوە نووسراوە: (ئاخریش).

[3]. لە دەستخەتەکەدا ئەوەڵ نووسراوە: (زەرین)، دواتر کراوە بە (زەنجیر) ئێمە (زەنجیر)مان دانا.

نه زاد نه تهعام، نه خهو نه خۆراك

ئێختیار نهکهرد دڵهی دهروون چاك

مهواتش: لهیلیٚ لێو به شهکهرخهند!

پهریٚ عهشق تۆ ها من شیم وه بهند

داخۆم حاڵ تۆ پهریٚ من چوونهن

خاترم جهمهن، خاترت خوونهن

ئی ههواڵ سهخت وه لهیلیٚ یاوا

وێنهی غهزاڵان وهلهدهی[1] ساوا

ڕەم کهرد جه شادی، وه غهم بی مهئنووس

جه وهسڵ وێش و قهیس مهبی مهئیووس

نویسا وه قهیس هامدهرد دهردم

هامڕاز دهروون، هامفهرد فهردم

وێڵ بیابان، سهحرای چۆڵهکهم

یار وهفادار، مهینهت کۆڵهکهم

من ئهژنیم به گۆش گیروودهی دهردی

لێلاویم لێڵ بۆ، لێم گللهمهندی[2]

دڵهی من وه دام دووری تۆ بهندهن

خهلاسیش نیهن مهر وه گیان کهندهن

ڕای ئامام نیهن تا بهیووم وه لات

بووم وه هامزهنجیر پهی دهرد و بهڵات[3]

---

[1]. له دەستخەتەکەدا نووسراوە: (والیدە)، دواتر کراوە بە (وەلەدەی) ئێمە (وەلەدەی)مان دانا.

[2]. (درد) با (مند) هم قافیه نیست. (مند و چند) و (درد و سرد) را مثلاً هم قافیه باید شناخت. (هاشمی).

[3]. له دەستخەتەکەدا نووسراوە (دەرد بالآت)، سەیید تاهیری هاشمی پێی وایە (دەرد و بەڵات) دروستترە و ئێمەیش هەر ئەوەمان دانا.

دەس وە دامـــــانم کۆتـــــا و ناتـــــەوان

جـــە تـــەرس بـــابۆم، بـــێ دەس و دەوان

هـــەر خەجاڵـــەت بـــام چـــیم دەســـەڵاتەن

وە بـــەرزی بـــاڵات غـــەمم خەڵاتـــەن[1]

حەیفـــەن پـــەرێ تـــۆ چـــوون دورڕ مـــەکنوون

ناهـــاڵان، بـــێ شـــەرم مەواچـــان مـــەجنوون

تاســـەخوارت لـــەیل خاتێمـــەی کـــەلام

مـــەکیانۆ وە لات، ســـەد هـــەزار ســـەلام

نامـــەش دا بـــە دەســـت یـــەك مـــەحرەمی ڕاز

بـــەردش وە لای قـــەیس دۆس دڵنـــەواز

قـــەیس بـــە شـــەوق دڵ نامـــەش ســـتانا

بـــە دیـــد[ە][2] و بـــە دڵ سەراســـەر وانـــا

وەخـــت بـــێ جـــە شـــادی زاڵـــەترەك بـــۆ[3]

گیـــان دۆ بـــە قاسـێد، مـــوژدەش گـــەرەك[4] بـــۆ

وەڵامی نامەی لەیلێ لە لایەن مەجنوونەوە[5]

نویـــــسا نامـــــەی ئاهریـــــت یـــــاوا

وانـــــام و بۆســـــام وە دیـــــدەم ســـــاوا

---

[1]. لە لای ئەم وشەوە نووسراوە: (از اشعار افواهی بین مردم است). ئەمەیش لە نووسینی (هاشمی)یە.

[2]. لە دەستنووسەکەدا نەهاتووە.

[3]. لە دەستنووسەکەدا نووسراوە (بی)، لە ڕاستیدا دەبێ (بۆ) بێت بۆ ئەوەی سەرواکەی دروست دەرچێت.

[4]. لە دەستنووسەکەدا نووسراوە (گەرەگ)، ئێمە (گەرەك)مان بە دروستتر زانی و دامان نا.

[5]. ئەم سەرەباسە لەناو دەستنووسەکەدا نییە.

یەخبەنــــد ســــەردی دەروونم تـــاوا
مـــەمنوونم لـــەیلیٚ وەلـــەدەی ســـاوا
بـــەڵیٚ، بەنـــد مـــن پـــەی عەشـــق لەیلـــەن
کەفائـــەت مـــەدیان، نـــەزانان مەیلـــەن
بەنـــد عەشـــق تـــۆ بەنـــد جەرگمـــەن
جـــە ئـــەووەڵ حـــەیات تـــا وە مەرگمـــەن
نیـــەن دەســـەڵات، دەســـت بـــاڵادەس
ســەد واچـان مـەجنوون پـێم کـەس و ناکـەس
مـــن هـــەر دێوانـــەی مەیلەکـــەی لـــەیلم
تـــا بـــە ڕۆی مەحـــشەر، بـــە ئـــەوەن مـــەیلم
نامـــە دا قاســـێد بـــەردش پـــەی لـــەیلی
وانـــاش سەرانـــسەر، بـــە دەروون کـــەیلی
مەگـــەر خوداوەنـــد (قـــاضـــي الحاجـــات)
جـــە ئـــی سیاســـەت بـــدەرۆم نـــەجات
وەرنـــە خەلاســـیم دوور جـــە ئێمکانـــەن
ڕەئـــی دوو بـــابۆ و چـــەند بزورگانـــەن
خولاســـە مـــن قـــەیس، مـــەجنوون لـــەیلم
پـــەی دووری بـــاڵات گیـــان وە توفـــەیلم
ڕووی ئەنـــدوو نیـــا وە دیـــوار غـــەم
شـین فـەراوان [بـی]،[1] شـادی کـەردش کـەم
قـەیس بـەو تـەور جـە بەنـد بـە ئـاه و زاری
هـەر لـەیل لـەیلش بـێ جـە بـێ قـەراری

[1]. ئەم نیوەبەیتە برگەیەکی کەمە و لەبەر ئەوەی نیومکە ڕێك بێتەوە، ئەم وشەیەمان دانا.

نــه وه ڕۆ خــۆراك، نــه شــەو بــێش ئــارام
هــەر بــێ نــه خــەیاڵ دیــدەی دڵئــارام
ڕۆژ بــه ڕۆژ زەعیــف خــوار و زار مــەبی
جــه وەریــن بەدتــەر بــێ قــەرار مــەبی
قــەوم و خــوێش تــەمام بــه ئــاه و زاری
واتــەن وه مــەلووح جــه بــێ قــەراری
قــەبووڵش نیــەن حــەق جــه بــاڵای ســەر
وەی تەور بۆ مــەحبووس قــەیس خــاك بــه ســەر
وه عــەزم تــەواف (بیــت الله الحــرام)
بــەڵ بــەریش کەعبــه، بگێــرۆش ئــارام
مــەلووح بــی مــەلوول بەنــد دڵ خەســته
پــەی تــەواف بــەیت، بــی کەمەربەســته

بردن ملوح شاه قیس فرزندش به طواف کعبه[1]

بــه واتــەی یــاران، عێمــاری هــوودەج
حــازر کــەرد چــەنی قــەیس بشۆ پــەی حــەج
جــه خاســان وێــش، چــەند بزورگــوار
ئامــادە کــەردش بــه شــیرین ئــەتوار
هــەدایای بــێ حــەد، ناقــەی قوربــانی
بــەردن وه دەربــار، دانــای ڕەببــانی
وه نییــەت حــەج، بەستــشان ئێحــرام
ڕوو نیــان وه ڕای (بیــت الله الحــرام)

[1]. مەلووح شا قەیسی کوڕی بۆ سووڕانەوە بە دەوری کەعبەدا دەبات.

یاوان وه حەرەم، کەعبەی موبارەك

وه لەببەیك لەببەیك،[1] تەهیە و تەدارەك

تەوافولقودووم مەککەی موعەزەم[2]

نماز جە مەقام،[3] ئاو واردەی زەمزەم[4]

مولتەزم چەنی حێجر ئێسماعیل[5]

حەجەرولئەسوەد بۆسان بە تاجیل[6]

سەفاو و مەروه،[7] مێنا و موزدەلەف[8]

کۆه عەرەفات،[9] گرد لوان بە سەف

---

[1]. مەبەست لەو (لبیك اللهم لبیك)ەیە کە موسوڵمانان لە کاتی ڕۆیشتن بۆ حەج و عومرەدا پێش چوونە ناو حەرەم بە تاك یان کۆمەڵ ئەیڵێن.

[2]. لە کاتی حەج و عومرەدا موسوڵمانان حەوت جار بە دەوری کەعبەدا دەسووڕێنەوە و زیکر یا دوعا دەخوێنن.

[3]. دوای حەوت جاری تەوافەکە، لە بەرامبەر مەقامی ئیبراهیمدا دوو ڕکات نوێژی سوننەت دەکات.

[4]. دوای نوێژەکە سوننەتە ئاوێکی زۆری زەمزەم بخۆیتەوە.

[5]. دوای ئەوەی ئاوی زەمزەمت خواردەوە یا خورایەوە، موسوڵمانان سەردانێکی ئەو جێگەی ئیسماعیل دەکەن لە تەنیشت مەقامی ئیبراهیم و کەعبەوە و بەزنەیەکە و دەتوانرێت دوو ڕکات نوێژیی سوننەتیشی تێدا بکرێت.

[6]. ئەو بەردە ڕەشەیە بە قەد دیواری کەعبەوە و لەناو کونێکدایە، موسوڵمانان سەر بە کونەدا ئەکەن و ماچی دەکەن.

[7]- دوو جێگایە لەناو حەرەمی مەککەدا، موسوڵمانان لەکاتی حەج و عومرەدا حەوت جار لە سەففاوە دەڕۆن بۆ مەروە و دەگەڕێنەوە، لەو نێوەندەدا دوعا و زیکر دەکەن.

[8]. هەروا دوو جێگان لە عەرەبستانی سوعوودییە و موسوڵمانان لەکاتی حەجدا ڕووی تێ دەکەن.

[9]. ئەم کێوەیش کێوێکە لە عەرەبستانی سوعوودییە و موسوڵمانان لە کاتی حەج و عومرەدا سەردانی دەکەن، لە ڕۆژی عەرەفەدا واتا ڕۆژێك پێش جەژنی قوربان، لە هەندێ جێگا و ناوچەدا پێی دەڵێن ڕۆژی کوشتار، لە عەرەفەوە ناوچەی شەیتان ڕەجم کردن دەگەڕێنەوە.

شــەیتان کــەردن ڕەجــم،[١] کــەردن قوربــانی[٢]
ئامـــــان وە تــــەواف، بــــەیت ڕەببـــــانی[٣]
مــەلووح وات بــە قــەیس: نــوور دیــد[ە][٤] و دڵ
وە پــەردەی کەعبــە چــنگ بــدەر چــوون گــڵ
واچـــە یـــا ڕەبـــب، پادشـــای شـــاهان
تەوبـــە و پەشـــیمان جـــە گـــرد گوناهـــان
بــە ئــەڵتاف وێــت جــە ڕووی ڕەزا و مــەیل
بەرکـــەریم جـــە دڵ، ســـوود ســـەودای لـــەیل
قـــەیس دڵحـــەزین دەســـت بـــەرد وە بـــاڵا
چــنگ پێکــا وە زەیــل، پــەردەی بــەیت نــاڵا
وات: ئــەی خوداوەنــد، موبــەڕڕا جــە عــەیب
ســـەتتارولعیووب،[٥] پــشت پـــەردەی غـــەیب
جــە دنیـــا و عوقبــا، بــە تــۆم هــەن ئیمــان
جـــە گـــردین گونـــاه، تەوبـــە و پەشـــیمان
بغـــەیر جـــە مۆبـــەت حەقیقـــەت لـــەیلێ
زیادتـــەر بـــۆ جـــە دڵ، جـــە ســـابێق خـــەیلێ

---

[١]. شەیتان ڕەجم کردن: ڕوکنێکە لە ڕوکنەکانی حەج و موسوڵمانان دوای ئەوەی لە کێوی عەرەفە هاتنەوە، ئەچن شەیتان ڕەجم ئەکەن و ئەو ڕوکنە ئەنجام ئەدەن.

[٢]. دوای ئەوەی شەیتان ڕەجم کرا، موسوڵمانان مەڕێك یان بەرانێك ئەکەن بە قوچ بۆ ئەوەی کەموکوڕی حەجەکەی پێ تەواو بکات.

[٣]. موسوڵمانان دوای ئەوەی هەموو کارەکانی حەجی تەواو کرد، چەند ساتێك پێش ئەوەی بگەڕێتەوە ناوچە و شار و وڵاتەکەی خۆی، ئەڕواتە نێو حەرەمی مەککە و تەواف ماڵئاوایی ئەکات و ئەمجا ئەو شارە جێ ئەهێڵێت.

[٤]. لە ئەستنووسەکەدا لەبیر کراوە.

[٥]. داپۆشێنەری گوناه و تاوان، سیرپۆش.

چـــوون جـــه ســـــوورەتش ســـــانعم دیـــەن

پـــــەی عەشـــــق لـــــەیلیٚ، مـــــانعم نیـــەن

شەرت هەر ئەو شـەرتەن، پـەی لـەیلم کـەردەن

بازگەشـــتیم نیـــەن تـــا بـــە ڕۆی مـــەردەن

ئێـــد وات و بەرشـــی، جـــە یانـــەی حـــەرەم

ڕوو کـــەرد وە ســـارا،[1] دەروون پـــەڕ جـــە غـــەم

بـــابۆش ئەساســـەی ســـەفەر پێـــچاوە

چـــەنی هامڕاهـــان شـــی وە کـــەجاوە

ســـــــواران خێـــــڵ، ڕوالان بـــــە دەو

قـــەیس دیـــان نـــە کـــۆ، گێـــرتن دەور ئـــەو

ئامـــان دەســـت و پـــاش بکـــەران وە بەنـــد

واتـــش: بـــە یـــاران لێـــو بـــە شـــەکەرخەند

ئێـــوە و خوداتـــان، مـــن خـــار خەســـتەم

جـــە ڕووی بـــێ ڕەحمـــی نەکـــەن دەستبەســـتەم

بـــابۆش بـــە زاری گێـــرتش نـــە ئـــاغووش

واتـــش: ئـــەی فەرزەنـــد! دارای عـــەقڵ و هـــووش

ڕاگـــەی بەدبـــەختی مـــەگێرە نـــە وەر

مـــاوەرووم پـــەرێت لـــەیل نازپـــەروەر

قـــەیس بـــی خـــاتر شـــاد، دەروونـــش جۆشـــا

دمـــای چـــەندین شـــێعر، لێباســـش پۆشـــا

---

[1] ـ لە دەستنووسەکەدا نووسراوە (صارا) دیارە کە هەڵەیە و ئەمەیش یەکێکی ترییە لە هەڵەکانی نووسەرەوەی دەستنووس، لە چەند جێگایەکدا ئەم وشەیە بەم شێوەیە نووسراوە.

شـــی وه پـــشت زیـــن جـــههان پـــهیماوه
چـــهنی ڕەفیقـــان، هـــهی بـــه دمـــاوه
ئامـــان وه یانـــه، بـــه خۆشـــی و شـــادی
ئێـــڵ ئامـــان وه پێـــشواز موبـــارهك بـــادی
مـــهلووح مێهمـــانی مێهمانـــان کـــهردش
هـــهر کهســـیٚ پـــهی وێـــش تهبـــهڕڕوك بـــهردش
جـــه دمـــای تهبـــهڕڕوك، وروود حوججـــاج
مـــهجنوون بـــی مـــهلبووس، زەریـــهفت دیبـــاج
بـــرا و خاهـــهران، پـــدەر و مـــادەر
شـــاد بـــوون بـــه ئـــهڵتاف، قـــهییووم قـــادر
قـــهومان و خوێـــشان، عـــامری فـــهرجام
ئامـــان وه ســـهرکار، لـــهیل جـــهمین جـــام

رفتن ملوح پدر قیس به خواستگاری لیل[1]

(شـــیخ القبیلـــه) بـــانووی بـــانوان
چـــهند خـــاتوون خـــاس، جـــه پـــیر و جـــوان
بزورگـــان قـــهوم، ئێـــڵ عـــامری
ســـهران ســـپای جهرگـــهی ئـــامری
بـــه ســـهد تـــهدارهك، هـــهدایا و ئـــیخلاس
درهـــهم و دینـــار، گـــهنج بـــیٚ قیـــاس

[1]. ڕۆیشتنی مەلووحی باوکی قەیس بۆ خوازبێنی لەیلیٚ.

سەد ئوشتر تەمام، چەنی سارەبان[1]
بەردن وە بارەگای سەدر عارەبان
مەهدی شاه نەبی، وەلی خانێ بێ
جە بەنی عامر، یەك سوڵتانێ بێ
زانا وە ئامان مەلووح ئەمیر
چەنی بزورگان، چەند ڕەوشەن زەمیر
لوا وە پێشواز، وە چەندین ئێعزاز
پیادە کەرد ئەمیر بە سەد عێزز و ناز
گا و گەردوون کەردن پەرێ بانوان
بە ئێکرام خاس، وە مەنزڵ لوان
دمای تەعاروف، ڕەسم مێهمانی
پەزیرایی خێڵ، بە میزبانی
مەلووح و یاران، [دمای][2] حەیس و بەیس
تەقازای وەسڵت، لەیل کەردەن پەی قەیس
مەهدی وە ئێکرام هورێزا وە پا
وات بە ئومەرا و سەران سپا:
(ایُها الأمیر)، شای عامریان
گۆش دەران بە عەرز، بەندەی دڵ بریان
کناچەم کەنیز، خاسەی ئەمیرەن
نەژاد و نەسەب، ڕەوشەن زەمیرەن

[1]. لە دەستنووسەکەدا نووسراوە: (صاربان)، لە ڕاستیدا وشەکە بە (ساربان) دەنووسرێت.

[2]. لە دەستنووسەکەدا نەهاتووە.

جـــه بـــەنی ئـــەعمام، ئـــەو خانـــەوادەن

ئێـــدێ فـــەردێ عـــادی، ئـــەوە شـــەهزادەن

ئـــەووەڵێ: کەفائـــەت نیـــەن جـــە میـــان

بـــە فـــەرموودەی وێـــش، ئـــەمارەت بونیـــان

ســانی: قــەیس هــەر چــەند ئاراســتەی فامــەن

شــەهزادەی بــێ عــەیب، خــەیلێ خودکامــەن

ئـــەو مائێـــل نیـــەن بـــە کـــەدخودایی

عـــەیاڵ و ئـــەولاد، یـــا پادشـــایی

عاشـــــقانەوار مەواچـــــۆ ئەشـــــعار

پـــەی شـــاهزادەگان ئێـــدەن عـــەیب و عـــار

ڕوســـوایی وێـــش و قـــەوم و قـــەبائێل

بـــێ تەرزیـــە، نـــەفس کـــەرۆ وە ســـائێل

ئـــی کـــار و کـــردار مایـــەی مـــەجنوون[ەن][1]

ســەودایێ بــەو تــەور، بەدتــەر جــە هوونــەن

سالێـــسەن: عەیبـــەن وێتـــان مـــەزانان

وەســـڵت مەعـــشووق دوو نـــەو جـــەوا[نـــا][2]ن

مـــــەبۆ بـــــە وات وات دەور زەمانـــــە

ئـــەعراب قـــەبایل لـــێم مـــەدەن تانـــە

---

[1]ـ لە دەستنووسەکەدا نووسراوە: (مەجنوون) و لەگەڵ سەرواى نیوەکەی تریدا یەك ناگرێتەوە و لەنگ دەبێت، دەبێت بە (مەجنوونەن) بنووسرێت و ئێمەیش هەروامان لێکرد.

[2]ـ لە دەستنووسەکەدا نووسراوە: (جوان) و لەگەڵ سەرواى نیوەکەی تریدا یەك نایەتەوە و لەنگە، دەبێت بە (جەوانان) بنووسرێت و ئێمە هەروامان بە باشتر زانی و دامانناً.

دامـــاد عـــەرووس [بـــەرد][1] بـــە دۆســـتداری
یـــەك ئـــەمر مـــوهێم جـــە بـــەین هـــەن جـــاری
ئـــی وەســـڵەت مـــەوكوول بـــە وەقتـــەن تـــاقی
قـــــەومی قـــــەدیمی بمـــــانۆ بـــــاقی
ئـــی نـــەوع وێـــساڵ گـــرد موســـتەعارەن
پەی شـــا و ئێـــوە و مـــن، هـــەر عـــەیب و عـــارەن
ئێـــدەن عـــەرز مـــن، تەقـــدیم وە لاتـــان
یـــە ســـەر، یـــە شمـــشێر، چێـــشەن ســـەلاتان؟!
منـــیچ یـــەك ســـەرباز كەمەنـــد وە پـــێڵم
وردیتـــەر ئـــەفراد، قەبیلـــە و خـــێڵم
جـــە واتـــەی مەهـــدی شـــاه و نـــەدیمان
جوابـــشان نـــەبی، گـــرد بـــین پەشـــیمان
قـــەبووڵ نەكـــەرد هـــیچ ســـێلله و هـــەدایا
مەزیـــد كـــەرد بـــە ئـــەو چـــەندێ مـــەزایا
واتـــش: بـــە دوعـــا یـــا دەوای تـــەبیب
بـــەڵ عـــێلاج كـــەران ئـــەو قـــەیس حـــەبیب
لـــوا نـــەو [وە][2] پـــەس مـــات و پەرێـــشان
گـــردین پەشـــیمان، جـــە واتـــەی وێـــشان
ئامـــان وە ســـەركار، قـــەیس دێوانـــە
وە ســـەد نەســـیحەت، قـــەوم و بێگانـــە

---

[1]. لە دەستنووسەكەدا نەهاتووە.

[2]. لە دەستنووسەكەدا نەهاتووە.

خاستەر بان سەد بار جە لەیل مەهدی
ماوەرین پەرێت بە شیرین عەهدی
بە شەرتێ ئی خووی دێوانە دەستوور
بەرکەری جە دڵ، جە خاك بۆ مەستوور
جە نەوعەرووسان سەوڵ نازپەروەر
بوتان دڵبەر، گیان و ڕۆح پەروەر
جە یاقووت لەبان، سیمین بناگۆش
غالیە پاشان، زیبای قەسەب پۆش
ماوەرین جە ئەو خوجەستە نامان
غەزاڵی هەردە، ئاهووی خەرامان
یاریێ وە یاری دڵت بنازۆ
چوون شەکەر و شیر چەنیت بسازۆ
بە واتەی مەهدی تەمام مێهتەران
جە ڕووی ڕاستی، بیەن دڵگران؟!
ئی دۆسی، ئاخرش دوشمەنی[ش][1] مەیۆ؟
کێ جە عاقیبەت، ئەیمەنیش مەیۆ
مەجنوون چوون ئەژنی ئی هەواڵ سەخت
بەدبەخت بی بەدبەخت، وێش کەرد وە بەدبەخت
جە قەد و قامەت بەرگش پارە کەرد
جە قەوم و جە خوێش، وێش ئاوارە کەرد
گرەوا بە زار، مەوانا ئەشعار
جە مەدح لەیلێ بە شیرین شوعار

[1]. لە دەستنووسەکەدا لەبیر کراوە.

مەوات غەیر جە تۆ لەیل خۆش خەرام
وەسڵ مەحبووبان جە من بۆ حەرام
لەیلێ جە ئی حاڵ ماتەم و مەئیووس
جە شادی مەحرووم، جە غەم بی مەئنووس
قەیس و لەیل هەردوو بە خجڵەوە
سەنگ سیای سەرد دان بە دڵەوە
لەیل جە بەدبەختی و کەم دەسەڵاتی
قەیس[1] جە قسەی تەڵخ هەم خجەڵاتی
وات: ئەووەڵ بابۆی بوڵەند پایگاه
جە نەی ئەمارەت مەکەرۆ نگاه
بە تیغ و سپەر، موهێممات جەنگ
بەعدەن بە ماڵ و گەنج گرانسەنگ
ڕەویەی خوێشیەن، ڕەسم دامادی
نەك شەهزادەگی و ئەفراد عادی
خۆ کەنیز نیەن، لەیل خاتر تەڕ
سوڵتان بابۆش بفرۆشۆ بە زەڕ
ئێدێ وات و گنا خامۆش و مەدهووش
چوون مەرد[ە]،[2] زەمین گرت نە ئاغووش
قەومان و خوێشان ڕواڵان بە دەو
بە شیوەن گێرتن دەورادەور ئەو

[1]. لە دەستنووسەکەدا بە (قیص) نووسراوە، دیارە کە هەڵەیە و لەڕاستیدا خۆی بەم شێوەیە دەنووسرێت: (قیس).
[2]. لە دەستنووسەکەدا لەبیر کراوە.

ئاوەردنـــــەو یانـــــە بـــــە زاری و زگـــــار
ویـــــاران بـــــە غـــــەم، بەســـــی ڕۆزگـــــار
شـــــەب و ڕۆ ئەشـــــعار عاشقانەســـــووز
مـــەوات چـــوون بولّبـــولّ، نـــەوای دلّئـــەفرووز
ڕۆژێ بـــــی ســـــەوار جـــــەمازەی هـــــەوار
بـــە دیـــدەی یـــاران، هەفتـــەی بـــی پێـــوار
کـــەژ و کـــۆی کەمـــەر، بەیـــدی و بیابـــان
مـــــەدا وە پـــــاوە، تونـــــد و شـــــتابان
تا[1] یـــــــاوا بە دەشـــت[2] دامنـــەی دوجـــەیل
هەوارگـــەی مەخـــسووس پـــەی خێلّخانـــەی لـــەیل

شدت عشق قیس و رفتن به کوه دوجیل و ندیدن لیل[3]

دیـــا کـــەس نیـــەن نـــە هـــەوارگای خـــەیل
نـــە گـــا و گوســـفەند، نـــە چـــادر نـــە لـــەیل
نـــە بـــز نـــە ئوشـــتر، نـــە خـــێلّ نـــە حەشـــەم
جـــای کۆمـــار ئێـــلّ، نگـــاه کـــەرد وە چـــەم
غـــەیر جـــە بـــانگ بـــووم نـــەعیق غـــوڕاب
نامـــا وە گۆشـــش جـــەو تـــیرەی تـــوراب
ئاتـــــەش خـــــامۆش خاکـــــستەرجاهان
نـــە جـــای خێلّخانـــە و خەیمـــە و خـــەرگاهان

---

[1]. لە دەستنووسەکەدا نووسراوە (یا) و هەڵەیە.
[2]. لە دەستنووسەکەدا نووسراوە (دەست) و هەڵەیە، دەبێ (دەشت) بێت.
[3]. گرگرتنی خۆشەویستی قەیس و ڕۆیشتنی بۆ کێوی دوجەیل و نەبینینی لەیلێ.

دڵ ئاوەرد بە هەم دەروونش بی کەیل
مەوانا ئەشعار موخاتەبش لەیل
واتش: تۆ لوای، فیراقت نە دڵ
مەندەن چوون کاروان ئاتەش نە مەنزڵ
بووم و بایەقوش، کەلاغ و زاغان
هەوارگای بەرز بەرزەدەماغان
بەعزێ مەگرەوان، بەعزێ ئاوازە
مەواتەن، دڵەی مەلوول بی تازە
قەیس بی خەجاڵەت پەڕ حوزن و مەلاڵ
دیا چووپانێ جەو تەپە و تەلاڵ
گەللە و گوسفەند ئاوەرد بە چرا
سەلام کەرد ئەدەب بەرابەر مدرا
مەجنوون دمای ڕەد سەلام و سەفا
پەرسا جە ڕاعی، برای با وەفا؟
چوونەن خەیمەگای خاڵ لاجەوەردان؟
خێڵخانەی خاسان، خارا پەروەردان؟
نازک نەوهالان، فیرووز[ە][1] خالان؟
چوون قەمەر جە هەور سای سیامالان؟
جە کۆن نازاران، هەوارنشینان؟
خەیمەو و خیابان، ئەو نازەنینان؟
وات: ئەی جەوانمەرد، ئەکابێرزادە
جەرگەی نازاران خودا پێ دادە

---

[1]. لە دەستنووسەکەدا لەبیر کراوە.

سەحەر چەنی کووس خێڵخانەی شەفەق
جۆق نازاران، جەمین گوڵ تەبەق
چێخ و چادرشان پێچا وە تاجیل
پەی کۆهـ تووباد لوان بە ڕەحیل
قەیس مشتیٚ دینار بەخشا بەو چووپان
ڕاعی ڕەهنما، ڕاگەی مەحبووبان
جەوپەی جەمازە ڕاهی کەرد چوون باد
پەی دیدار لەیل جە کۆهـ تووباد
وەخت شەفەق زەرد، وادەی خۆرئاوا
وە خەیمەگای خێڵ کۆی تووباد یاوا
(دایر البشر)[1] مەرد و جەوانان
نەبی جە هەوار ئەو پەهلەوانان
بغەیر جە زەنان چەنی کناچان
شی وە چادریٚ (بسم اللە) واچان
یەك پیرەژەنیٚ عەجووزەی ڕووی دەور
جەهان دیدەیێ، ئەدەب تەرز و تەور
زانا ئەو مەجنوون مەفتوون لەیلەن
جە فێراق لەیل، دەروونش کەیلەن
خەبەر دا وە لەیل وە موژدەگانی
واتی دان بە ئەو، ئاو زێندەگانی
لەیل شێت و شەیدا، ئاما وە دەردا
سەلام کەرد و بانگ واوەیلا بەردا

---

[1]. بازنەی مرۆیی، بازنەی لە مرۆڤ دروستکراو، بازنەیەك لە پیاو و لاو دروستکرابێت.

دمـــای شـــۆر شـــین، مـــەجنوون و لـــەیلێ
نیـــشتن چـــەنی هـــەم، فـــەراوان خـــەیلێ
ئـــاوردن بـــە یـــاد دەورەی منـــدالّی
وادەی تەحـــسیلات، علـــووم عـــالی
بازیـــچەی گلـــە، لای کۆرپـــەی ســـاوا
شـــێعر و شـــاعری، گـــرد ئامـــا و لـــوا
عـــوزر بـــێ ڕەحمـــی، بـــابۆی تەرەفـــەین
ســـەران عـــامر، دوو (ذي شَـــرَفَین)[1]
گلـــەی ڕۆزگـــار، هێجـــران فێـــراق
تـــەڵخی دوود دڵ، یـــاران موشـــتاق
وەجـــد و شـــەوق و زەوق، عەشـــق و جـــودایی
(حُـــبّ لاینفـــك)،[2] دادەی خـــودایی
عەهـــد و میـــساق و عـــەدەم ئێختیـــار
غـــەیر جـــە یـــەکترین، دۆســـتان چـــەنی یـــار
لـــەیل پـــاس نـــامووس، مـــەجنوون پـــاس دڵ
هـــەردوو پـــەی یـــەکتر، نامـــشان وە گـــڵ
دمـــای تـــەعاروف، واتـــەی ڕۆزگـــارێ
چـــەند شـــێعر واتـــن، پـــەی یادگـــارێ
ڕەد و بـــەدەڵ بـــی، ئەشـــعار مـــەکتووب
مەجنوون وێـداع کـەرد، جـە لـەیل مـەحبووب

---

[1]. خاوەن ئابروو، خاوەن شەرەف و ئابروو.

[2]. خۆشەویستیی بێ دابڕان، خۆشەویستی بەردەوام.

چەنی دەرد دڵ وە داخانەوە
ڕوو نیا نە ڕای دەوڵەتخانەوە
ئاما وە مەنزڵ، ماتەم زەدەی غەم
جە خەیاڵ لەیل خاو نەشی[1] وە چەم
والێدەش سەحەر، چەنی داغ دڵ
لوا وە باڵین فەرزەندەش چوون گوڵ
واتش: یەك هەفتەن لێم نادیاری
دیارەن دەیری دیدار یاری
وە ئاه و حەسرەت، یەك هەناسەی سەرد
تەسدیق گوفتار، مادەر وێش کەرد
تەعامێ لەتیف ئاوەردش وە بەر
نیاش وە ڕووی لێو، سەوڵ نازپەروەر
مەشغووڵ بی بە کار گریان و نەواح
فوغان و زاری، ئێوار و سەباح
جێسمش بی زەعیف، ڕەنگ زەرد و زگار
زانا پێش بابۆی خەستەی دڵ فگار
زەعیف و زگار، زەرد و ناتەوان
جەی ئەووەڵ عومر، جاهێڵ و جەوان
وات: ڕۆڵە وەسەن گریان و زاری
فوغان و فەریاد، جە بێ قەراری
مەگێرە نە وەر ڕاگەی بەدبەختی
پەی لەیل مەهدی، مەکێشە سەختی

[1]. لە دەستنووسەکەدا بە (نەسی) هاتووە و دیارە هەڵەیە و دەبێ (نەشی) بێت.

جــه وێــت پاینتــەر حەســەب تــا نەســەب
کــەی مــەبان بــە هــەم، کــەرباس قەســەب
چــەند جــار نەســیحەت پــدەری دڵــسۆز
واتم نەشــــــنەوای مــــانگ دڵئــــەفرۆز
تــا بیــت وە مێــسال جەرگــەی جــەوانان
عــەرەب و عەجــەم، مــەجنوونت وانــان
مەواچــووم پەنــەت، نــام ئــەو جــە ویــر
وێــت ببــەر تــەمام، ئــەی فەرزەنــد ژیــر
تەوبــە کــەر جــە کــار عاشــقی و جنــوون
حەیفــەن پــەرێ تــۆ، چــوون دوڕڕ مــەکنوون
جێــــسم جــــەوانیت مــــەدەری وە دەس
مــەر قاتــەن پــەری و شــۆخ دیدەمــەس
وات: نەســایحت گــردین هــەن سەرمەشــق
وەلێ دڵ پــەی لــەیل، زیــاد مــەبۆ عەشــق
ســەلیم خــاڵۆی، مــەجنوون و مــادەر
ئــامۆزاش چــەنی خــاڵۆزاش حــازەر
واتــن: عەشــق لــەیل سیاچــێهرەی دوون
مــەبۆ تــەمامی جــە دڵ کــەی بــیروون
هــەر کــەس مەواچــی بــە زەرڕیــن عەهــدی
مــاوەرین خاســتەر، جــە لــەیل مەهــدی
گــرەوا بــە زار ئامــا بــە گوفتــار
گلــە جــە ئــەقوام، کــردار و ڕەفتــار

واتش: ئەقرەبا و نەزدیکان من
نوور بینایی، دیدەگان من
بابۆم و خالۆم، تەمام ئامۆزام
ئەدام و واڵێ،[1] تەمام خالۆزام
بە سەد سەرزەنش مەگێران خەتام
جە عەشق لەیلێ، یار بێ هەمتام
مەواچان بە لەیل سیای حەبەشی
مەر مەبۆ وە عەیب، پەی مەحبووب ڕەشی
ئەر مەبۆ وە عەیب، موشک تاتاری
نمەبی وە تەیب، تەبڵەی عەتتاری
مەواچان بدێە بە لەیل چوون دوشمەن
لەیلێ سەرمایەی عەقڵ و هۆشمەن
بابۆی ئەو لەیلش نەفرۆشا وە زەڕ
بابۆی من بێ مەیل، لەیل خاتر تەڕ
جە من بەدبەختتەر، بێ دەستەڵاتەن
هەردوومان حێرمان، خەممان خەڵاتەن
کاش نەسیم سوبح تەحییە و سەلام
من مەوەرد پەی لەیل، ئەو ماوەرد وە لام
وەی تەورە ئەشعار بە ئاواز بەرز
مەوانا نەغمەی موغەیلان تەرز
ئەوان لوانەو هەر یەک پەی مەنزڵ
قەیس شی بە سەحرا، چەنی دەرد دڵ

---

[1]. لە دەستنووسەکەدا نووسراوە: (واصی) و دواتر کراوە (واڵێ). ئێمە دەستەواژەی دووەممان بە دروستتر زانی.

دیش ئاهوو بەڕە وە ناکامەوە

گیرەن وە حەڵقەی تۆڕ دامەوە

بۆسا دوو دیدەی غەزاڵ ناکام

باز کەردش تەڵە، ڕەهاش کەرد جە دام

سەییاد ساحێب دام شکاری

ئاماش کەرد خێتاب وە نابەکاری

واتش: دێوانان کاری وەی تەورە

نەکەردەن، قەیس کەرد ئی زوڵم و جەورە

بەعزێ دینار و لێباس سەڵاح

دا بە ئەو سەییاد، چەنیش کەرد ئێسلاح

وات: حەیفەن ئاهوو جە دام بمانۆ

دیدەش چوون دیدەی لەیلێ مەنمانۆ

ئیسە جفت ئەو سەرگەردان و وێڵ

ماتەم و غەمگین، دەیری و ئەراگێڵ

بازە، ڕەها بۆ، غەزاڵ هەردەن

ئەویش وێنەی قەیس، لەیلێ گوم کەردەن

جە ئەو شکارچی، هێممەتخاهی کەرد

وێڵ و سەرگەردان، ڕوو بە ڕاهێ کەرد

دیا گەوەزنێ خەستە و ناتەوان

ها وە دامەوە، بێ دەم و دوان

گەرد و خاک نە ڕووی شاخ و دیدە و دەم

ماڵاش، ڕەهاش کەرد، بۆساش هەردوو چەم

وات: تۆیچ شێوەی دیدەی لەیل پێتەن
بشۆ بە ڕاوە، هەر کۆ مەیل وێتەن
کاش ئێوەش سەلام مەن [و][1] گەرمی مەیل
مەکیانان وە عەرز، ئاستانە[کە][2]ی لەیل
نەوجاە ڕاهی بی، وادەی بیێ وەختێ
ڕەجل: (١) پیاو، کەسیٚ، یارۆ، فیرار. (٢) پا خستنە بەر پای کەسێك و گەیشتن بەرپای ئاو. (٣) زامار بوو. (٤) پا، قەدەم. (٥) گەورە.

ڕەحیق: شەرابی پاك و خاوێن.

ڕەحیل: ڕۆیشتن، کۆچکردن.

ڕەخت: شتومەك و ڕاخراوەی ماڵ، کەرەستەی ناوماڵ، پۆشاك، لیباس، جلوبەرگ.

ڕەزم: شەڕ، جەنگ، هەرا.

ڕەستاخێز: حەشر، زیندوبوونەوە، ڕۆژی دوایی، ڕۆژی قیامەت، ڕۆژی حەشر، ڕابوونەوەی پاش مردن.

ڕەسم: داب و نەریت.

ڕەشك: ئیرەیی، حەسوودی.

ڕەعد: گرمەی هەور، هەورەگرمە، بزیسکەی هەور، تریشقەی هەور، هەورە تریشقە، چەخماخە، هەورە برووسکە.

ڕەغم: ویست، ئارەزوو، حەز و ئارەزوو.

ڕەقەم: (١) ژمارە، خاڵبەند. (٢) پلە.

ڕەقیب: بەربەرەکانێ کەر، ملەکەر، ململانێ کەر، هەرکام لەو کەسانەی کە بۆ گەیشتن بە ئامانجێك کێبەرکێیانە.

ڕەم ڕەم: دەستە دەستە.

ڕەم: رم، ڕەو، کۆچی بە کۆمەڵ، سڵەمینەوە، ڕەوی سڵکەر.

ڕەمز: نیشانە.

ڕەند: پیاوچاك، پەسەند، باش، چاك.

ڕەها: بەرەڵلا، ڕایی، ڕەوا، ڕەوا زانین.

ڕەهبەر: ڕابەر، ڕێنیشاندەر.

ڕەهگوزەر: ڕاگوزار، ڕێگای هاتوچۆ، ڕێی هاتوچۆ.

ڕەهوار: تیژڕەو، خۆش ڕەوت.

ڕەواج: برەو، قیمەتی هەیە، قیمەتدارە.

ڕواسان: ڕێویەکان.

ڕەوانی: ڕوون، ڕەوان قسەکردن، ڕوون قسەکردن.

ڕەوزە: باخچە.

ڕەوشەنتەر: ڕۆشنتر، ڕووناکتر.

ڕەویە: (١) بیر، فیکر، ئەندێشە، هزر. (٢) ڕەوت، شێوە. (٣) ڕێگە.

ڕەیاح: کۆی وشەی (ریح)ەی عەرەبییە، (١) بادەکان. (٢) با، بای نەرم، سروە، نەسیم.

ڕەیاحین: کۆی وشەی (ڕەیحانە)یە، دەکرێت کۆی وشەی (ریحە)یش بێت، گوڵ و بۆنی خۆش، ئەو گوڵانەی بۆنی خۆشیان هەیە و بۆنیان لێ دروست دەکرێت.

ڕەئفەت: میهرەبانی، خۆشەویستی.

ڕەئی: ڕا، ڕاوبۆچوون.

ڕجووع: گەڕانەوە.

ڕەشتە: ڕیسمان، پەیوەندی، تار، سلسلە، خەت.

ڕۆ: ڕۆژ.

ڕوالآن: چوون، ڕۆیشتن.

ڕوباب: شاشەك، ڕۆبابە، سازێکی کۆنی وەکو تارە.

ڕوخ: ڕوو، ڕوخسار.

ڕوخسەت: ئیجازە وەرگرتن، ڕوخسەت خواستن.

ڕوفەقا: کۆی وشەی (رفیق)ی عەرەبییە، واتە هاوڕێیان، هاوڕێکان.

ڕوو نیا: ڕووی کردە، ڕووی نا.

ڕووات: کۆی وشەی (ڕاوی)ی، ڕیوایەتکەر، ڕیواتگێڕ، ڕاوییان.

ڕووزگار: ڕۆژگار.

ڕۆییوەن: ڕۆژێکە.

ڕێزا: (١) ڕژیا. (٢) وەران، وەری، هەڵوەری.

ڕێش: بریندار، زامار.

ڕێکاب: ئاوەزەنگی، هاوڕکێف، عەڵقەیەکە لە ئاسن بۆ جێ پێی سوار.

ز

زاد: بژێوی سەفەر، بژێوی ڕێگا و بان، تووشە، تێشوو.

زاغ: قالاو، قەلەڕەشە، قەلەڕەش.

زاڵە: کیسەی زەرداو، زراو.

زاڵەترەك: لە هەردوو وشەی (زاڵە+ترەك) پێکهاتووە، زاڵە: واتە کیسەی زەرداو، زراو، ترەك: واتە تەقین، واتە زاڵەتەقین، زاڵەی بتەقێت.

زاناشان: زانیان.

زانوو: چۆك، ئەژنۆ.

زایەڵە: زایلە، شیوەن و گریان.

زبەردەست: بە دەستوبرد، تەوانا، توانا، باڵادەست، خاوەن وزە و تاقەت.

زەخم: برین، زام، بیمار، بریندار.

زەڕباف: بە زێڕ دووران، بە زێڕ دروستکراو، بە زێڕ چنراو.

زەڕبەفت دیباج: قوماشی ئاورێشمی کە زێڕی تێدا چنرابێت.

زەرەر: زەرەر و زیان، زیان.

زەڕ: زێڕ. ئاڵتوون.

زەڕڕتار: پارچەیەك كە تار و ڕایەڵی لە ئاڵتوون بێت.

زەروور: پێویست.

زەڕڕین: زەرد ، ئاڵتوونی.

زەعیف: لاواز، لەڕ و لاواز.

زەغەن: باڵدارێكی شكارییە و لە شێوەی بازدایە.

زەفەر: زاڵبوون، پەی پێ بردن.

زەكاو: زەكاوەت، بیرتیژی، بیرتیژ، فكرتیژ.

زەكاوەت: بیری تیژ، بیرتیژی.

زەلیل: داماو، بێ دەسەڵات.

زەنان: كۆی وشەی (زەن)ە، ژنەكان، ژنان.

زەنبەق: زەمەق.

زەنەخ: چەناگە ، چەناكە.

زەنەخدان: چاڵی ژێر مل، تینی گەردن و مل، چەنە ، چەناگە.

زەنگی: ڕەش.

زەوق: دڵخۆش.

زریان: لافاو و تۆفان و باوبۆران.

زشت: ناشرین.

زگار: خەم، خەفەت، زویر، زیز بوون، عاجز بوون، عاجز، دڵ تۆراو.

زنج: چەنە ، چەناگە.

زوجاجە: پارچەیەك شووشە.

زۆر: هێز ، دەسەڵات.

زوغاڵ: زووخاڵ.

زووتەر: زووتر.

زوخاو: خوێن و كێم تێكەڵاو.

زویر: عاجز، کز و خەمگین

زی مەراحێم: خاوەن مەرحەمەت و میهرەبانی.

زیادتەر: زیاتر، زۆرتر.

زیبا: جوان، قەشەنگ.

زێمە: بڕیار و پەیمان.

زین: جلی پشتی ئەسپ کە لە دار و چەرم دەکرێ.

زێندان: زیندان، بەندیخانە.

زێندەگانی: ژیان.

زێهن: مێشك، فکر، هزر.

ژ

ژار: زەهر، ژەهر.

ژاغچە: قەلەباچکە.

ژاڵە: کینایەیە لە دلۆپەی باران.

ژەرف: قووڵ.

ژوولیدەن: تێکەلاو، تێکهالاو، گژ، ئالۆز.

ژیر: عاقڵ، لێزان، وریا، ورت و وریا.

ژین: ژیان.

س

سابێق: لەپێش، ڕابردوو، بەر لە ئیستا.

ساتوور: ئامرازی دەستی گۆشتفرۆش بۆ هەنجنین و پارچە پارچەکردنی گۆشت.

سادار: شێت، دێوانە، لێوە.

سادق: ڕاستگۆ.

سار: مەلێکی بچکۆلەیە و لە چۆلەکە کەمێك گەورەترە، زیاتر کوللە دەخوات.

سارەبان: وشتردار، ئوشتر کێش، حوشتردار، حوشتر کێش، ئەوەی سەرقافڵەی کاروان دەکات.

سازان: ڕێکی خست، دروستی کرد، ئامادەی کرد.

سازیان: پێکهاتن، سازان، ساچان، گونجان، سازان پێکەوە.

سافتەر: سافتر.

ساقسپەر: قەڵغن، جۆرێك کەرەسەی شەڕ و شۆڕە.

ساکێنان: دانیشتووان، نیشتەجێبووان.

سالێسەن: سێیەم، سێهەم.

سان: (١) چەك و ئەسبابی جەنگ. (٢) سامان و دەسەڵات، سامان و کەل و پەل. (٣) باج و خەراج. (٤) نمایشکردنی سپا.

سانا: سەندی، وەری گرت، لێی وەرگرت.

سانێع: دروستکەر.

ساوا: منداڵ، ماڵی ساوا، منداڵی تازە لە دایکبوو.

سایە: سێبەر، سێوەر، سایە.

سائێل: گەدا، فەقیر، خوازەڵۆك، سواڵکەر.

سەباح: بەیانی.

سەبت: نووسین.

سەبووح: ئەو شەرابەیە کە لە بەیانیاندا دەخورێت.

سەبووری: ئارامی، خۆگری.

سەبوون: ئیستیعارەیە بۆ شەرابی گەرمی ناو گۆزە.

سەتووەت: باڵادەست، توانایی، بەهێزی.

سەحەر: بەرەبەیان، بەیانی، سپێدە، بەیانی زوو.

سەحەرخێز: زوو هەستانی بەیانیان، ئەو کەسەی بەیانیان زوو هەڵدەستێت.

سەحف: نامەکان، نووسراوەکان، کتێبەکان، پەرتووکەکان.

سەخا: سەخاوەت، بەخشندە، سەخی، دەستبڵاو، خێرکەر، ئەوکەسەی ئارەزووی لە چاکەیە.

سەخت: ناخۆش.

سەدر: (١)لای سەروو. (٢)سینە.

سەراسیمە: سەرسام، سەر لێتێکچوو، پەشۆکاو.

سەران: گەورەکان.

سەراو: کانی.

سەرجۆش: (١) بەرکولّ، سەرکولّ. (٢) پوختە، کورتە. (٣) هەلّچوون.

سەرحەد: سنوور.

سەرخیشان: کۆی وشەی (سەرخیش)ە، واتە: سەری شەن.

سەرزەنش: ئامۆژگاری، سەرکۆنە.

سەرسنان: سەری نێزە، سەری تیر، نووکی تیر.

سەرف: کەناری گرت، لێی دوورکەوتەوە.

سەرفراز: سەربلّند.

سەرکار: گەورە، پیاو ماقوولّ.

سەرنامە: سەرەتای نامە.

سەرنەی: سەرەنێزە.

سەرنگوون: سەرنوقوم، سەرەوبن، سەرەوخوار.

سەرواز: سەرباز.

سەریر: تەخت، تەختی پاشایی، کورسیی دانیشتنی پاشایان.

سەگلاوی: جۆرێك ئەسپی ڕەسەنە.

سەعادەتخا: خوازیاری بەختەوەریی و کامەرانی.

سەعدان: (١) ناوی شارێکە، دەکرێت ئەسپی شاری سەعدان لەو دەمەدا بەناوبانگ بووبێت. (٢) گیای سێ پەڕە، ئەو جۆرە گیایەیە کە سێ پەڕەی هەیە و حوشتر دەیخوات. (٣) مەبەست لە هەردوو ئەستێرەی مشتەری و زوهرەیش بە دەستەوە دەدات.

سەف سەف: ڕیز ڕیز.

سەف: ڕیز.

سەفارش: داواکاری کردن، داوخوازی کردن، سپارەیی، ئەسپاردەیی.

سەفحە: لاپەڕە، شێوە، ڕوومەت، ڕوو.

سەفرا: زەرداو، کەف و لینجاو و ئاوی گەدە.

سەقمە: نەخۆشی، بیماری.

سەقیف: سەقیف یا سەقەفی، هۆزێکی عەرەبییە و ئیبن سسەلام سەر بەو هۆزە بووە.

سەلا: مەسڵەحەت، وا باشترە، وا چاکترە، وا قازانجە، بەم شێوە بە سوودە.

سەلەحشۆر: کەسی بە ئازا و بە جەرگ، دلێر.

سەلوا: جۆرە باڵندەیەکە پێی دەوترێت کەرەواڵە.

سەلیقەداران: خاوەن سەلیقە، ئەوانەی ئاوەز و فامی جوانیان هەیە.

سەماع: هەلەکا، هەلکە، جەزمە، حاڵ، سەمای دەروێشان.

سەمتوور: سەنتوور، سەنتیر، ئامێرێکی مۆسیقایە.

سەمع: هەستی بیستن، گوێ، گۆش.

سەمووم: گڕە، گەرمای زۆر بەتین.

سەنا: شوکر، شوکرانەبژێری.

سەندووقچە: سەندووقی زۆر بچووم.

سەنگ: بەرد.

سەهەند: سێبەری خەستیدار.

سەهی سەرو: سەوڵی بەرز و ڕێکوپێك.

سەوا: جگە، بێجگە.

سەواران: سوارەکان.

سەوبان: شیفا، شفا، گەڕانەوەی تەندروستی باشتر بۆ نەخۆش.

سەوت: دەنگ، ئاواز.

سەودا: مامەڵە، کڕین و فرۆشتن، سۆز و ئارەزوو.

سەوگەند: سوێند، پەیمان.

سەوگەندوەران: سوێندخۆران، سوێن خۆرەکان، قەسەمخۆران، ئەوانەی سوێند دەخۆن.

سەوڵ: سەرو، دارێکی ڕێك و جوانە کە بەژنی نازدارانی پێ دەشوبهێنرێ.

سەیاح: دەنگ و ئاواز، بانگ و سەلا، هاوار و داد.

سەیحە: بانگ، هاوار.

سەیل: لافاو.

سەیلان: کۆی وشەی (سەیل)ە، لافاوەکان.

سەییاد: ڕاوچی، ڕاوکەر، نێچیروان.

ستانا: سەندی، وەری گرت، کڕی، ئەستاندی.

ستێز: (١) شەڕ، هەرا. (٢) هاندان.

سپەر: قەڵغان، قەڵخان.

سپەرد: سپارد، ئەسپارد.

سپەند: ئەسپەند، گیایەکە کاتی سووتاندن دووکەڵێکی بۆنخۆشی لێوە دێت.

سرەفتە: ئۆقرە گرتوو، ئارام.

سرشت: (١) خۆڕسك، سرووشت. (٢) ئاکار، خوو.

سروور: شایی و خۆشی، شادیی و خۆشی.

سزا: ئازار.

سفتە: سووتاو.

سفید: سپی.

سکووت: بێدەنگی.

سلووك: ڕۆیشتن لە ڕێیەکەوە، ڕۆیشتن لە ڕێگایەکەوە، وتنی مەقامگەلێکی تایبەتە کە سالیکان یا ڕێبواری عارف و خواناس بە مەقامی وەسڵ و فەنا دەگەیەنێت.

سننان: جۆرێك نەخۆشییە، گرێیەکی ڕەقە و بۆ جوێنیش بەکاردێت، وەکو دەڵێن سننان بخۆی، یان دەڵێن سننان لێی داوە.

سوب: بەیانی، سبەینێ.

سوخەنوەران: کۆی وشەی (سوخەنوەر)ی فارسییە، شاعیران، قسەزانان، زمان پاراوان، ئەوانەی قسەزان و لێهاتوون لە قسەکردندا.

سۆراخ: گەڕان، بەدواداچوون.

سورخی: سووری.

سورمە: کل.

سورمەدووز: بە ڕەنگی نیلی دووراو.

سوڕنا: زووڕنا، ئامێرێکی مۆسیقایە.

سۆزا: سووتا.

سۆسەن: سۆسن، سووسن، سوێسن، سوێسنە، گوڵێکە بە چەند ڕەنگ دەبێ.

سووگوار: ئازیەتبارە، خەفەتبار، تازیەدار، پرسەدار.

سوفتە: کون تێکردنی گەوهەر و مرواری.

سونعێوەن: دەستکردێکە، بە شێوەیەك هۆنیویەتەوە.

سوهەیل: سیوەیل، سووەیل، ناوی ئەستێرەیەکە.

سوو: (١) لا. (٢) ئاو و ڕۆشنایی، ڕووناکی. (٣) بەیانی، سپێدە.

سوورەت: وێنەی، ڕووخسار.

سووف: جۆرێك بەنە لە خوریی دروست دەکرێت، دواتر بۆ جلوبەرگ بەکاردەهێنرێت یان دەیچنن.

سەبات: خۆڕاگری، خۆڕاگرتن، ئارامگری.

سیا: ڕەش.

سیابەرگ: بەرگ ڕەش، جل ڕەش.

سیاتەر: ڕەشتر.

سیازاغ: قەلەڕەش.

سیاستارەم: چارەڕەش، بەخت ڕەش.

سیاچیهرە: چارەڕەش، بەخت ڕەش.

سیاکۆڵ: کینایەیە بۆ کەسێك خەمی زۆر بێت، خەم بە کۆڵ.

سیامالان: ڕەشماڵان، چادری ڕەشی خێڵ.

سیای سەنگ: بەردی ڕەش و سەخت.

سیب: سێو، سێف.

سێباع: دڕندەکان، ئاژەڵی دڕندە.

سێدر: دارێکی گەرمەسێریی هەمیشە کەسکە، گەڵای دەڕنن و بۆ خۆشتن کەڵکی لێ وەردەگرن.

سێراب: تێراو، پاراو.

سێڕڕ: نهێنی، شاراوە، پەنهان.

سێفەت: خوو و ڕەوشت، کردار.

سەیلاو: سەیلاو، لافاو، ئاوی بە تەوژم کە پاش باران دێت.

سێللە: ڕێز، ڕێز و خۆشەویستی.

سیماب: جیوە.

سیمین: نوقرەیی، ئالتوونی، سپی.

سێوەنگ: ڕەش، زۆر ڕەش، پەیوەست.

ش

شاخە: پەلك، پەل، بەشێك لە لاستیکی دار، شریخە، گوڕە و هەرا.

شادابی: تەڕ و تازە، ئاودار، تێرئاو.

شاشێعر: شیعری زۆر جوان و بەهێز.

شامڵ: کامل، تەواو و بێ کەموکورتی، گەورە.

شانا: وەشاندی.

شانان: کۆی (شان)ە، سەرشان.

شاهۆ: شاف، مەلێکی لنگ درێژی باڵ شینە و لە گوێی ئاودا دەژێت.

شاهین: لاچین، باڵندەیەکی دڕندە و بەهێزە.

شاهینان: کۆی وشەی (شاهی)یە، شاهێن، باڵندەیەکی دڕندە و بەهێزە.

شایستە: شیاو، لایەق.

شایع: بڵاو، پەخش.

شایلۆغان: هەڵپەرکێ و شایی و خۆشی...

شەب: شەو.

شەدە: (١) مشکی، سەرپێچ، پارچەیەکی ڕەش یان سووری تۆخە، ژنان و پیاوانی پیر بۆ جوانی دەیبەستنە سەریانەوە. (٢) شتی لەسەر یەك سەفتەکراو.

شەڕەنگ: ژەهر، زەهر.

شەرت: مەرج، بڕیار.

شەرم: ئابڕوو، شەرمکردن.

شەریف: باش، چاك، خۆشەویست، ڕێکوپێك.

شەست تیر: جۆریك چەکی کۆنە.

شەعر: موو، قژ.

شەفا: شفا، شیفا.

شەفەق: سپێدە، بەرەبەیانی، تاریك و ڕۆشن.

شەقایق: گولاڵەسوورە.

شەقەقە: دەنگی باڵ لە فڕیندا، دەنگی بەرِدە فڕکەی بە قەڵماسك

شەکەرخەند: پێکەنینی شیرین.

شەمس: خۆر، هەتاو.

شەمع: مۆم.

شەهر: شار.

شەهسوار: شاسوار، کەسی زۆر شارەزا لە سواریدا.

شەهوار: شاهوار، شاهانە، لایەق بە شا.

شەوق: ڕووخۆش، ڕوو گەشاوە.

شەیبانی: دەکرێت نازناوی یەکێك لە هۆزەکان بێت.

شەیپوور: ئالەتێکی مۆسیقاییە.

شتابان: بە پەلە، بە تالووکە، خێرا، چاپوك، چالاك.

شتورمورغ: وشترمر، هەشترمە، حوشترمەل، پەلەوەرێکی زۆر گەورەی نەفڕە و سەر و مـل و ڕانـی بێ پەڕە یان کەم پەڕە، ڕەنگی ڕەش و بریقەدارە و کلك و سەروباڵی سپییە...

شکار: ڕاو، ڕاوکردن.

شکارچی: ڕاوچی، ڕاوکەر

شکاوا: شکیا، شکا.

شکەستە: شکیا، شکا.

شکەن: شکان، شکێن.

شکەنجە: ئازاردان، لێدان، ئەشکەنجەدان.

شکۆهـ: بەرز، بەڕێز و گەورە، خاوەن پلە و پایەی بەرز، شان و شکۆ.

شمارە: ژمارە.

شناسا: ناسی، ناسییەوە.

شنەوان: گوێیان لێ بوو، بیستیان.

شەنگەرف: گوڵی سوور.

شنقاڕ: سونقور، مەلێکی ڕاوکەری چنگ و دەنووك تیژە لە چەشنی باز، لە ناوچەی زۆزان دەژێت، خۆش خەت و خاڵە و هێلانە لە جێی ما و غار و سەختەوەندا دروست دەکا.

شنۆ: شنە، شنەی با.

شوجاعەت: کۆی وشەی (شجاع)ی عەرەبییە، دلێری، ئازایەتی، هیممەت، زیرەکی، بەهێز، چاونەترس.

شۆخ کەمان: نازناوە بۆ تەیموری شۆخ کەمان و بە تەیموری کەماندار بەناوبانگە.

شۆخی: جوانی، قەشەنگی.

شوور: هەرا و هوریا، گریان و هات و هاوار.

شۆڕ: هەرا و ئاژاوە.

شوورەڕێز: ئاوی شۆری ڕۆشن و ڕەوان، ئاوی سوێری ڕەوان.

شوعلە: گڵپە، بڵێسە، گڕ، شۆڵە، چراوگ، شەوق.

شیربەها: شیربایی، شیروایی.

شین: گریان و زاری، شین و واوەیلا.

شیووخ: کۆی وشەی (شیخ)ە، شێخەکان.

شئوون: کۆی وشەی (شئن)ی عەرەبییە، کاروبار، حاڵ و باڵ.

ص

صاف: (١) ڕۆشن، ڕوون. (٢) شەرابی بێ غەل و غەش. (٣) پارچە.

صەدر: سینە.

صدوور: کۆی وشەی (صَدر)ی عەرەبییە، سینە.

صێدق: ڕاستی.

ض

ضامن: دابین، دابینکەر.

ضـمیر: ویجدان، ویژدان.

ضوء ضمیر: ڕۆشنی دڵ، دڵ ڕۆشن، دڵ پاك.

ضوء: ڕووناکی، ڕۆشنایی.

ضیا: ڕۆشنایی، ڕووناکی، ڕۆشنی.

ط

طاعەت: زیکر و تەهلیلە و نوێژ و دوعا.

طاق: پەنجەی بچووك، چوون، تاقەت نەمان، تاقەت چوون.

طاقەت: تاو، توانایی، توان، ئارامی.

طەوف: تەواف، گەڕان بە دەوری شتێکدا، گەڕان.

طەوق: گەردنبەند، بەند، خەتی دەوری گەردن.

طوغرا: (١) فەرمان، حوکم. (٢) خەت. چەند خەتێکی هەڵۆەشاوەیی.

ظ

ظوڵم: ستەم، زوڵم و زۆر.

ظیل: (١) سێوەر، سێبەر، سایە. (٢) تاریکی، تاریکی شەو. (٣) پەنا، پێچ و پەنا.

ع

عاتر: بۆنخۆش.

عادی: کەسی سادە، کەسێك بیٚ پلە و پایە بێت لە دەسەلاتدا، کەسێك بیٚ دەسەلات و هێز بێت.

عاشقانەوار: ئەویندارانە، وەکو عاشق.

عالی: چاك، باش.

عبوور: تێپەڕبوون، پەڕینەوە، ڕەتبوون.

عەباس لالە: لالەعەباس، جۆرێك گوڵە.

عەبەس: بێکەڵك، بێهوودە.

عەبیر: ماکی بۆنخۆش لە میسك، گوڵاو.

عەتتاری: بۆن فرۆشی.

عەجووزە: پیرەژن.

عەدەد : ژمارە.

عەدەم ئیختیار: بێ ئیرادە، بێ دەسەڵات، ئەوی دەسەڵاتی لە دەست خۆیدا نەبێت.

عەدەم: نەبوون، لە هیچەوە.

عەرز: قسە، گوتە، باس، وتە، واتە.

عەرزە: عەریزە، عەرز و حاڵ.

عەرسە : گۆڕەپان، مەیدان، مەیان.

عەرسەگاه: مەیدان، مەیدانی جەنگ.

عەرووس: بووك.

عەزاداری: پرسەداری، پرسە، پرسەگێڕان.

عەزم: (١) بە مەبەست، بە نیاز. (٢) نیێت.

عەسا: عاسا، داردەست.

عەسەس: عەسعەس، چەرخەچی، پارێزەر و ئاگاداری بازاڕ لە شەودا.

عەسجەدی: تەڵا، زەڕ، زێڕ، مەرەکەبێك کە لە هەر بەشێکی مرواری مابێتەوە یا دەربهێنرێت، گەوهەر، جۆرێکی خەتە، خەتی زەڕین.

عەسر: هاوزەمەن، هاوکات.

عەشەر: دە، ژمارە (١٠).

عەلاوە: هەموو، گشت.

عەمامە: ئەو پارچە یا دەسماڵەیە کە مەلا و شێخ... بەسەرەوە دەیبەستن.

عەماری: کەژاوە، دەشت و دەر و بیابان.

عەمووزا: ئامۆزا.

عەمیق: قووڵ.

عینان: هەوسار.

عەنناب: میوەیەکی سوور ڕەنگە و بۆ دەرمان وشك دەکرێت.

عەننابی: بە ڕەنگی سوور.

عەهد: پەیمان، بەڵێن.

عەیاڵ: خێزان بە گشتی، خاوخێزان، ژن، خێزان.

عەیان: ئاشکرا، بلاّوکرایەوە، بلاّوکراو، بلاّوکەر، ئاشکراکەر، بەچاو دیتن، دیار، بەرچاو.

عەیش: خۆشی و شادی.

عولوا: بەرزی.

علووم: زانست.

عوزرخاهی: داوای لێبوردن.

عوسرەت: دژواری، هەژاری، تەنگدەستی، دەست تەنگی، فەقیری، نەهامەتی.

عوشرەت: تێکەڵی، هاودەمی.

عوقبا: ڕۆژی دوایی، ڕۆژی کۆتایی.

عولیا: بەرز، بڵند.

عومدەی ئەعیان: لە هەمووی گەورەتر، لە هەمووان گەورەتر، گەورەی گەورەکان، لە هەرە گەورەکان.

عومر: تەمەن.

عومق: قووڵایی، ناخ.

عونسور: توخم، هێمان، هەرکام لەو چوار هێمانە: ئاو، ئاگر، با و خۆڵ، کە لە کۆندا بە بنەمای بەدیهاتنی بوونەوەرانیان زانیوە.

عید: عەید، جەژن.

عێرفان: خواناس، زانست، زانیاری، زانین، ناسین و زانین لە دوای دانایی.

عێزام: پیاوانی گەورە، پیاوماقووڵان.

عێزز: ئەرجومەندی، ڕێزداری.

عێشوەساز: نازکەر، نازکار، لەنجە و لارکار، ناز و خەمزەکار، دڵڕووبا، ئەوەی ناز و مەکر دەکات.

عێفەت: پاکی، خاوێنی، پاك و تەمیزی.

عێقد: گەردەنبەند، ڕشتەی مرواری.

عێلاج: دەرمان.

عێلم خوانی: زانست خوێندن.

عێمار: کەژاوە.

عێناب: ڕەنگی سوور.

عێنوان: ناونیشان.

غ

غارەت: تالآن، چەپاوکردن، تالآن، ڕامالێن.

غالیە: بۆی خۆش، بۆنی خۆش، تێکەڵێکی لە موشك و عەنبەر و کافوور و ڕۆنی داری کە زۆر بۆنخۆشە.

غەبغەب: غەوغەو، غەوغەوە، داکەوتنی ژێری چەنە بەهۆی قەڵەوییەوە، گۆشتی داچۆڕاوی ژێر چەناگە.

غەرەز: مەبەست.

غەرقەبازی: (غەرقە): جۆرێك پۆشاکی سۆفی و دەروێشەکان بووە و خۆیانیان پێ پۆشتە کردووەتەوە، (بازی): یاری، بە جلوبەرگی سۆفیانەوە سەماکردن.

غەریب: تاراو، نەناسراو، نامۆ.

غەزاڵ: ئاسك، ئاهوو، مامز.

غەڵەت: هەڵە.

غەمباز: نامەحرەم، دۆست و بێ گانە.

غەمزەی کەمینە: کەمترین غەمزە و ناز.

غەمماز: ئاژاوەچی.

غەنی: (١) ماڵدار، پارەدار، دەوڵەمەند. (٢) بێنیاز. (٣) شایستە، لایق.

غەنیم: غەنیمەت، تالآنی.

غەواس: مەلەوان.

غەیر: بێجگە، جگە.

غەیس: باران بارین، باران باراندن، بارین.

غرووب: مەغریب، خۆرئاوا.

غوبار: تۆز، تۆز و گەرد.

غوڕاب: قەل، قالاو.

غوسسە: خەم.

غەیوور: جوامێر، دلێر، ئازا، مەرد.

ف

فاختە: کۆترە باریکە.

فاسێد: خراپ، بۆگەن، گەنیو، بۆنکردوو، پووچەڵ.

فاکێهە: میوە، بەر.

فام: هۆش، فێکر، بیر.

فایەق: سەرکەوتوو.

فایق: سەرکەوتوو.

فەتح: سەرکەوتن.

فەڕ: (١) شان و شکۆ، شکۆ. (٢) پیت، بە کەڵك. (٣) جوانی، ڕەونەق. (٤) بەهرە. (٥) سـکالا. (٦) چاك و باش، خاس. (٧) کەرەستەیەکی کانزایی گەرمە بۆ چین و دەقدانی قژ، چین و دەق.

فەرار: فیرار کردن، ڕاکردن، هەڵهاتن.

فەراسەت: هۆشیاری، وشیاری، هزری تیژ.

فەراغ: ئاسوودەیی.

فەرامۆش: لە بیری کردن.

فەراوان: فراوان.

فەرەنگ: ولاتی ئەورووپا، خەڵکی ئەورووپا.

فەرجام: سەرەنجان، سەرئەنجام، کۆتایی کار، کۆتایی ئیش.

فەرخوندە: موبارەك، پیرۆز.

فەرد: تەنیا، تاك.

فەرزانەگی: زیرەکایەتی، هۆشیاریتی، ژیرایەتی.

فەرزەند: نەوە، رۆڵە.

فەرسەنگ: فەرسەخ، مەودایەکە بەرانبەرە بە شەش کیلۆمەتر.

فەرق: جیاوازی.

فەرما: فەرمانی دا، دەستووری دا.

فەرمان ڕەوا: فەرمانڕەوا، خاوەنفەرمارن.

فەرهەنگ: کەلتوور، کەلتوور و کەلەپوور، داب و نەریت، خوو و ڕەوشت.

فەریاد: (١) هاتوهاوار. (٢) فریاکەوتن.

فەرید: یەکتا، بێهاوتا، بێوێنە.

فەریفتە: فریودراو، گۆڵ خواردوو، لەخشتەبراو، دڵبەستە، عاشق، ئەویندار و عاشقی و شەیدایی.

فەساحەت: زمان تەڕ، خۆشڕاوێژی، ڕەوانبێژی، زمان پاراو، قسەی ڕەوان.

فەسیح: ڕوون، ڕۆشن.

فەندوق: میوەیەکە بچووکترە لە گوێز و تێکەڵ بە چەرەزات دەکرێت.

فەهم: فام، عاقڵ، هۆشیار، وشیار.

فەوج فەوج: دەستە دەستەی سپا و هێزی سەربازی.

فەوج: دەستە.

فەورەن: بە خێرایی، بە زوویی.

فرستادە: نارد ێنراو، نارد راو.

فرووزان: هەڵگیرساو، شۆڵەدار.

فزوون: زۆر، فرە.

فشانا: پژاندی، وەشاندی.

فینجان: پیاڵەی چینی، پیاڵەی قاوە.

فوغان: هات و هاوار، داد و بێداد.

فیتر: زگماك، بە سروشت.

فیتراك: شۆپا، گۆرژال، سامۆرتە، سامۆتك، بەن سامۆتە، ئەڵقە و بەندی پاشکۆی زین، بەنێکە یا پەتێکە وەك قامچییە و بە دوای زینەوە دەبەسترێتەوە و بە زۆری بۆ بەستنەوەی نێچیرە.

فێتنەبازی: فیتنەکەری.

فێراق: دووری، جودایی، جیایی.

فیرووز: (۱) بەهرەمەند، هونەرمەند. (۲) بێگوناح، بێتاوان. (۳) بەردێکی بە نرخی خۆش ڕەنگە بۆ نقێمی کلکەوانە کەڵکی لێ وەردەگیرێت.

فێشتەر: زۆرتر.

فێعلەن: تا ئیستا.

ق

قاتەن: قات بوون، بڕابوو، وێنەی نەبوو.

قاپی: دەرگا.

قاخ: (۱) تەڕ. (۲) چەماو، دانەویو.

قاژ: باڵدارێکی ڕەشە لە کۆتر بچووکترە.

قاژە: دەنگی قاژوو، دەنگی ویڕە و ویزەی گوللە.

قاروور: تێکدانی شتی خۆش، خراوکردن و تێکدانی شایی و شادی.

قاروورە: شووشەیەکە لە تاقیگەدا خوێن و پیسی و شتی وای تێ دەکرێت و لەوێدا کەڵکی لێ وەردەگیرێت، لێرەدا مانای لێدانی ڕەگ و دەماری دەستە کە خوێن و ئاو لەناویدا هاتوچۆ دەکات.

قاروورەشناس: دکتورێك کە لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی پاشەڕۆوە نەخۆشیی و بیماری دەردەخات.

قاسید: پەیك، نامەبەر.

قاعیدە: ڕێسا.

قاڵ: باس و ڕاوێژ، گفتوگۆ.

قاڵب: لە قاڵب نراو، لە قاڵب دراو.

قامەت: قەد و باڵا.

قائیمان: کۆی وشەی (قائیم)ی عەرەبییە، ڕاوەستاو، پتەو، بەهێز.

قەباڵەداران: ئەوانەی خاوەنی بەڵگەی نووسراوی موڵکین.

قەبائیل: کۆی وشەی (قبیلە)ی عەرەبییە، ئێڵەکان، هۆزەکان.

قەبزە: دەسك، مشت، مشتوو، دەسکی شمشێر و خەنجەر، ئەو بەشەی لە شمشێر کە بە مشت دەیگرن.

قەبیح: ناشرین.

قەبیلە: هۆز، خێڵ.

قەترانی: شتی زۆر ڕەش.

قەتع: بڕی، بڕیا، پچڕان، بڕین، لەتکردن، کوت کردن، وەستاندن.

قەد: باڵا.

قەدارە: غەدارە.

قەدەم: هەنگاو، هەنگام، شەقاو.

قەدیم: کۆن.

قەرار: بڕیار.

قەراو: ئاونگ، شەونم.

قەرائەت: خوێندن.

قەرەنفول: مێخەك، گوڵ مێخەك، بنچکە گیایەکی ڕازێنەیی بە گوڵی بچووکی جەمکۆ و بۆنخۆشە لە سوور تا ئەرخەوانی هەیە.

قەرقەف: مەی، شەراب، بادە.

قەسەب: (١) جۆرێك پارچەی ئاورێشمین و کەتانییە. (٢) نەی، قامیش.

قەڵاخی: ڕەش.

قەلب: دڵ.

قەڵەم زەن: قەڵەم هەڵگر، قەڵەم بە دەست.

قەمەر: مانگ.

قەنارە: سێدارە.

قەناری: کەناری، مەلێکی بچووکی زەردی دەنگ خۆشە و لە بولبول دەکات.

قەناعەت: (١) ڕازیبوون بە بەش. (٢) باوەڕ.

قەوس قەزاح: قەوز و قەزاح، قەوس و قەزاح، پەلکەزێڕینە.

قەوم: خزم.

قرپە: قرچە.

قرمز: سوور.

قوبح: چەپەڵی، کاری دزێو، پیسی، کاری خراپ.

قودرەت: هێز، توانا، دەسەڵات.

قورب: (١) نزیکی. (٢) قەدر، ڕێز.

قۆشەن: سپا، هێز.

قۆشچیان: میری شکار، نیگاداری قوش، ئەوەی پاسەوانی قوش دەکات.

قۆچاخان: کۆی وشەی (قۆچاخ)ە، واتە: چالاك و تیژڕەوان، چالاك، تیژڕەو، خێـرا، دلێـر، قۆڵـچاغ، ئامرازێکی ئاسنینی بەرگریی جەنگە و لە ژێر قۆڵە و بۆ پارێزگاری کردن دەبەسترێت.

قوللاب: چوڕنووك، چنگ.

قولله: پایە، دنگە.

قومری: گوگوختی، کوکوو، کووکووختی.

قووا: ئەم وشە دەکرێت نازناوی یەکێك لە هۆزەکان بێت، بەهێز، دەسەڵات، بە قودرەت.

قووە: توانا، هێز.

قووی: باڵندەیەکە لە قاز سپیتر و زلترە.

قیتال: کوشتن.

ك

کاروان: قافڵە.

کاشتەن: چاندن، چەقاندن، وەشاندن.

کاشکا: بریا، خۆزگا، خۆزگە.

کاو: کێو، چیای بەردین.

کاوان: کۆی (چیای بەردین)ە، چیا و کێو.

کەبك: کەو.

کەبیر: گەورە.

کەتم: پەنهان، شاراوە، نهێنی.

کەجاوە: کەژاوە.

کەحێلان: ئەسپی نەجیب و ڕەسەن.

کەدخودایی: قوێخایی، کوێخایی، ڕیش سپێتی، ئێلبەگیی، کار بەدەستی شار یان دێ (گوند) لەپاش دەسەلاتدار و خاوەن مولك.

کەدیوەر: (۱) دەم سپی قەوم، گەورەی هۆز. (۲) خانەخوێ، خاوەن ماڵ.

کەرباس: جانگ، جاو، جاوگ، هەلاوە.

کەردش: کردی.

کەرسەڕ: جۆرێك مراوییە.

کەرۆ: تکا، ئیکا.

کەست: خراپ، شتی نزم و بێ بایەخ.

کەش: کەژ.

کەشانکەش: لە هەرلاوە ڕاکێشان، ڕاکێشان لە هەموو لایەکەوە.

کەشیدە: کێشراو.

کەف: ئامێرێکی مۆسیقایە.

کەفائەت: هاوشانی بوون، بەرامبەربوون، لەباری تەمەن و بیروباوەڕ و سەروەت و سامانەوە، هاوسەنگی و چوونیەکی، ئەسڵێکە لە زانستی فیقه لە بابی ژنهێناندا.

کەلاغ: قالاو.

کەڵپۆس: عەبای توکن لە پێستی بزنە کێوی دروستکراو.

کەمان: قەوس، چەماوە، کەوان، گوژ، کەوانی تیر، لە کۆندا وەسیلەیەك بووە بۆ شەڕ.

کەماندار: کەواندار، تیر و کەوان بە دەست، ئەوانەی کەوانی تیریان بە دەستەوەیە.

کەنیز: کارەکەر، نۆکەری کچ یا ژن.

کەیف: خۆش پێهاتن.

کەیل: پڕ.

کردگار: خودا، خوا.

کلاوە: ترۆپکی چیا، پۆپەی باڵدار لە پەڕ.

کلفەن: ڕەنگی ڕەش کە ڕەنگی زەرد یا سووری تێدا بێت، لوول و ڕەش، لوو و پێچ خواردوو.

کلید: کلیل.

کناچە: کچ، کیژ، کەنیشک.

کناچێ: کچی، کەنیشک.

کوڕکوڕە: ڕێخەخۆرە، پەلەوەرێکە بە باڵی درێژ و گۆشەدار، جووچکەی دوولق و هەڵفڕینی سووک، کە لە سەر دار هێلانە دەکات و جارجاریش لە لاشەی گیانەوەرانی تر دەخوات.

کۆس: (١) تاڵە، ئیقباڵ، بەخت. (٢) یارئازیز، خۆشەویست. (٣) بەرزی ناوزەوی. (٤) جۆری کەرەنا. (٥) زیانی گەورە، وەك مردنی کەسێکی خۆشەویست.

کۆچگا: شوێنی کۆچ، شوێنی دیاری کراوی کۆچ.

کوڵەنگ: قولینگە، پەلەوەرێکی کێوییە، لەش و مل و پەلی درێژە و دەنووکیشی درێژ و ئەستوورە.

کوللی: هەمووی، گشتی، بەگشتی.

کۆمار: جەماوەر، خەڵك بە گشتی.

کومەیت: ئەسپێ یاڵ سوور و کلك ڕەش. عارەب ڕەنگی کومەیت لە هەموو ئەسپەکانی تر بە چاکتر دەزانێ، هێز و توانی لە هەموو هەلومەرجێکدا لە هەمووان زۆرترە.

کۆن: (١) کوا (٢) قەدیم.

کۆهسار: چیا، کۆسار.

کوورە: کوورەی ئاگر.

کووز: کووز لێبوونەوە، پارچەی باریك لە شتێك بکرێتەوە.

کیاست: ڕایسپارد، ناردی.

کیانا: ناردی.

کێرام: کۆی وشەی (کرم)ی عەرەبییە، گەورە و بەڕێز، زۆر بەڕێز.

کێشۆ: بکێشێ.

کیمیای فتووح: هۆی بەدەستهێنانی ئاسوودەیی و ئارامی گیان.

گ

گاهێ: جارێ، بارێ، جارێك، کەڕەتێك.

گاو: گا.

گەرەك: ئەیەوێ، دەیەوێ، ئەمەوێ.

گەرد: (١) سووڕان، بە دەور خولانەوە. (٢)قوربان، سەرگەرد. (٣) تەپ و تۆز.

گرداب: ئەو جێگەیەی زەریا یا ڕۆخانە کە زۆر قووڵ بێت.

گەردەن: گەردن، مل.

گەردنبەند: وەکو گەردنبەند لە گەردنتدا بێت و بتپارێزێت.

گەرمای تەمووزی: گەرمای مانگی تەمووز، کـە گەرمایـەکی زۆری هەیـە و چـلەی گـەرمایش دەکەوێتە ئەو مانگەوە.

گەز: جۆرێك شیرینی تایبەتە، گەزۆ، گەزۆی دەستکرد.

گەلاڕێز: گەلاڕێز کردن، گەلاڕێزان.

گەلله: (١) بە کۆمەڵ، بە گەل. (٢) مێگەل، ڕان، کۆمـەڵە بزن و مەڕ، ئاژەڵی بەر شوانی دێ.

گەنج: (١) سـەروەت و سـامان، مـاڵ و موڵـك، ئـاڵتوون و زیـوو. (٢) مەبەسـت لـە عەشـق و خۆشەویستی و کچێنیش بە دەستەوە دەدات.

گەوەزن: کەڵەکێوی، گاکێوی، جۆرێك گای کێوییە.

گەوهەر: کینایەیە لە کچێنی.

گەوهەرڕێز: وەکو گەوهەر ڕێزکراو، وەکو گەوهەر وەهایە.

گرانسەنگ: گرانگقەدر، قەدر گران، بە نرخ.

گرانقەدر: قەدر گران.

گرەوا: گریا، گیریا، شیوەنی گێڕا.

گرد: (١) تەپۆڵکەی چکۆلە، تەپۆڵکەی بچووك. (٢) خـڕ، تـۆپ، تۆپڵـە. (٣) هـەموو، گـشت، وێکرا، تێکرا.

گرد: گشت، هەموو.

گردوو: گوێز.

گرۆ: گرووپ، تیپ، دەستە.

گوریزا: دوورەپەرێز، تەرە بوو، هەڵات.

گوزەر: تێپەڕ، ڕابورد، ڕۆیی.

گوزین: گوزیدە، هەڵبژێراو، پەسەند، پەسەند کراو.

گوسفەند: مەڕ، پەز.

گۆش دەران: گوێگران، ئەوانەی گوێیان گرتووە.

گۆش: گوێ، گوێچکە.

گوشادکەر: گرفت و کێشە حەل کەر، لێرەدا مەبەست لە خوای گەورەیە.

گۆشە: پەنا، لەلا.

گۆشەنشین: سووچ نشین، کەنار نشین.

گوڵ تەبەق: جۆریك گوڵە.

گوڵبانگ: ئاوازێکە لە مۆسیقای کۆن.

گوڵدۆز: گوڵچن.

گوڵگوون: سوور، گوڵڕەنگ، وەکو گوڵی سوور.

گۆنا: ڕوومەت.

گونان: گوناهەن، گوناهان.

گونبەد: گومەز، قووبە، گومەزی و بارەگا.

گێج: گێژخواردن.

گیرودە: پێوەبوون، گرفتار.

گیسوو: پرچ، قژ، زوڵف، پەچە، کەزیە.

ل

لاجەوەردان: لاجەوەرد، بەردێکی بەنرخی سەخت و ڕەنگ ئاسمانییە، دەکرێتە نقێمی ئەنگوستیلە، یان وردی دەکەن و دەیکەنە تۆز و بۆ وێنەکێشان بەکاری دەهێنن.

لاجەوەرد: بڕوانە لاجەوەردان.

لاحیق: پێکگەیشتن، بە یەکگەیشتن.

لاف و گەزاف: درۆ و دەلەسە.

لاقەید: گەللایی، پابەند نەبوون، بێعەلاقە، ئۆگر نەبوون، هۆگر نەبوون.

لاڵ: (١) لەعل، بەردێکی گرانبەهای سوورە. (٢) کەڕ.

لامەکان: بێ جێگا، بێ شوێن، بێ جێگە، مەبەست لە خوای گەورەیش بە دەستەوە دەدات.

لامەوت: نەمر، هەمیشە زیندوو، مەبەست لە خودای گەورەیە.

لانە: هێلانە.

لائیمان: کۆی وشەی (لائیم)ی عەرەبییە، لۆمەکەر، سەرزەنشتکەر، سەرکۆنەکەر، ئامۆژگاریکەر.

لەب: لێو.

لەتیف: نەرم و ناسك، میهرەبان، جوان، لەبەر دڵ، لەبەر دڵان، خاوێن و خۆش تام و چێژ.

لوجام: لغاو، هەوسار.

لەحاف: لێف، لاف، لێفە.

لەرە: لەرینەوە، لەرانەوە.

لەزیز: بەتام، شتی زۆر بە تام و خۆش و مەزەدار.

لەعل: لاڵ، بەردێکی گرانبەهای سوورە، بە لێوی سووریش دەگوترێت.

لەقەب: نازناو.

لەك لەك: لەقلەق، حاجی لەقلەق.

لەون: ڕەنگ.

لوان: ڕۆیشتووە.

لوتف: بەزەیی، میهرەبانی، سۆز، دڵسۆزی.

لوغات: زمانەکان.

لۆمە: ئامۆژگاری کردن.

لۆنگ: کەوڵ، ڕایەخ، پارچە بەرگی شڕ.

لیباس: پۆشاك، جلوبەرگ.

لیقا: دیدار، گفتوگۆ، پێگەیشتن.

لیقات: پێگەیشتن.

م

ماتەم: ئازیەت، عازییەت.

ماتەم زەدە: ئازیەتبار، عازیەتبار، خەم لێنیشتوو.

ماجەرا: ڕووداو، کێشە، گرفت، مشکیلە.

مادەر: دایك.

مادەرزاد: زگماك، لەدایکبوو.

مازە: مەهێڵە.

مازی: ڕابردوو، کۆن.

ماسیوان: هەرچی جگە ئەو.

ماچی: دەڵێی، ئەڵێی.

مالا: ماشییەوە، ماڵییەوە، پیایا هێنا.

مالاش: ماشییەوە، پیایا هێنا.

ماما: دەهات، ئەهات.

مامان: دەهاتن، ئەهاتن.

ماماه: دەهات، ئەهات.

مانۆ: بمێنێ، مانەوە، بمێنێتەوە.

مانێع: ڕێگر.

ماه: مانگ.

ماهوور: بەرز و نزمی پاڵداوێنی کێو.

ماهی: ماسی.

ماوەرە: مەهێنە.

ماوەرد: ئەهێنا، هێنای، دەیهێنا.

ماوەروو: دێنێم، دەیهێنم، دەیهێنم.

ماوەرووم: دێنێم، دەیهێنم، دەیهێنم.

ماوەرین: دەیهێنین، ئەیهێنین.

ماوی: کەوە، شین.

مایە: (١) ماددەی ڕاستی شتێك. (٢) ئەساس، سەرچەشمە. (٣) سەرمایە.

مائێل: ئارەزوو، حەز.

مەبیام: نەبم، نەبوومایە، دەنەبوومە.

مەتاوان: هەتا دەتوانن، هەتا دەتوانن.

مەتاونا: دەیتاواندەوە، ئەیتوانەوە.

مەتراشۆ: دەتاشێ، ئەتاشێ.

مەتلووب: کۆی وشەی (طلب)ی عەرەبییە، داواکاریی، داواکراو، ویستراو.

مەپاچی: پاچین، پارچە کردن، پەرچ کردن.

مەپەرسان: ئەیانپرسی، دەیانپرسی، پرسیاریان ئەکرد.

مەجازی: ناڕاست، درۆ، ئەفسانە، دروستکراو.

مەجرووح: زامدار، زەخمی.

مەجلێس ئارا: کۆڕگێڕ، بەزمگێڕ.

مەجمووع: کۆی گشتی.

مەحبووب: لەبەر دڵان، خۆشەویست و بەڕێز، ئازیز.

مەحجووب: بە شەرم و حەیا، بە شەرم و ئابروو، شەرمن و کەم ڕوو.

مەحرەم: خزمی زۆر نزیك وەکو خوشك و دایك.. کە بۆ یەك مەحرەم بن.

مەحرووم: بێبەش، بێبەهرە، بێوەر.

مەحز: هەرکە، لەبەر خاتر، تەنیا لەبەر، تەنیا بۆ.

مەخراشۆ: دەڕوکێنێ، دەڕوشێنێ، ڕووکاندن، ڕووشاندن.

مەخزەن: گەنجینە، ئەنبار.

مەخسووس: تایبەت.

مەخفی: نهێنی، شاراوە، پەنهان، داپۆشراو.

مەخمەڵ: قەدیفە، مەخمور، قوماشی یەکلا کورکن لە ئاورێشمی ئاسایی یان دەستکرد.

مەدا: دەیدا.

مودارا: ئارام و حەوسەڵە، ئارام، ڕاوەستان.

مەدان: ئەیاندا.

مەدەرۆ: ئەیدا.

مدرا: ڕاوەستا، وێسیا، بە سەر پێوە ڕاوەستان.

مەدۆ پەنەم: پێم دەدات.

مەدۆزا: دەدۆزییەوە، ئەدۆزییەوە.

مەدیا: ئەیڕوانی.

مەدیان: ئەیانڕوانی.

مەرام: مەبەست، دۆز، بیر و بڕوا.

مەڕانا: ڕانین، دەیبرد بە ڕێوە، فەرمانڕەوایی کردن.

مەرەزش: نەخۆشییەکەی، بیمارییەکەی.

مەرجان: گەوهەرێکی سوورە لە دەریا دەری دەهێنن.

مەرد: پیاو.

مەردەشۆر: (١) مردووشۆر. (٢) شوێنی مردوو شۆردن.

مەردەن: مردن.

مەردوم: (١) خەڵکی. (٢) مردم.

مەردئەفگەن: پیاوکوژ.

مەرسییە: شیعری پرسەنامەیی، خوێندنی شیعر و هۆنراوەی تایبەت بۆ مردوو.

مەرکەبان: کۆی وشەی (مەرکەب)ە، ئەسپ و هێستر.

مەڕمەڕ: جۆرێك بەردی ئاهەکییە، لە ژێر تەوژمی زۆردا وەك بلۆری لێ هاتووە، زۆر جوانە بۆ پەیکەرتاشی و ڕووکاری ماڵان بە کاری دەهێنن.

مەڕۆ: مەچۆ.

مەڕێزا: دەیڕژا، دەیپرژا.

مەڕێزە: مەڕێژە، مەی ڕێژە.

مەریزی: نەخۆشی، بیماری.

مەزانۆ: دەزانیٚ.

مەزایا: سوود و ئمتیازەکان، سوودی زۆرتری خستە بەردەستی.

مەزگانی: مزگێنی، مژدە.

مەزموون: ناوەڕۆك.

مەزید: زیاد، زۆر، فرە.

مەس: مەست، سەرخۆش.

مەساحیق: مەبەست لە هۆزەکەی نەوفەڵە.

مەسائێب: کۆی وشەی (مصیبت)ی عەرەبییە، ڕووداوگەلی تاڵ و ناخۆش، نەهامەتی.

مەستوور: نووسراو، داڕێژراو، داڕشتنەوە، هۆنینەوە.

مەستوورە: نووسراو.

مەستێزۆ: شەڕ ئەکا

مەسحوور: سیحر لێکراو، جادوو لێکراو.

مەسمووع: بیستراو، گوێ لێبوون.

مەشاتان: کۆی وشەی (مشاط)ی عەرەبییە، ئارایشتکەر، ژنێك کە کاری ڕازاندنەوە و جوانکردنی ژنانی تری دەکات.

مەشام: دەم و لووت، دەم و کەپۆ.

مەشایخ: کۆی وشەی (شیخ)ە، واتە: شێخەکان، پیران و گەورە پیاوانی دەسەڵاتدار.

مەشعەلە: چرا، ڕۆشنایی.

مەشغووڵ: سەرقاڵ.

مەشق: ڕاهێنان.

مەشنەووم: گوێم لێی نەبێت.

مەشهوود: بینراو، ئەبینریٚ، دیار، ئاشکرا.

مەشهوور: بەناوبانگ.

مەشوەرەت: ڕاوێژ، ڕاوبۆچوون وەرگرتن.

مەشۆرۆ: دەشواتەوە، دەیشواتەوە، دەیشۆریتەوە.

مەشووم: ئەچووم، دەچووم، ئەڕۆیشتم، دەڕۆیشتم.

مەشی: دەڕۆی، ئەڕۆی، دەچوو، ئەچوو، دەڕۆیشت.

مەشیت: ئەچوویت، ئەڕۆیشتیت، دەچوویت.

مەشین: دەڕۆیشتن. ئەڕۆیشتن.

مەگرەوا: دەگریا، ئەگریا.

مەگرەوان: دەگریان، دەگیریان، ئەگیریان، دەگیریان.

مەگنا: دەکەوت، ئەکەوت.

مەگناهـ: دەکەوت، ئەکەوت.

مەگێران: دەگرن.

مەگێلاّ: ئەگەڕیا، ئەگەڕا.

مەگێلۆ: دەگەڕێ، ئەگەڕێ.

مەعجەر: پەرژین.

مەعزوور: کەسێ بیانووی مەنتیقیی هەبێ، لێبوردراو.

مەعموول: نەریت، داب و نەریت، بەپێی نەریتی باو.

مەعنی: واتا، مانا.

مەعیووب: عەیبدار، ناتەواو، نادروست.

مەغار: ئەشکەوت.

مەغروور: لەخۆبایی، لەخۆ دەرچوو.

مەفتوول: بادراو، پێچ خواردوو، پێچ خوراو.

مەفتوون: عاشق، ئەویندار، ئەڤیندار، شەیدا.

مەفرووزا: ئەسووتا، گڕی دەگرت.

مەفرووق: جیا، دوورکەوتوو.

مەفهووم: تێگەیشتن، حاڵی بوون.

مەقابڵ: بەرانبەر.

مەقبەرە: گۆڕستان، گڵکۆ، قەبرستان، قەورسان.

مەقسوود: مەبەست، نیاز.

مەکاڵۆ: جووت دەکات، زەوی دەکێڵێت.

مەکان: جێگا، شوێن.

مەکەران: ئەکەن، دەکەن.

مەکەرد: دەیکرد، ئەیکرد.

مەکەرووم: دەکەم، ئەکەم، دەیکەم، ئەیکەم.

مەکس: ڕاوەستان، درەنگکردن، وەستان.

مەکشووف: دیار، ئاشکرا.

مەکۆشان: کۆشش ئەکەن.

مەکیانا: دەینارد، ئەینارد.

مەکیانۆ: ئەنێرێ.

مەکیانین: دەینێرین، ئەینێرین.

مەلاڵ: مەناڵە، لاڵانەوە، لاڵاندنەوە.

مەلاونا: دەیلاواند، لاواندنەوە.

مەلبووس: پۆشاک، بەرگ، لیباس.

مەلفووفە: فەرمانی نووسراو و مۆرکراوی شا یا گەورە پیاوانی خاوەن دەسەڵات.

مەلوول: بێ تاقەت.

مەن: گەزۆی سروشتی کە دەبارێتە سەر گەڵای دار مازوو.

مەندەبۆ: مابێتەوە.

مەندەن: ماوەتەوە.

مەنزەرە: سروشت، بەرچاو، دیمەن، چاوەنداز.

مەنزڵ: ماڵ، خانوو، ماڵی تازە، واتە: شووکردن و ماڵداریی تازە.

مەنسەب: پلەوپایە.

مەنشوور: بەناوبانگ.

مەنمانۆ: نیشان ئەدات.

مەنویسان: دەینووسن.

مەهجووری: دووری.

مەهد: (١) زۆرگۆ، کەسێك زۆر بلّێ، زۆر وتن. (٢) کەژاوە. (٣) لانك، لانکە.

مەواتن: دەیانگوت، دەیانوت.

مەواچان: ئەڵێن، دەڵێن، ئێژن.

مەواچۆ: دەڵێ، ئەڵێ، ئێژێ.

مەوافیق: هاورِا، هاوبیر، هاوبۆچوون.

مەوالی: کۆی وشەی (مەولا)یە، مەلاکان.

مەوانان: دەخوێنن، ئەخوێنن، دەیانخوێند، ئەیانخوێند.

مەوانوو: دەخوێنم، ئەخوێنم.

مەوەردی: دەتبرد.

مەوج: شەپۆل.

مەودا: (١) نووکی تیخ، تیژی. (٢) نێوان.

مەوزی: دەخەی، دەهاوێژی.

مەوشارۆ: گوشاری ئەدا.

مەوکوول: بە یەکتریان سپارد، بە یەکەوە بەستراون، پێکەوە گرێدراون، بێ یەك هەڵنەکردن، وە دواخستن، خستنە دواوە، سپاردن، پێ سپاردن، خستنە ئەستۆ.

مەوینووت: دەتبینم، ئەتبینم.

مەینۆشان: کۆی وشەی (مەینۆش)ە، مەیخۆر.

مەئنووس: هاودەم، ئۆگر، هۆگر.

مەیر: مەیل.

مەیۆ: دەبێ، ئەبێ.

مەئیووس: دلّ رِەنجاو، نائومێد.

مروەت: ویژدان، پیاوەتی.

موشتاقی: ئارەزوویی.

منقار: نووك، دەنووك، دەندووك.

مێهتەران: گەورەکان.

موافێق: هاوڕا، ڕازی.

موبارەك بادی: موبارەك کردن، پیرۆزبایی کردن.

مۆبەت: ئەڤین، مەحەببەت، خۆشەویستی.

موبەددەڵ: گۆڕاو، تێکچوو.

موبەڕڕا: بەری، دوور، پاك.

موتەڵلا: شتێك کە زێڕی تێ تەنرابێ، شتێك کە لەگەڵ ئاڵتووندا تێکەڵ کرابێت.

موتڵەق: ئازاد، سەربەست.

موحتاج: پێویستی، شت ویستن.

موحەڕیك: جوولێنەر.

موخاتەب: بەردەنگ، بەرامبەر.

موخلێس: ڕاستگۆ، دڵسۆز.

موداوا: دەرمانکردن، چارەسەرکردن.

موددەت: ماوە، کات، وەخت.

مدرا: ڕاوەستا.

موژان: کورتکراوە وشەی موژگانە، برژانگ، مووی چاو، موژگان.

موژدەگانی: موژدە وەرگرتن، وەرگرتنی مژدە.

مورەسەع: گەوهەرنشان.

موسەتەح: ڕاکەوتوو، پان کراوە، ساف و ئاوەلا.

موستەعار: خواستراو، ناشیاو.

موستەعجەل: بە خێرایی، بە پەلە، بە زوویی.

موشتاق: ئارەزوو، ئارەزوومەند، پرشەوق، تامەزرۆ.

موشك: پارچە خوێنێکی وشك هەڵگەڕاوە لە ژێر پێستی سکدا یان لەناو پێستی نزیك بـە نـاوکی ئاسکی (خەتا)دا، گەلێك بۆنی خۆشی لێ دروست دەکرێت.

مشکی: ڕەش، سیا.

موعالەجە: پێداچوونەوە، تاوتوێکردن.

موعاوەدەت: گەڕانەوە، هاتنەوە.

موعەتتەڵ: بێ ئیش، بێ کار، پەککەوتوو.

موعەززەم: پیرۆز و موبارەك، پیرۆز.

موغار: ئەشکەوت.

موغەیلان: درەختێکی دڕکاویی بچووکە لە عەرەبستان دەڕوێ.

موفلیس: سواڵکەر، فەقیر، گەدا.

موقەوا: مقەبا، کارتۆن.

موکافات: کۆی وشەی (موکاف)ی عەرەبییە، سزا و پاداشت بە چاك یا خراپ.

موڵ: (١) شەراب، بادە. (٢) هاوچەشنەکانی گوڵ، ئەو شتانەی لە توخمی گوڵن.

مولتەزم: (١) پابەند، (٢) هاوکات.

موناجات: موناجات کردن، دوعاکردن، لالآنەوە، نزا و پاڕینەوە بە هێواشی.

مونتەزیر: چاوەڕوان.

مونتەشیر: بڵاوکردنەوە.

مونتەفێك: ناوی یەکێك لە هۆزەکانە.

مونزیر: ترس وە بەرنەر، ترسێنەر، تۆقێنەر، دەکرێت نازناوی یەکێك لە هۆزەکانیش بێت.

مونیر: ڕووناك، ڕۆشن.

موهر: (١) مۆر، دەمغە. (٢) جواند، جانوو.

موهرە: ئەسپ، گازەرا، مۆروو.

موهێم: گرنگ، بە نرخ.

مووشکاف: موو قەڵێش، باریك بین، کینایەشە لە شتێك کە تیژ و زوو بڕ بێت وەکو دەمی شمـشێر و تێخ و چەقۆ.

مـوونیس: هاودەم، هاوڕاز.

مـوئەددەب: بە ئەدەب، خاوەن ڕێز و شکۆ و بەڕێز.

مـوئەللیف: دانەر، نووسەر.

میان: نێوان.

مێحنەتکێش: مەینەتکێش، خەم و خەفەتکێش.

میساق: پەیمان، بڕیار، بەڵێن.

مێسال: نموونە.

مێش: مێ، مەڕ، پەز، مەها.

میغ: هەوری باراناوی، هەورێك باران لەگەڵ خۆیدا بێنێت.

میناکار: شووشەبەند.

مێنقاڕ: دەنووکی مەل، دندوکی مەل.

مێهتەرخانان: مەیتەرخانە، شوێنی خزمەتکردنی ئەسپ.

مێهر: (١) مانگ. (٢) خۆشەویستی، خۆشەویست.

مێهرییە: مارەیی.

مێهمانی: مێوانی، میوانی.

مێو: دارمێو.

ن

ناخوون: نووخان، نینۆك.

ناخوونگیر: ناخوونبڕ، نینۆکبڕ، ناخوێنبڕ.

نار: ئاگر، ئایر، ئاور.

نارەوەن: دارێکی بێ بەرە و بە قەدی ڕەش، لك و پۆی جوان، چێوی ڕەق و پتەو، گەڵای ددانەی چڕ و گوڵی نێر و مێیەوە ناسراوە.

نازپەروەر: بە ناز پەروەردە کراو.

ناستن: نەیانهێشت، نەیانهێلا.

ناسۆر: سەرهەڵدانەوەی زام، تازەبوونەوەی خەم و ئازار و زام.

ناشەکیبی: بێقەراری، نائارامی.

ناف: ناوك، ناوکە.

نافە: کیسەیەکی بچووکە لە ژێر پێستی سکی ئاسکی نێرەی خووتەندا، کونێکی بچووکی تێدایە ماکێکی قاوەییی ڕەنگی لێ دەڕژێت و پێی دەڵێن: موشك، زۆر بۆنخۆشە و لە دروستکردنی عەتردا بەکار دەبرێت.

ناقە: وشتری مێ، حوشتری مێینە.

نام: ناو.

ناما: نەهات.

نامووس: ئابڕوو.

نامییە: ناودار، بەناوبانگ.

ناهاڵان: نائەهلان، ناحاڵان، کەسانی ناڕاست و ناحەز.

ناوەردش: نەیهێنا، نەی هاورد.

ناوەری: نەیهێنی.

نائێب: جێگر، نوێنەر، بریکار.

نەبز: لێدانی ڕەگ، لێدانی دەمار.

نەتاوا: نەیتوانی.

نەتیجە: ئەنجام.

نەجد: زەوی بەرز.

نەجدیان: ئەوانەی لە نەجد ئەژین.

نەخڵ: دارخورما.

نەخڵستان: باخی خورما، باخی دارخورما.

نەدامەت: پەشیمانی.

نەدیام: نەم بینایە، نەم دیتایە.

نەدیمان: کۆی وشەی (نەدیم)ە، واتە: هاونشین لەگەڵ پیاوی گەورەدا، هاودەم، هاوقسە، دانیشتن لەگەڵ پیاوی گەورە، هاودەمان، هاوقسان.

نەژاد: ڕەچەڵەك، بنچینە، ڕەگ و ڕیشەی مرۆڤ.

نەژد: زەوی بەرز.

نەرد: یارییەك کە بە تەختە و مۆرە دەکرێت.

نەزارە: تەماشا، نیگا، دیتن، ڕوانین، بینین.

نەزاکەت: گفت و لفت خۆشی، ڕەچاوکردنی ئەدەب لەکاتی قسەکردندا.

نەزەر: تەماشا، دیتن، بینین.

نەزع: گیان کێشان، گیان سەندن، سەرەمەرگ.

نەزم: هۆنراوە.

نەسایح: کۆی وشەی (نصحت) عەرەبییە، ئامۆژگارییەکان.

نەسەب: ڕەگ و ڕەچەڵەك.

نەسر: پەخشان.

نەسیحەت: ئامۆژگاری.

نەشنەوا: نەیبیست، گوێی لێ نەبوو، گوێی پێوە نەبوو.

نەشنەوای: نەتبیست، گوێت لێ نەبوو.

نەشۆ: نەچێت، نەڕوات.

نەشی: نەچوو، نەڕۆیشت.

نەعیق غوڕاب: قیڕەی قاڵاو، قاڕەقاڕی قەلەڕەش.

نەغمە: ئاواز، سروود، گۆرانی.

نەفامۆ: نەفامێت، حاڵی نەبێت، تێنەگەیەت.

نفرین: نەفرەت کردن.

نەقاب: نیقاب، دەمامك، ڕووپۆش.

نەقڵ: (١) گوتار، قسەوباس، ڕاوێژ خۆش. (٢) گواستنەوە، گواستییەوە.

نەنازۆ: نەنازێ.

نەهادە: دانراو.

نەهاڵ: کاڵ، تازە پێگەیشتوو، نەوبەرە.

نەهیب: ترس، باك.

نەواح: کۆی وشەی (نوح)ەی عەرەبییە، زاری و شیوەن، گریان و هاتوهاوار، سەر و مۆر، لۆرەلـۆر، گریان و پێداهەڵگوتن.

نەواحی: ناوچە، دەوروبەر.

نەواخوان: گورانی بێژ، ئاواز خوێن.

نەوارده: نەخواردوو.

نەوجاه: لەو جێگا، لە ئەو جێگا.

نەوحە: گریان و شیوەن بە دەنگی بەرز.

نەوخێز: تازە لاو، تازە پێگەیشتوو، نەونەمام.

نەورەس: تازە پێگەیشتوو.

نەوهالاَن: کۆی وشەی (نەوهاڵ)ە، کچانی تازە پێگەیشتوو، تازە پێگەیشتووان.

نەوینووم: نەبینم.

نزارەگاه: جێگای تەماشا، جێی تەماشا.

نسف: نیوە، نیمە.

نگوونسار: سەرنخوون، سەرنگووم، سەرەوژێر.

نما: ڕووکار، دەمکار، نوێن، نوێژ.

نماز: نوێژ.

نمەبۆ: نابێ.

نمەدەوم: نایدەم.

نمین: نمناك، تەڕ.

نۆتاق مینا: مەبەست لە ئاسمانە، ئاسمانەکان.

نۆش باد: نۆشی گیان بوون.

نۆشی: خواردی، خواردییەوە.

نوقرە: ئاڵتوون.

نوکتەپەزیر: قسە پەسەندکراو.

نویسا: نووسی.

نویسەندەگان: نووسەرەکان.

نیا: خستییە، دانا، داینا.

نیایان: خستیانە، نایانە.

نیروو: سەرباز، هێز.

نێزاع: شەڕ، ناکۆکی.

نێسبەت: (١) پەیوەندی. (٢) لەبارەی، دەربارەی، (٣) لە چاو ئەوەدا.

نێش: ئازار.

نەشات: چالاکی، شادی.

نیشتەن: چەقیوە، نیشتووە، دانیشتن.

نگەهدار: پارێزەر.

نێکاح: شووکردن، پەیمانی هاوسەرێتی.

نیکنام: ناوچاك، ناوی چاك.

نیلووفەڕ: لوولەپەڕ، پەڕپەڕەك، گیایەکی ئاڵفییە، گوڵی زەرد و سپی و لینجاوێکی زۆری هەیە و بۆ دەرمانیش بەکار دەبرێت.

ه

هامبەستەر: هاوجێ، هاوجێگا، هاوشوێن، خەوتنی دوو کەس لە یەك جێگادا.

هامڕاه: هاوڕا، هاوڕێگا، هاوسەفەر.

هامسادە: هاوسایە، هاوسێ، دراوسێ، دەراوسێ، هامسێ.

هاموەزن: هاوکێش، بەرانبەر، بەرامبەر، هاوسەنگ.

هاوشکڵ: هاوشێوە.

هەتیتە: پارچە پۆڵایەکی کون کونە زەڕەنگەرەکان تاڵە زێڕی پێ دەگوشن و ڕاستی دەکەنەوە.

هەدایا: دیاری.

هەردان: کۆی وشەی (هەرد)ە، کەژ، عەرد، زەمین، شاخی سەخت و پڕ بەرد، هەرتك.

هەردە: دەشتی، دەشتەکی، شێت.

هەم: هەم و خەم، خەم و دەرد و ئەندێشە.

هەنی: (١) دیکە، تر. (٢) مەبەست لەو دنیایە.

هەوارگە: نشینگە، زێد، زامەن، بۆرت.

هەوارنشینان: ئەوانەی لەناو خێمە و هەواردا نیشتەجێبوون.

هۆرێزا: هەستا، هەڵسا.

هۆرێزە: هەستە، فەرمانکردن بە هەستان.

هۆرێزۆ: هەستێ.

هومایوون: پیرۆز، موبارەك.

هوودەج: کەژاوە.

هوویدا: ئاشکرا.

هێجران: دووری، دوور کەوتنەوە.

هێممەتخاهی: داوای جوامێری و پیاوەتی کردن.

و

وات وات: وتی وتی.

واتە: قسە، وتە.

واتی: وتی، گوتی.

واج: خاوەن پەیام، پەیام، بەخش، پەیامبەر.

واجب: پێویست، ئەوەی بەجێهێنانی پێویستە و وازلێهێنانی گوناھ و سزای بە دواوە دێت.

واژگوون: ئاوەژوو، هەڵگەڕاوە.

واردش: خواردی.

واریان: باریوە.

واز: باز، کردنەوە.

واچان: بڵێن.

واچە: بڵێ.

واچووم: بیڵێم، بڵێم.

والآتەر: بڵندتر.

والیّدە: دایك ، دایە.

وانا: خوێندی.

وانان: خوێندی.

وەجد: شەوق، کەیف و خۆشی.

وەجیهەن: جوانە ، لەبارە ، بەجێیە.

وەحشی: دڕندە ، ئاژەڵی دڕندە.

وەرد: خوارد.

وەرنە: ئەگەر نە ، ئەگەر نا.

وەرین: کۆن، پێشوو، بەر لە ئێستا.

وەزع: بارودۆخ.

وەزیع: (١) ساف و سایەق. (٢) پەست، دوون، خراپ، ناکەس.

وەسەن: بەسە ، وازبێنە.

وەسڵ: گەیشتن بە یەك، پێکگەیشتن، پویەندی.

وەش ئامای: بەخێرهاتی، بەخێربێی.

وەشی: خۆشی.

وەلەد: کوڕ.

وەلحاسڵ: بە هەرحاڵ.

وەڵگ: گەڵا.

وەڵگە: ناوچە ، مەڵبەند ، ناوان.

وەنەش: لێی.

وەند: خوێندی.

وەی تەور: بەم جۆرە ، بەم شێوە.

وحووش: کۆی وشەی (وحش)ی عەرەبییە ، دڕندەکان، گیاندارانی کێوی، گیانداری ڕەندەی کێوی.

وردیتەر: منداڵتر، وردتر، بچکۆلەتر، چکۆلەتر.

ورووود: گەڕانەوە، چوونە دەرەوە.

وزەرا: کۆی وشەی (وزیر)ی عەرەبییە، کاربەدەست.

وست: خست، خستی.

وسمە: وسمە، خەنە، گیایەکی ڕەنگییە ژنان دەست و پیێ و سەری پیێ ڕەنگ دەکەن.

ویاران: تێپەڕی کردووە.

وێت: خۆت.

ویجدان: ویژدان.

وێداع: ماڵئاوایی.

وێداعنامە: ماڵئاوایی نامە، خواحافیزی نامە.

وێر: بیر، فیکر، هزر.

وێرەگە: ئێوارە.

وێساڵ: پێوەندی، پەیوەندی.

وێش: خۆی.

وێشان: خۆیان.

ویاراش: بواردی.

ی

دیابۆ: لێی ڕوانیبێت.

یاتاخ: جێ، جێگا، نوێن، پێخەف.

یاس: دارسووژن، یاسەزەرد، دارێکی لق هەڵچووی گەڵا خڕی نووك تیــژ و گــوڵێکی زەرد یــا ســپی بۆنخۆشی هەیە و دەری دەکات.

یاسا: (١) فەرمان، بڕیار. (٢) یاسا، شێوەی خوێندنەوەی قورئان.

یاگە: جێگە، شوێن.

یاقووت بێز: یاقووت لە بەر چاو خەر .

یاقووت: بەردێکی بە نرخە و زۆربەی هەرە زۆری بە ڕەنگی سووری گەشە.

یانە: خانوو، ماڵ.

یاوا: گەیشت.

یاوەر: هاوکار، هاوڕا، پشتوپەنا، پاڵپشت.

یاونا: گەیاندی.

یاوژ: بگات.

یەخبەند: سەهۆڵبەند.

یەشم: (١) شەوە. (٢) بەردێکی بەنرخە بە ڕەنگی سەوزی تۆخ، واتە سەوزی ئاماڵ ڕەش.

یەغما: تالآن، بە تالآن بردن.

یەك نەواخت: وەکو یەك، وەك یەك، هاوچەشن، هاوشێوە.

یەگانا: لە وشەی (یەگانە)ەوە وەرگیراوە، واتە: بێ هاوتا، تەنها، تەنیا، بێ وێنە، مەبەست لە خودای گەورەیە.

یەڵغار: هێرش، بە توندی تێپەڕین، بێ ڕاوەستان بەڕێدا چوون، تاودان.

یووزان: کۆی وشەی (یووز)ە، جۆرێك گیانلەبەرە لە شێوەی پڵنگ و لە پڵنگ بچووکترە و زوو دەستەمۆ دەبێت و بۆ شکارکردن کەڵکی لێ وەردەگیرێت.

ئی: ئەمە، ئەم، هێمایە بۆ نزیك.

وێنەی دەستنووسەکان

(هوالعزیز)

(منظومهٔ کردی)

موسوم

به لیلی و مجنون تألیف شده روان

فاضل شهیر عالم و شاعر متبحر مرحوم

خانای قبادی که پس از سرودن خسرو

١١٥٤

وشیرین در سال یکهزار و یکصد و پنجاه و چهار

سروده است چنان معلوم است که تمام خمسه

نظامی گنجوی را بکردی ترجمه نموده است رحمه الله

له ولجمیع العلماء امین برحمتک یا ارحم

الراحمین وصلی الله علی سیدنا

محمد و آله وصحبه

وسلم

وێنەی پەڕەی یەکەمی داستانی لەیلێ و مەجنوونی خانای قوبادی، نوسخەی ڕێکخراوی بنکەی ژین، کە کاک غەففار کاری لەسەر کردووە

و بە بسم الله الرحمن الرحیم نستعین

بنام او کس بە کن فیکون … عالمش جە کتم عدم کرد بیرون

محض خاطران سید الکونین … محمد فاتح خیبر و حنین

حمد و ثنا و شکر پی او ذات پاک … هم صلوات لە سرتاش لولاک

ار توفیق درو بنیای بهترین … چە دمای مکتوب خسرو و شیرین

عجب ترجە سر سحر ساری … واچوم وصف عشق قیس عامری

یا نیهای مجنون مفتون لیلی … دیری دیوانەی دشت کرد چلی

و یلی و مردمی چەش دیو سرور … اسرارش جنی و حوش و طیور

عشق مجازی بعداً حقیقی … واچوم جە تاریخ جە روی دقیقی

بوانە حکیم دانای نظامی … گنجوی الیاس بن یوسف نامی

شاعری شریف شفیعی و ستور … ار پرسو تاریخ ای نامە مسطور

غ و ق و ن دال ابجدی … حساب کرو حرف و نیە محمدی

هزار و یکصد پنجا و چوار ن … روشن ترجە سوی شعلەی وهار ن

جە هجرت خاص شای خیرالانام … و روضەی او بو صلوات و سلام

عبرت بو پری ابنای روزگار … وانەی قبادیش مانو یادگار

خانا هم جە سر خانا هم جە سر … نگهدارت بو خداوند جە سر

پشت و پنات بو دنیای داور … لطفش جنی تو دایم بیاو ور

قوم سپرد بذات شای شاهان جبر … و دست گیرت بو دایم پیغمبر

سەرەتای داستانەکە

خانای قبادی ص ۹۳

هرکسی ماما غریب و رنجور   رنج و غم هجر جدا و مهجور

تی و بێ مراد نمشی و بس   بلطف بیچون پادشای اقدس ۱۶۲۰

جنت وار واح عاشق لاحق   با صفا و وفا مروت شفق

ئەوان شین شون راگه روزگار   شیوهٔ عشق لیشان منده یادگار

اشعار خانا یشێ یادگاری   مانو پێ یاران چند روزگاری

بنام خدا و احمد مختار   خامه بکر خشک ختم کر گفتار

حمد و ثنا و شکر بی ذات علام   بری محمد صلوات و سلام

تاریخ وفات قیس عامری   سال شش و هفت هجری قمری ۱۶۴۶

هفتصد و ده سال میلاد مسیح   وانه مورخهٔ بغدادی فصیح

هزار و ششصد چند و چوار بیتن   پێ دوستان بنوخانه پێ کیتن

صد هزار صلوات خاتمه کلام   بروضهٔ رسول علیه السلام

تمام شد نوشتن و نسخه گیری لیلی و مجنون بزبان کردی اورامی

ترجمه و تالیف شاعر شهیر و نامدار کرد مرحوم خانای قبادی

رحمة الله علیه و نور الله روحه و اسکنه الله فی بحبوحة

جنانه در روز شنبه ۱۲ دوازده هم فروردین سنهٔ ۱۲۵۴ شمسی

برابر با جمعه ۹ هم ربیع الاول سنهٔ ۱۲۹۵ قمری بدست

فقیر عاصی عبدالرحمن شیخ عباسی در قریهٔ

قارحویه شهرستان سنندج وصلی الله علی

سیدنا محمد و آله وصحبه

وسلم

وێنەی پەڕەی کۆتایی داستانەکەی خانای قوبادی

وێنەی سەرەتای داستانەکەی خانای قوبادی کە لە لای مامۆستا موحەممەد ڕەشیدی ئەمینی پاوەییە و وێنەمان گرتووەتەوە

ISBN:978-600-96710-0-7